# زامەکانی ئەنفال قووڵن و بەئاسانی ساڕێژ نابن



ئارام ئەحمەد محەمەد

وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

لەدوای شەڕی دووەمی جیهانەوە پرۆسەی جینۆساید دژ بەگەلی کوردستان، یەکێکە لەگەورەترین ئەو تاوانانەی کە دژی نەتەوەی کورد، هەروەها دژی مرۆڤایەتی ئەنجامدراوە. ئەم پرۆسەی جینۆسایدەش کە چەندین شێوازی جیاوازی قڕکردن وکۆمەڵکوژی و دەرکردن و کیمیاباران و راگواستن و بێ سەروشوێنکردنی لە خۆی گرتووەو، لەپرۆسەی بەدناوی ئەنفالدا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی هەموو رەفتارێکی دڕندانە و فاشیانە دژ بە گەلی کوردستان و دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجامبدرێت و لە ناو تاوانیکی گەورەدا، چەندین جۆری تاوانی دیکەی تاقی کراوەتەوە، کە هەندێکیان دەرکەوتوون و ئەوانی دیکەش پێویستە ئاشکرابکرێن.

بەپێی پەیماننامەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەساڵی ١٩٤٨ دەرچووە و تیایدا هاتووە، پێناسەی جینۆساید بریتییە لە مەبەستی لەناوبردنی، گشت یان بەشێکی، نەتەوەیەک یان ئاییینێك یان رەگەزێک، بۆ ئەمەش چەند پێوەرێك دانراوە وەك کۆمەڵکوژی،خستنەوەی ئازاری گیانی یان جەستەیی قورس،، لە ژینگەیەکی خراپی وادابنرێن کە تیایدا بمرن یان تووشی نەخۆشیی قورس یان کەم ئەندامیی ببن، یان تووشی نەزۆکی و وەستانی زاوزێ بکرێن، یان منداڵەکانیان بە زۆرداری بگوازرێنەوە بۆ ناو خەڵکێکی دیکە. بەو پێیە، رێوشوێنی دیکەش هەیە کە رژێمە فاشییەکانی هاوشێوەی بەعس دەیگرنە بەر بۆ نەمان یان سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیەك، وەك دوورخستنەوەی ئەندامانی بەکۆمەڵی نەتەوەیەکە بۆ ناو ژینگەیەك بۆ ئەوەی ناسنامەی نەتەوەییان بسڕێتەوە، یان رێگەی دیکە پیادەکراوە بۆ جیاکردنەوەی رەگەزی نێر و مێ لە یەکتری بۆ ئەوەی زاوزێ نەمێنێ نموونەش لەمبارەوە زیندانەکانی نوگرەسەلمانە تا تۆپزاوە کە ئەم رەفتارە دژە مرڤایەتییەی لێ پیادەکراوە، یان بەکارهێنانی چەکی ژەهراوییە وەك کیمابارانکردنی کوردستان بۆ ئەوەی کۆمەڵکوژیی نەتەوەیەك بکەن و ئەوانەشی کە لەو کۆمەڵکوژییە دەردەچن، کەمئەندام بن یان دووچاری نەزۆکی بن. رەفتارێکی دیکەی نامۆی جینۆساید، ئەو رەفتارە دڕندانەیەی رژێمی پێشووی بەعسە کە دژ بە ژنان و کچانی هەرزەکاری کورد ئەنجامیداوە، ئەم تاوانە زۆر لایەنی یاسایی و کۆمەڵایەتی لەخۆی دەگرێت، دەیسەلمێنێت کە پرۆسەی بە جینۆسایدکردنی دژ بە گەلی کوردستان، پرۆسەیەکی سیستماتیکی بەرنامە بۆداڕێژراو بووە بۆ ئەوەی ناسنامەی نەتەوەی کورد و گەلی کوردستان بسڕێتەوە.

بۆیە لەم چوارچێوەیەدا چەند بگەڕێینەوە بۆ ناو ئەومێژووە پڕ لەناسۆرە، تاوانی دڕندانە و قێزەون دژ بە مرۆڤایەتی دەبینینەوە، چەند گۆڕی بەکۆمەڵ هەڵدەدەینەوە، هێندەی دیکە مەمکەشووشەی منداڵان و جل و بەرگی ئەو دایك و خوشکانە دەدۆزینەوە کە خۆیان و منداڵەکانیان لەگەڵ براو هاوسەر و کەسەکانیان زیندە بەچاڵ کراون. کە دەگەڕێینەوە بۆ زامەکانی کیمیاباران، بێجگە لەوەی بە هەزاران قوربانی

لە گۆڕستانەکان نێژراون، لەهەمانکاتدا بەدەیان و سەدان بەرکەوتووی ئەو چەکە ژەهراوییە دەبینینەوە کە دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ٢٥ ساڵ بەسەر ئەو تاوانە گەورەیە، هێشتا کاریگەریی ئەو چەکە ژەهراوییە لەسەر جەستەیان ماوەو ژیانی لێ تاڵکردوون و کەمئەندامی کردوون، ئەمە جگە لەوەی کەسانیکی دووچاری نەزۆکی و چەرمەسەری کردووە.

هەڵدانەوەی ئەم مێژووە بۆ هەرتاکێکی کوردستان، دووبارە کولانەوەی ئەو زامەیە کە زۆر زەحمەتە سارێژ بێت. هەڵدانەوەی ئەم مێژووە، خوێندنەوەی ئەو تاوانە نامرۆڤانەیە، سنووری هەموو ئەو رەفتارە نامرۆڤانانەی بەزاندووە کە زانستی سیاسەت و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان بۆ پێناسەی جینۆساید دیاری کردوون. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو تاوانی جینۆسایدەی دژ بەگەلی ئێمە ئەنجامدراوە لە زۆر لایەنەوە سنووری رەفتاری ئەو فاشیانەی تێپەڕاندووە کە جینۆسایدیان دژ بەگەلانی دیکە لە سەدەی بیستەمدا ئەنجامداوە.

لەم چوارچێوەیەدا و لەکاتێکدا یادی ٣٠ ساڵەی ئەنفالکردنی ٨٠٠٠ بارزانی بێ تاوان دەکەینەوە، لەهەمان کاتدا وەك هەموو لایەك دەیزانین، دووبارە دەنگ و باسی گەرمی ئەو ١٨ کچە کوردەیە کە لە پرۆسەکانی ئەنفالدا،بە پێی نوسراوێکی مدیریەتی موخابەراتی کەرکوك لە ساڵی ١٩٨٩دا، حکومەتی بەعس رەوانەی یانەکانی شەوانەی میسری کردوون. نووسراوەکە کاتی خۆی دراوە بە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق و، لە لایەن چەندین لایەن و خەڵکانی دڵسۆز کار بۆ بەدواداچونی کراوە لە میسر و شوێنانی دیکە، بەڵام هەر بە ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە ماوەتەوە. جگە لەوە باسوخواسی ناردنی کچانی کورد بۆ وڵاتانی تریش لە ئارادایە یان لە ناو عێراقیشدا بە شێوەی جیاجیا رەفتاریان لە گەڵدا کراوە. دووبارە باسکردنەوەی ئەم پرسانە، بۆتە مایەی نیگەرانییەکی زۆری کەسوکاری ئەو ئەنفالکراوانە و گەلەکەشمان، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە پێویستی دەزانێت بە دواداچونی تەواوی بۆ بکات بۆ گەیشتن بە راستی تا دڵی کەسوکاریان ئاسوودە بێت و یەک لابنەوە و چیتر بە دڵەڕاوکێوە نەژین. هەروەها بۆ دەرخستنی زیاتری لایەنەکانی ئەو تاوانانە و کارکردن لە سەر پێویستی و مافە یاسایی و ماددیەکانیان بۆ کەسوکاری ئەو ئەنفالکراونە.

ئەم پرسە لەمانگی رەمەزانی رابردوو، پاش ئەوەی زنجیرە درامای (نیران صدیقة)ی میسری پێشکەشکراو تیایدا باس لە رووداوێکی لەم شێوەیە دەکات،دیسانەوە برینەکەی کولاندنەوە و پرسەکەی گەورەتر کردەوە. بێگومان پرسێکی گەورەی لەم جۆرە و تاوانێکی گەورەی دژە مرۆڤایەتی بەم ئاستە، پێویستی بە ساخکردنەوە هەیە، بە تایبەتیش بۆ کەسوکاری ئەو کچانەی کە هەموو رۆژێك ئازارەکانیان دووبارە نوێ دەبێتەوە، هەروەها ئەم مەسەلەیە پرسێکی گەورەی نیشتمانییە سەبارەت بەو جینۆسایدەی دژی گەلەکەمان ئەنجامدراوە، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم مەسەلەیە زۆر بەگرنگ دەزانێت و بەدواداچوونی جددی لەسەر دەکات. ئێمە سەرەتا وەك وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکروان بە یاوەری کەسوکاری ئەو کچانە سەردانی کونسوڵخانەی میسرمان لەهەولێر کردو بە بە فەرمی و یاداشت داوامان لێکردن بۆ ئەوەی هاریکاریمان بکەن بۆ ئەوەی ئەم پرسە ساخبکەینەوە، بەڵام هەوڵەکان گەورەتر و زیاتر بوون دوای ئەوەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت خۆی زۆر بەجدی و بەشەخسی هاتە ناو ئەم پرسە و، بڕیاری دا کە لیژنەیەکی باڵا پێکبێت و هەموو پشتیوانییەکی دەربڕی بۆ ئەوەی ئەو لیژنەیە بەدواداچوونی جددی بکات و بگاتە ئاکامێکی راست.

ئەو تاوانی جینۆسایدەی دژ بەگەلی ئێمە ئەنجامدراوە لە زۆر لایەنەوە سنووری رەفتاری ئەو فاشیانەی تێپەڕاندووە کە جینۆسایدیان دژ بەگەلانی دیکە لە سەدەی بیستەمدا ئەنجامداوە

بۆ ئەم مەبەستەش ئەم لیژنە باڵایە لەسەر چەندین ئاست بەدواداچوون بۆ ئەم پرسە دەکات و سەرۆکی ئەم لیژنەیە کە بەڕێز مەلا یاسینە و خۆی شارەزایە و لەمیسرەو و پێشتریش بە پەرۆشییەوە بەدواداچوونی بۆ ئەم پرسە کردووە، هەروەها بەڕێوەبەرێکی گشتی و یاساناسێك لەوەزارەتی کاروباری شەهیدان و نوێنەرانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و نوێنەری کەسوکاری کچە ئەنفالکراوەکانیش ئەندامانی ئەم لیژنەیەن. بۆ سەرکەوتنی کارەکانی ئەم لیژنەیەش بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بڕیاری تەرخانکردنی هەموو ئیمکانیەت و پشتیوانیەکی داوەو تا ئەم مەسەلەیە بەتەواوەتی یەکلایی بکریتەوە.

ئەوەی لە کۆتایی ئەم دێرانە گرنگە ئاماژەی پێبکەم، ئەوەیە کە پرسی جینۆساید رەفتارێکی دڕندانەیە پێش ئەوەی دژی نەتەوەیەك ئەنجامدرابێت، دژی سەرجەم مرۆڤایەتی ئەنجامدراوە و تێکرای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرپرسیارە کە لەسەری بێتە دەنگ و تاوانبارانی راستەقینە دەستنیشانبکرێن و چارەنووسی قوربانییەکان ئاشکرا بکرێن و مافەکانیان دابین بکرێت.

هەوڵەکان گەورەتر و زیاتر بوون دوای ئەوەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت خۆی زۆر بەجدی و بەشەخسی هاتە ناو ئەم پرسە و، بڕیاری دا کە لیژنەیەکی باڵا پێکبێت و هەموو پشتیوانییەکی دەربڕی بۆ ئەوەی ئەو لیژنەیە بەدواداچوونی جددی بکات و بگاتە ئاکامێکی راست

لەم پرسەشدا، کە ئەلقەیەکی دیکەی تاوانە بەدناوەکانی ئەنفالە، ئێمە وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگشتی و وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان بەتایبەتی، لەزامی قووڵی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان تێدەگەین و دەزانین کەسوکاری ئەنفالکراوەکان ماوەی زیاتر لە ٢٥ ساڵە چاوەڕێی ئەوەن کە چارەنووسی کەسوکارەکانیان بزانن، جا ئەو چارەنووسە هەرچییەك بێت، بۆیە بۆ کەسوکاری ئەم کچانەش کە ماوەیەکی زۆرە بێسەروشوێن و بێ هەواڵن، زۆر گرنگە کەسوکاریان لە چارەنووسیان دڵنیا بن و بزانن چارەنووسی کچە ئەنفالکراوەکانیان چییە، بۆیە ئێمە هەموو رێگەیەکی پێویست دەگرینە بەر بۆ ئەوەی چارەنووسیان ئاشکرا بکەین و ئەم پرسە بەتەواوەتی یەکلایی بکرێتەوە، تا تاوانێکی دیکەی جینۆساید دژ بە گەلی کوردستان ئاشکرا بێت و کار لەسەر ئەنجامە سیاسی و یاسایی و ماددی و کۆمەڵایەتییەکانی بکرێت و دەروونی کەسوکاری قوربانیان ئاسوودە بکرێت.

# فەلسەفەی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بە کردەییکردنی

دکتۆر محەمەد شەریف*


تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

ئاسان نییە لە تەنیا وتارێکدا یان لە کرۆکی توێژینەوەیەکدا یان لە دوتوێی کتێبێکدا لە چییەتی گەلی کوردی زوڵملێکراو تێبگەین، ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە لە مێژووی کۆن و هاوچەرخی یان لە دوورو نزیکی ئەم نەتەوەیەدا، چەندین چیرۆکی دڵتەزێن و تراژیدیای تۆقێنەر و گڕکانی وێرانکار هەن، ئەگەر گیانفیدایی کورد و قوربانیدانەکانی لە پێناوی بوون و کەرامەتی مرۆیی نەبوایە، یان وەك چۆن هۆگربوونی داری بەڕوو بە ڕەگەکانیەوە ئەگەر هۆگرایەتی خەڵکەکەی بە کوردستانیەتەکەیان نەبوایە، ئەوا لەوانەبوو ئۆرگان و کیانی نەتەوایەتی لەناو بچوایە، خۆ لەم بارودۆخە تراژیدیایەی بەسەر کوردا هاتووە لە مێژوودا شتێك لەوە کەمتر بەسەر زۆر نەتەوەی تردا هاتووە، بەڵام بەرگەیان نەگرتووەو پەرش و بڵاو بوونەتەوە یان لەناو جەستە و بونیادی زاڵدەستانی بێگانەدا توێنراونەتەوە، تەنانەت بەسەر نەخشەی جیهانەوە سڕدراونەتەوە، ئەوەشی بە ناوی ئەنفالێکی وەحشیگەرانەو بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی سووتێنەرەوە، لەم دواییانەدا بەسەر نەتەوەی کوردا هێنراوە، هەندێك لەم مەرگەساتانە بە دەنگ و ڕەنگەوەو بەبەرچاوی جیهانەوە ڕوویانداوە، وێڕای وەحشەتگەری تاوانەکانیش، کەچی هەر ویستی پۆڵاینی گەلی کوردستان دانەڕماوە، واتە ئەم گەلە تەسلیم بە ویستی داگیرکارانی نەبووە..

لە سایکس بیکۆداو بە پێی سیاسەتی داگیرکاران، لەو کاتەیدا کە کوردستانیان دابەشکرد، لە لایەن بێگانەوە وا زەن دەکرا واڕسکی خۆشلکردن بۆ بەرژەوەندییە تایبەتیەکان و لاسایی کردنەوەی زاڵدەستەکان و ڕێگەی ئاسان بۆ دەسکەوت و غەنیمە وەك ئەوەی لە ئەنفالدا ئەنجام درا، هەموو ئەو تاوانانە گەلی کورد دوور دەخاتەوە لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆی، دووریان دەخاتەوە لە بیرۆکەی ئینتیمابوونیان بۆ نیشتمانێك کە هەموویان وەك یەك لە ئامێز بنێت، دووریان دەخاتەوە لەوەی هەستی هاوبەشیان تێدا بڕوێنێت، بێگانەکان وایان دەزانی بەو شێوەیە کەرامەتی کورد دەشکێنن و ناچاریان دەکەن بۆ واقیعە زاڵەکە سەر دابنەوێنن، یان دەیانتاوێننەوە وەك چۆن نەتەوەی تریان لە قەڵەمڕەوی زاڵدەستاندا توانۆتەوە، یان وەك چۆن زمانی زاڵدەستان و کەلتوورەکەیان لە بازاڕی کارو ڕۆشنبیریدا، دەرخواردی زمانی نەتەوەیی ژێردەستان دەدا تا لە باشترین حاڵدا زاڵدەست بوونی خۆیانی پێ بلەوەڕێنن..

خەیاڵیان بۆ ئەوە دەچوو بەو هەموو تاوانانەی پاکتاوکردنی ئیرادەی گەلێکی مەزنی وەك کورد، کوردێك کە لە مێژووی خۆرهەڵاتی ناوین حیسابی نەتەوەیەکی دێرینەی بۆ کراوەو زاڵدەستانی ناوچەکە بیریان بۆ ئەوە دەچوو لە پاش چەند ساڵێکی تر تاوانەکانی دەرهەق بە کوردیان ئەنجام داوە لە بیردەچنەوەو کوردیش دەستبەرداری مافە ڕەوا سیاسیەکانی خۆی دەبێت ئەویش لە بەرانبەر هەندێ متمانەی هاودەرفەتبوون و وەك یەکی و یەکسانبوون لەبەردەم یاسادا، بەڵام مکوڕبوونی ئیرادەی کورد لەسەر سەربەخۆیی و ئازادی، بەو هەموو قوربانیدانەوە شتێکی نامۆ نەبوو بەلای ئەرشیفی داگیرکارانیەوە، هەر مێژوونووسەکانی ئەوانی زاڵدەست ئەو ڕاستیەیان تۆمارکردووە کە کورد پێشەنگی ئەو گەلە ژێر دەستە عوسمانیانە بووە کە بزاوی ئازادیخوازی بەرپا کردووە، وەك ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر ئایا ئاوڕیان نەداوەتەوە لە بزووتنەوەکانی بەدرخانیەکان و شێخی نەهری، ئایا پەندیان وەرنەگرتووە لە شێخ عەبدولسەلامی بارزانی کە سێدارەی هەڵبژارد و پەتەکەی بە باشتر دانا لەوەی ملی بۆ ویستی داگیرکاران کەچ بکات وەك دەربڕینێك بۆ سووربوونی گەلی کورد لەسەر وەدەستهێنانی کەرامەت و ئازادی..

لە واقیعدا سایکس بیکۆ بە تەواوی شکستی خوارد لە تێکشکاندنی ئیرادەی نەتەوەیی کورددا، لە بری ئەوەی کورد کڕنوش بێنێ لە بەرانبەر بەرژەوەندی داگیرکارە بەهێزەکاندا وەك خەیاڵی خاوی زاڵدەستان وای بۆ دەچوو،



بەڵام ئەم ئیرادەیە لە خۆرهەڵات و خۆرئاواو باشوورو باکووری کوردستاندا ڕاپەڕی بە هەموو زاراوەکانیەوەو لە ڕێی شیعرو پەخشانەکانیەوە دژایەتی پرۆژەی داگیرکاری دەکردەوە، هەوڵی دەدا بگاتەوە بە کاروانی شارستانیانەی گەلانی ئازادیخواز، بانگەوازەکانی ئازادی لە ڕێی ئاڵاهەڵگرانی وەك مەلیك مەحموودی نەمر و قازی محەمەد و شێخ سەعید، هەموو ئەوانە لە کەناری نسکۆدا دەمانەوە بەهۆی دەست لە ناو دەستی دوژمنانی کوردەوە دواتر دەڤەری بارزان کە شێخ سەعید و شێخ ئەحمەدی خوڵقاند لووتکەیەکی سەربەرزی وەك مەلامستەفایان لە پاش خۆیان جێهێشت کە وەك قامەتێکی بڵند بەسەر پشتی ئەسپەکەیەوە دژ بە داگیرکاران ڕاوەستایەوە، بە دەنگی بڵندەوە هەموو دنیای بە خەبەر هێنایەوە لەوەی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست خێرو ئاشتی بە خۆیەوە نابینێت هەتا کورد مافەکانی لە نیشتمانی خۆی وەدەست نەهێنێت، بڵێسەی گڕێکی نەکوژاوەی لە ویژدانی کوردانی دوای خۆی و وەچەکانی داهاتووش جێهێشت کە تا ئەو کاتەی گەلی کورد نەگاتە کەناری ئارامی هەرئەو بڵێسەیە بە داگیرساوەی دەمێنێتەوە، نموونەکانیش زیندوون، لە باکووری کوردستانیشەوە پاڵەوانێکی تر لەدایك بوو تا مورەغەی ناو ئەو ئێسکانە بژێنێتەوە کە داگیرکاران وایان بۆ دەخواست بیپوکێننەوە، هەروەها چەندین لکی تریش لە خۆرئاواو خۆرهەڵاتەوە پێکگەیشتنەوە تا هەموویان لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی بڕژێنە ناو یەکترەوە..

ئەو کۆنگرە نەتەوەییەی کورد کە لەم ڕۆژانەدا ئامادەکاریی بۆ سازدانی دەکرێت لەهەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستاندا بنەچەی بیرۆکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خەونی ئەو ناودارانەی باسم کردن کە بەو ڕێگە سەختانەداو بە ناو دڕکدا ڕێیان کردووە، هەروەها بیرۆکەی ئەم کۆنگرەیە ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشمەرگانەی ڕۆحی خۆیان کردۆتە قوربانی تا کورد بگەیەنن بە ئومێدی نزیکبوونەوە لە ئازادی و کەرامەت..

دیالەکتیکی پێوەندی لە نێوان علەو مەعلول یان هۆو هۆبوون لە فەلسەفەی کۆن و هاوچەرخیشدا ڕووەو بەرژەوەندی لێکنەپچڕاو مل دەنێت، هەر کاتێك هۆ بە تەواوی وەربگیرێت هۆکار دەدۆزرێتەوە، وتەبێژانیش لە زانستی ئاخاوتنیاندا ئەمە ڕەت ناکەنەوە تا دەرئەنجامەکە نەبەستنەوە بە عادەتەوە یان بە خوڵقاندنەکانی خواوەندەوە، مادەمەکی ڕوکنەکان هەن، توخمەکانیش هاتونەتە پێشەوە،هەروەها مادامەکی ڕۆحی کورد حەز بە دیتنەوەی هەموو ئازیزانی دەکات و بە هیواوە چاوی لە جێهێشتنی تاراوگەیی و پەڕاگەندەیی و پاشاگەردانی و بێناسنامەییە و حەزی بە گەیشتنە بە کۆتایهێنان بە قۆناغی پاشکۆیەتی، بۆیە هەنگاو دەنێت بۆ قۆناغێکی شارستانیی وا کە تێیدا کورد ناسنامەی خۆی وەدەست بخاتەوە و لەوێوە گەلان و نەتەوەکانی تر بناسێت بە بێ ئەوەی نیازی زیان پێگەیاندنیانی هەبێت، کەشتییەکە یەکێکە، ڕووبەرەکە تەسکە، جیهانیبوونیش دەستی ناوەتە بیناقاقای هەموانەوە، ئێستا ئابووری تەنیا کۆڵەگەیەك نییە بۆ ژیانی تەنیا کۆمەڵگەیەك تەنانەت داك و بابی نییەو ئابووری لە هەر کونجێکی دنیادا بۆ هەموانە، مافەکانی مرۆڤیش لە واتا قووڵەکەیدا بریتی دەبێت لە ڕزگاربوونی مرۆڤ لە پاشکۆیەتی چ بە تاك تاکە یان بە کۆو لە چوارچێوەی نەتەوەدا..

کەواتە ئەم کۆنگرەیەی نەتەوەیی کورد لەم قۆناغەدا پێویست بوو، وەڵامدانەوەیەکی لۆژیکانەیە، بۆ پێداویستێتی پێوەندی لە نێوان علەو مەعلول یان هۆو هۆکار، کە ئەوەش وەڵامدانەوەیەکی زەڕوورییە بۆ هەبوونی مەرجەکانی بارودۆخ و تواناکان..

مادامەکێ ئەم قۆناغە زەمەنییەی کە تێدەپەڕێت دەگونجێنن، بە هەموو پەرەسەندنە جیهانیی و هەرێمایەتیەکانیەوە، بە ئابووری و دەروونیەکانیشیەوە، بە بزاوتە ڕزگاریخوازە کوردییەکەی لە پێناوی ناساندن و ناسیندا، لە پێناوی ڕزگاربوون و ڕزگاریدا بەو شێوەیەی کە ئەم قۆناغە قۆناغێکی جیاکەرەوەیە لە ئاستی ئاگایی کوردیانەی شارستانیدا بە پێی هەلومەرجی سیستمی باوی جیهانی ئێستا کە بەندە بە ئاشتی و هاریکاری و ددان نان بەویترەوە، ئەوەش قۆناغێکی بە ئەنقەست یەکلاکەرەوەیە، بە پێی هاوئاوێزانبوونی دەنگی کورد لە هەموو دەڤەرەکانی تێیدا دەژین بە ڕیتمێکی هارمۆنی گونجاو کە دەنگدانەوەی ناوێزەی لە گوێی جیهانی گوێگردا هەبێت ئەمەش قۆناغێکی یەکلاکەرەوەیە کە کوردستانی عیراق هاوشێوەی دەوڵەتێکە لە چاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، ئەگەرچی بەیداخەکەشی لە نەتەوەیەکگرتووەکان هەڵنەکراوە، بەڵام لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەك سەرۆکی دەوڵەتێکی سەربەخۆو مەزن پێشوازی لێ دەکرێت بە ڕێزێکی بێ پایانی واوە کە پێگەیەکی سیاسی مەزنی دەوڵەتیانەی هەبێت..

کەواتە ئەمە قۆناغێکی یەکلاکەرەوەیە، ئەو سەرۆکەی ئاماژەمان پێدا هەرێمەکەی لە سیاسەتی ستەم و سەرکوتکاری ڕزگاری بووەو لۆژیك و ئاوەزو ئازادی بە هۆی تێکۆشانی بێوچانی لە پێناوی کەرامەت و بوونی گەل سەرکەوت، هەرلەم قۆناغە جیاکەرەوەیەدا پاڵەوانانی کوردستانی خۆرئاوا بە خوێنی خۆیان نەخشە ڕێگەی نوێ دەنەخشێنن

هەروەها خۆرهەڵاتی کوردستانیش ئیلهامبەخشی ڕۆحێکی نوێیە، وەچەی نوێ تێگەیشتووە لەوەی بە ئاشتی و کەرامەتەوە خەبات بڵندتر دەبێتەوە.. مادامەکی خاڵی جیاکەرەوەش هەبێت واتە پێویستە کارێکی جیاوازیش بکرێت بەم کۆنگرەی نەتەوەییە..

کەواتە سەرکردەکانی ئەم کۆنگرەیە بە وانەی دیارن و بەشدارن یان دەرفەتی بەشداربوونیان نییەو بزرن، هەمووان یەك ژووانیان هەبووە لەسەر وادەی ئەم خاڵە لێك جیاکەرەوە مێژووییەی کورد، کە زیاتر لە سەدەیەکە خەونی پێوە دەبینن، بە تایبەت ئەوانەی کە لە پێناوی لابردنی زوڵم لەسەر نەتەوەکەی خۆیان شەهید بوون یان ئەوانەی کە تا ئێستاش لە تەمەندان و وا خەریکە خەونەکەیان لێ دەبێتە ڕاستی، خۆزیا ئەوانەی لە هێنانەدی ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆ ماندوو بوون ئێستا ئاگایان لێ دەبوو، خۆزیا ئەوانەی بەگومانن بێدەنگ دەبوون، ئەی خوای دلۆڤان...

کورد بەندەی موخڵیسی تۆن، سەریانبخە، تا زەوی و ئاشتی سەرزەمین ئاوەدان بکەنەوە..

*** سەرۆکی کۆڕبەندی هزری ئیسلامی**

**خۆ لەم بارودۆخە تراژیدیایەی بەسەر کوردا هاتووە لە مێژووودا شتێك لەوە کەمتر بەسەر زۆر نەتەوەی تردا هاتووە، بەڵام بەرگەیان نەگرتووەو پەرش و بڵاو بوونەتەوە یان لەناو جەستە و بونیادی زاڵدەستانی بێگانەدا تونراونەتەوە**

**کوردستانی عیراق هاوشێوەی دەوڵەتێکە لە چاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، ئەگەرچی بەیداخەکەشی لە نەتەوەیەکگرتووەکان هەڵنەکراوە، بەڵام لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەک سەرۆکی دەوڵەتێکی سەربەخۆو مەزن پێشوازی لێ دەکرێت**

**سەرکردەکانی ئەم کۆنگرەیەی نەتەوەی کورد بە وانەی دیارن و بەشدارن یان دەرفەتی بەشداربوونیان نییەو بزرن، هەمووان یەک ژووانیان هەبووە لەسەر وادەی ئەم خاڵە لێک جیاکەرەوە مێژووییەی کورد، کە زیاتر لە سەدەیەکە خەونی پێوە دەبینن**



# حزبی سیاسی و ئایندەی هێز لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا

## پارتی دیموکراتی کوردستان وەک نموونە



**بارزانی مستەفا بە بڕیاردانی بە گەڕانەوە لەسلێمانیەوە بۆ بارزان، بە ئاشکرا ئەوەی بە هەموو جیهان راگەیاند کە چیدیکە کورد قبوڵ ناکات لەچوارچێوەی وڵاتێکدا بژی کە مافەکانی پێشێل بکات**

**دەستپێکردنی شۆڕشی دووەمی بارزان و بەشداری بارزانی و هەڤاڵانی لە کۆماری کوردستان، هەموو لایەکی گەیاندە ئەو قەناعەتەی کە شۆڕشی رزگاریخوازی نەتەوەیی پێویستی بە ئامرازێک هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت هەموو سەرچاوەکانی هێز و هەموو تواناکانی گەلی کوردستان بۆ گەیشتن بە رزگاری و سەرفرازی یەکبخات**

لەمێژووی حزبە سیاسییەکانی کوردستان و ناوچەکەدا، دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن مستەفا بارزانی رێبەری نەتەوەییەوە، شێوازێکی تایبەتمەندو جیاوازی هەیە، ئەو تایبەتمەندی و جیاوازییەش لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە دوای دەسپێکی شۆڕشی بارزانی دووەم و بەشداری بارزانی و هەڤاڵانی لە کۆماری کوردستان بیر لە دامەزراندنی پارتی کراوەتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە دەسپێکی شۆڕش و خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی سەرتاسەری دەستی پێکردووە، ئەوجا بیر لە دامەزراندنی پارتی کراوەتەوە.
ئەم تایبەتمەندی و جیاوازییەی پارتی، لەوانەیە زۆر هەڵوەستەی لەسەر نەکرابێت، بەڵام پێویستی بە هەڵوەستەو خوێندنەوەیەکی گشتگیرانە هەیە، خوێندنەوەی ئەم تایبەتمەندییەی پارتیش هەوڵێکە بۆ گەڕانەوە بۆ ناو مێژوو و پێکەوە گرێدانەوەی رابردووە بە ئێستا و پێکەوە گرێدانەوەی ئێستایە بە ئایندە، کەواتە ئەم میتۆدە کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ ناو مێژوو، خۆی لەناو دێڕەکانی مێژوو بزر ناکات، بەڵکو لەنێو دێڕەکانی مێژووەوە ئێستا دەخوێنێتەوەو نەخشەی رێگە بۆ ئایندە دیاری دەکات، ئەم خوێندنەوەیە دەمانباتەوە بۆ وروژاندنی ئەو پرسیارەی بۆچی پێویست بوو حزبێکی بەهێزی دیموکراتی دروست بێت؟ بێگومان دامەزراندنی پارتی پێویست بوو بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، ئەم پرسیارە پێمان دەڵێت بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان کە لە شۆڕشی دووەمی بارزانەوە سیمایەکی نەتەوەیی سەرتاسەری بەخۆیەوە دی و بەشداری بارزانی مستەفا و هەڤاڵانی لەکۆماری کوردستانیش زیاتر ئەو چەمکەی بە پراکتیکی بەرجەستەکردەوە کە مەسەلەی کورد لە هەر کوێیەک بێت یەک مەسەلەیە، بەڵام دەبێت رەچاوی تایبەتمەندی هەر پارچەیەك و هەر سەردەمێکیش بکرێت. ئەوا لە فیکری مستەفا بارزانیدا، بۆ بەردەوامیدان بە خەبات و رێکخستنی هێز و تواناکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی قۆناخی رزگاری نیشتمانی، پێویست بوو ئامرازێك هەبێت بۆ ئەوەی وەك مەکۆیەك هەموو تواناو هێزەکان و بیروبۆچوونە جیاوازەکان پێکەوە گرێبداتەوە، ئەو ئامرازەش دامەزراندنی پارتێکی بەهێزی دیموکراتی بوو کە ئەو توانایەی هەبێت هەموو چین و توێژەکانی گەلی کوردستان بە جیاوازی نەتەوە و ئایین و ناوچەوە لەخۆیان بگرێت و لەناو جەرگەی شۆڕش و مقاوەمەتدا و لەو ناوچانەی کە پێیاندەگوترا ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش کۆمەڵگەی سەروەریی یاسا و دادپەروەری دابمەزرێنێت.

## پارتی وەك ئامرازێك
## بۆ کۆکردنەوەی هێزی نەتەوە

بارزانی مستەفا کە لەهاوینی ١٩٤٣ لە سلێمانیەوە گەڕایەوە بۆ بارزان و شۆڕشی دووەمی بارزانی هەڵگیرساند، لە سلێمانیەوە بەرنامەی بۆ ئەوە دانابوو کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد پێویستمان بەوەیە شۆڕش لەسەر ئاستی ناوچەگەرییەوە بگوازرێتەوە بۆ سەر ئاستی شۆڕشی نیشتمانی و نەتەوەیی سەرتاسەریی، ئەم وەرچەرخانەی بارزانی مستەفا لە بزووتنەوەی رزگاریی خوازی کوردستان دروستی کرد، هاوتای ئەو ئاهەنگی چاخواردنەوەیە بوو کە جۆرج واشنتۆن پێش دەسپێکی شۆڕشی ئەمریکا، لە بۆستن بۆ ئەمریکیەکانی رێکخست و رایگەیاند ئیدی باج نادەین بە پەرلەمانێك نوێنەرایەتی ئێمە نەکات، بارزانی مستەفاش بە بڕیاردانی بە گەڕانەوە لەسلێمانیەوە بۆ بارزان، بە ئاشکرا ئەوەی بە هەموو جیهان راگەیاند کە چیدیکە کورد قبوڵ ناکات لەچوارچێوەی وڵاتێکدا بژی کە مافەکانی پێشێل بکات، دروست وەك هەمان پەیامی جۆرج واشنتۆن رێز لە حکومەتێك ناگرین نوێنەرایەتی ئێمە نەکات.
ئەوجا چۆن ئەمریکیەکان بەهەموو جیاوازییەکانیەوە پشتگیری جۆرج واشنتۆنیان بۆ شۆڕش کرد، بەهەمان شێوە حزبە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە بەگشتی و حزبی هیوا بەتایبەتی و ئەفسەرانی ئازادیخواز پشتگیری بارزانی مستەفایان کرد بۆ شۆڕشی سەرتاسەری، لیژنەیەك بەناوی لیژنەی ئازادی دامەزرێنرا بۆ سەرکردایەتی شۆڕش و هەر ئەم لیژنەیەش بۆ یەکەم جار لەمێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان دانوستاندنی فەرمی لەگەڵ حکومەتی سەردەمی پادشایەتی عێراق لەسەر پرسە نەتەوەییە سەرتاسەرییەکان ئەنجامداوە.
دەستپێکردنی شۆڕشی دووەمی بارزان و بەشداری بارزانی و هەڤاڵانی لە کۆماری کوردستان، بارزانی نەمری گەیاندە ئەو قەناعەتەی کە شۆڕشی رزگاریخوازی نەتەوەیی پێویستی بە ئامرازێك هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت هەموو سەرچاوەکانی هێز و هەموو تواناکانی گەلی کوردستان بۆ گەیشتن بە رزگاری و سەرفرازی یەکبخات، لە فیکری مستەفا بارزانیدا باشترین ئامراز بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم ئەرکەی پێ جێبەجێ بکرێت، ئەوا دامەزراندنی پارتێکی بەهێزی دیموکراتیە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا پارتی بەهێزی دیموکراتی بۆ قۆناخی رزگاری نیشتمانی لای بارزانی بەچ مانایەك بووە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو شێواز و میکانیزمەی کە بارزانی نەمر پارتی لەسەر دامەزراندووە، بۆ نموونە:
١. پارتی بەرەیەکی نیشتمانی بێت بۆ کۆکردنەوەی

سەرجەم هێزە سیاسییەکان و کەسایەتیە نیشتمانیەکان.

٢. پێویستە لە قۆناخی رزگاری نیشتمانیی سەرکردایەتی ئەم پارتە سەرکردایەتیەکی بەکۆمەڵی ئەوتۆ بێت کە رەنگدانەوەی پێکهاتە جیاوازەکان و ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بێت، لەم چوارچێوەیە ئەگەر سەیری ئەندامانی دامەزرێنەری پارتی بکەین هەست دەکەین ئەم تایبەتمەندییە زۆر بە وردی رەچاو کراوە.

٣. فەلسەفەی دامەزراندنی پارتی لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە گەلی کوردستان بەجیاوازی ئایین و نەتەوەوە وەك یەك جەستە دەچەوسێنرێنەوە، هۆکاری ئەم چەوسانەوەیەش نە جیاوازی چینایەتیە نە جیاوازی ئایینی، بەڵکو جیاوازییەکە ئەوەیە تاکەکان یان کوردن یان کوردستانی، بۆیە پارتی نوێنەرایەتی تەواوی گەلێك و نەتەوەیەکی چەوساوەی دەکرد، نەك چینێك یان ئایینێکی دیاریکراو.

٤. بارزانی نەمر قەناعەتی بەو جۆرە بوو ئامانجی شۆڕشی کوردستان بۆ ئازادی و یەکسانی و دادپەروەرییە، بۆیە پارتی بەوشێوەیە بەرنامەی بۆ دانرابوو بەوەی ئامرازێك بێت بۆ بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری، ئەمەش نەك چاوەڕێی ئەوە بکەین شۆڕش سەربکەوێت و ئینجا هەوڵ بۆ ئەوە بدات ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریی دابین بکات، نەخێر بارزانی پارتی کردە ئامرازێك کە لە قۆناخی خەبات و مقاوەمەتدا، کۆمەڵگەی سەروەریی یاسا دروست بکات و ئازادی و دادپەروەریی پیادە بکات، لەمەش گرنگتر دەسەڵاتی یاسای جیاکردەوە و ئەندامانی پارتی و پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوولی ناچار کرد ملکەچی یاسا بن.

ئاماژەکردن بەم خاڵانە جۆرێك لە تێگەیشتنمان بۆ فیکری بارزانی نەمر بۆ دامەزراندنی پارتێکی سیاسیی بەهێزی وەك پارتی دیموکراتی کوردستان لا دروست دەکات، ئەم تێگەیشتنە پێمان دەڵێت پارتی لە فیکری بارزانیدا، رەشماڵێك بووە بۆ یەکڕیزی نێوماڵی کوردستان و هۆکارێك بووە بۆ کۆکردنەوەی تواناو هێزەکانی گەلی کوردستان بۆ ئەوەی هەم بتوانێت شۆڕش سەربخات و هەمیش کۆمەڵگەی دیموکراتی و سەروەریی یاسا بونیاد بنێت.

## خۆبینینەوەی
## خەڵك و پارتی لەناو یەکتریدا

ئیڤان دۆهرتی سەرۆکی پرۆگرامەکانی حزبی سیاسی لە ئامۆژگای نیشتمانی دیموکراتی (NDI)، زۆر بەراشکاوی هۆکاری سەرەکی کێشەی حزبە سیاسییەکانی لە وڵاتانی جیهانی سێهەم یان ئەو وڵاتانەی پێیان دەگوترێت تازە پێگەیشتوو دیاریکردووە و دەڵێت: (کێشەی حزبە سیاسییەکانی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو ئەوەیە، یان ئەوەتا حزبەکان بەهێزن و دیموکراتی نین، یان ئەوەیە لاوازن و دیموکراتیین، بەدەگمەن لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو هەڵدەکەوێت، کە حزبی سیاسیی لەیەك کاتدا بەهێزیش بێت و دیموکراتیش بێت). ئەگەر سەیری ئەم خاڵە بکەین کە دۆهرتی لەدوای نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە دەسنیشانی کردووە وەك پەتایەك بۆ رێگرتن لە بونیادی پرۆسەی دیموکراتی، ئەوا کە دەگەڕێینەوە بۆ مێژووی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەست دەکەین بارزانی مستەفا هەر لەسەرەتای دامەزراندنی پارتیەوە هەوڵیداوە، میکانیزمی دامەزراندنی حزبی سیاسی لەکوردستان لەم پەتایە بەدوور بێت، بۆیە هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە کە (هێز و دیموکراتی) پێکەوە لەناو پارتی کۆبکاتەوە، بەمانایەکی دیکە پارتی دیموکراتی کوردستان، هەم پارتێکی بەهێز بێت و هەم پارتێکی دیموکراتی بێت. لێرەشدا کە پارتی وەك پارتێکی بەهێز و دیموکراتی پێناسە دەکەین، مەبەستمان ئەوە نییە بە پارتی هەڵبلێین یان بە دروشمی دیموکراتیی پارتی برازێنینەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەشی هەرە زۆری حزبە سیاسییەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم بە حزبە چەپ و ئیسلامیە سیاسییەکانیشەوە بە خۆیان دەڵێن حزبی دیموکراتی، بەڵام لە پرۆسەی بونیادی دیموکراتیدا فەشەل دەهێنن، بۆیە لەم راستە ئێمە هەڵوەستە لەسەر ئەوە دەکەین ئایا ئەو خەسڵەتانە چین کە پارتی کردووە بە پارتێکی بەهێز و دیموکراتی، ئەوجار بەراوردکاری بۆ خوێنەری ئەم باسە بەجێدەهێڵین، بەمجۆرە ئاماژەی پێدەکەین:

١. پارتی بەهێز و دیموکراتی، بەرهەمی پێداویستی خەڵك و نەتەوەیە، واتە پارتی دیموکراتی دروشمی ئایدۆلۆژی بریقەداری نییە، بانگێشەی ئەوە ناکات بەهەشت بۆ هاووڵاتیان دروست دەکات، بەڵکو بانگێشە بۆ ئەوە دەکات رێگە نادرێت کۆمەڵگە بکرێت بە دۆزەخ، بۆیە لەم روانگەیەوە پارتی دیموکراتی بەرهەمی پێداویستی خەڵك و کۆمەڵگەیە، هەروەك چۆن خەڵك و کۆمەڵگەو نەتەوە پێویستی بە پارتێکی دیموکراتی بەهێز بوو لە چلەکانی سەدەی رابردوو و پارتی بووە وەڵامدەرەوەی ئەو پێداویستیە.

٢. پارتی بە هێزی دیموکراتی، هەوڵنادات کۆمەڵگە بەسیاسیی بکات، بەڵکو داواکاری خەڵك کە لە چوارچێوەی سیاسیی و یاسایی دەکاتە پرۆپۆزەڵ چارەسەریان بۆ دەدۆزێتەوە، بۆیە هەموو کات خواست و داواکاری خەڵك بەرنامەی پارتی بەهێزی دیموکراتیە، پارتی دیموکراتی لەسەر خواست و داواکاری خەڵك کار دەکات، هەروەك چۆن داواکاری خەڵك بۆ ئازادی دروشمی (کوردستان یان نەمان)ی بەرجەستە کرد، پێش

دەبێت لە رێبازی (بارزانی)یەوە ئەوە فێربین، کە بەرنامەی پارتی بەرنامەی خەڵکە و داواکاری خەڵک بەرنامەی پارتیە و ئەرکی سەرشانیەتی کە داواکاری خەڵک بخاتە چوارچێوەی سیاسیی و یاسایی و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە

پارتی لە فیکری بارزانیدا، رەشماڵێک بووە بۆ یەکڕیزی نێوماڵی کوردستان و هۆکارێک بووە بۆ کۆکردنەوەی تواناو هێزەکانی گەلی کوردستان بۆ ئەوەی هەم بتوانێت شۆڕش سەربخات و هەمیش کۆمەڵگەی دیموکراتی و سەروەریی یاسا بونیاد بنێت

دامەزراندنی پارتی، حزبەکانی ئەو سەردەمە و خەڵکی کوردستان ئامادەبوون لە پێناوی ئازادی کوردستان، مردن هەڵبژێرن و پشتگیری بارزانی نەمر بکەن لە شۆڕشی دووەمی بارزاندا، پیرەمێردی نەمر زۆر جوان ناخی هەر تاکێکی کوردستانی دەربڕیوە کە دوای پەڕینەوەی بارزانی و هەڤالانی لە ئاوی ئاراس دەڵێت:(ڕێم نییە منیش شوێن ئەوان بکەوم .. پیرم هەنگاوێك بنێم ئەکەوم)، ئەم دێڕە شیعرە ئەوەمان پیشاندەدات کە نەك هەر لاوەکان بەڵکو پیرەمێردەکانی ئەم وڵاتە ویستوویانە هاوسەفەری بارزانی و هاوەڵانی بن نەك هەر بۆ شۆڕش، بەڵکو بۆ ئاوارەییش، لەبەر ئەوەی هەموو خەڵکی کوردستان بەکردەیی مردنیان لە نەبوونی ئازادی لا باشتر بووە.

میکانیزمی جیاواز بۆ پیادەکردنی سیاسەت و بەرنامەی حزب بەدی دەکرێت، لەمەش گرنگتر لەبەر ئەوەی پارتی دیموکراتی بەهێز، هێڵێکی ئایدۆلۆژی دیاریکراوی نییە کە بەرگری لە چینێکی دیاریکراو یان ئایینێکی دیاریکراو یان نەتەوەیەکی دیاریکراو بکات، بەڵکو پێکەوەگونجاندنی کۆی بیروبۆچوونە جیاوازەکانی پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەیە‌و هەموو چین و توێژەکان و نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان خۆیان لەو پارتە بەهێزە دیموکراتیە دەبیننەوە، ئەوا هەر پێکهاتەیەك زمانێکی جیاوازی هەیە کە خواستەکانی خۆی پێ دەرببڕێت و پێکەوەش زمانێکی هاوبەشیان هەیە بۆ ئەوەی بەرژەوەندی گشتی پێ دەربڕن، بۆیە لە پارتی بەهێزی دیموکراتیدا، ڕەخنە دەکەوێتە



**پارتی ئامرازێکە بۆ هەر تاکێکی ئەم نیشتمانە و بەم ئامرازە دەتوانێت ئایندەیەکی گەش بۆ نەتەوەکەی دابین بکات**

٣. پارتی بەهێزی دیموکراتی، ڕایەڵەیەکە بۆ گرێدانەوەی بەرژەوەندییە جیاوازەکان، لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە جیاوازەکان جۆرێك لە سیاسەتی نەرم یان ئەوەی پێی دەڵێن کۆمپرۆمایز لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لەناو یەك پارتدا دروست دەکات، پارتی بەهێزی دیموکراتی لەبەر ئەوەی دەیەوێت نوێنەرایەتی خواستی نەتەوەیەك بکات نەك چینێکی دیاریکراو یان نەتەوە یان ئایینێکی دیاریکراو، جۆرێك لە پێکەوەسازان یان پێکەوەگونجاندن لەنێو پێکهاتە جیاوازەکان دروست دەکات، ئەوجا لەبەر ئەوەی پێکهاتەی پارتی بەهێزی دیموکراتی ڕەنگدانەوەی کۆی بەرژەوەندییە جیاوازەکانە، ئەوا لەناو ئەو پارتە بەردەوام شێواز و

سەرووی ئایدۆلۆژیەتێکی دیاریکراو، هیچ ئایدۆلۆژیەتێك تا ئەو ئاستە گرنگ نییە کە بگاتە ڕاددەی پیرۆزی، هیچ ئایدۆلۆژیەتێك بەو ئاستە بێ نرخ نییە کە ڕەتبکرێتەوە، لە پارتی بەهێزی دیموکراتیدا، لە خاڵە جیاوازەکانی نێو پێکهاتە جیاوازەکانەوە هاودەنگی و یەکڕیزی دێتە بەرهەم، نەك وەك حزبە ئایدۆلۆژییەکان کە هەوڵدەدەن لە سڕینەوەی جیاوازییەکانەوە یەکبوون و یەك دەنگی دروست بکرێت، لە پارتی بەهێزی دیموکراتی هاودەنگی هەیە نەك یەکدەنگی، بەڵام لە پارتی ئایدۆلۆژی یەکدەنگی هەیە نەك هاودەنگی. ئەمەش سیمایەکی دیاری پارتی دیموکراتی کوردستانە لەسەرەتای دامەزراندنیەوە تا ئێستا.

٤. لە نێو پارتی بەهێزی دیموکراتیدا، ئەو بەرنامەیە نییە کە حزبە ئایدۆلۆژییەکان ناویان لێناوە (بەرنامەی هۆشیارکردنەوە و رۆشـــنبیرکردنی خەڵك) هۆکاری نەبوونی ئەم بەرنامەیە رەنگدانەوەی ســـیمای پارتی بەهێـــزی دیموکراتیە، لەبەر ئەوەی پارتی دیموکراتی بەهێز بۆ ئەوە دروســـت نەبووە کە خەڵك رۆشنبیر بکات یان خەڵك هۆشیار بکاتەوە، بەڵکو بۆ ئەوە دروســـت بووە کە هۆشـــیاری و نارەزایی خەڵك بکاتە بەرنامە و پرۆپۆزەڵی سیاســـیی و یاســـایی و کێشەکانیان چارەسەر بکات، کەواتە پارتی بەهێزی دیموکراتی هەمیشە چاوەڕێیە خەڵك هۆشیاری بکاتەوە و بەرنامەکەی دەوڵەمەند بکات نەك ئەو خەڵك هۆشـــیار بکاتەوە و یان رۆشنبیریان بکات، گەورەترین کێشەی حزبە ئایدۆلۆژییەکان ئەوەیە کە

بەراگرتنی باڵانســـە لەنێـــوان کۆمەڵگـــەی مەدەنی و دەستەبژێری سیاسی (حزبەکان)ـە، لەم چوارچێوەیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی شۆڕشی ئەیلوول، دەبینین راستە پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتێکی سەرەکی و باڵادەست بووە لە گۆڕەپانەکە، بەڵام بارزانی نەمر هەوڵیدابوو خواستە مەدەنیەکانـــی کۆمەڵگە لەچوارچێـــوەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگـــەی مەدەنـــی رێکبخات، بۆ ئەمـــەش بۆ هەر توێژێك و چینێك رێکخراو یان سەندیکایەکی دیاریکراوی دامەزراندبوو وەك (ئافرەتان، قوتابیان، کرێکاران، زانایانی ئایینی، هونەرمەندان، نووسەران...هتد)، ئەمەش مانای ئەوەبوو بارزانی نەمر ئەو راســـتیەی لا ئاشـــکرابوو کە لەناو بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، ناتوانرێت

**له ناو پارتی بەهێزی دیموکراتی هاودەنگی هەیە نەک یەکدەنگی، بەڵام لە پارتی ئایدۆلۆژی یەکدەنگی هەیە نەک هاودەنگی. ئەمەش سیمایەکی دیاری پارتی دیموکراتی کوردستانە لەسەرەتای دامەزراندنیەوە هەتا ئێستا**



فۆتۆ: کارزان حەیدەری

هەوڵدەدەن هەموو مرۆڤێك بکەنە مرۆڤی تاکرەهەند و تەنها ئەو رەهەندە ببینێت کـــە ئایدۆلۆژیەتێکی دیاریکراو بۆی دیـــاری دەکات، بەڵام ئەم جـــۆرە حزبانە هەتا ئەگەر ببنە حزبێکی بەهێزیش ناتوانن دیموکراتی بن، لەبەر ئەوەی لەناو پارتی بەهێزی دیموکراتیدا مرۆڤـــەکان فرە رەهەند دەبینن نەك تاك رەهەند.

٥. پارتی بەهێزی دیموکراتی بوار نادات هەموو کایەکانی ژیان بە سیاســـیی بکرێن، تەنانەت لە کاتێکدا بەخۆشی تەنیا پارت بێت لەگۆڕەپانەکە و پارتی دیکە بوونی نەبێت، ئەم قەناعەتەی پارتی بەهێزی دیموکراتی لەو روانگەیەوە ســـەرچاوەی گرتووە، کە بونیادی دیموکراتی پێویســـتی هەموو خواســـتەکانی کرێکاران یان ئافرەتان یان زانایانی ئاییني یان هونەرمەندان و نووســـەران جێگەی بکرێتەوە، بۆیە ژینگەیەکی دروستکردبوو، ئەم رێکخراوانە بەردەوام دەنگێکی داواکاری بەرز بن، پارتی وەك حزبێکی سیاسی دیموکراتی لەســـەر ئەم دەنگانە کار بکات و چوارچێوەی سیاسیی و یاسایی بۆ پێشنیار بکات، بۆیە دروستکردنی ئەم باڵانســـە لەنێوان پارتی و رێکخراوە مەدەنیەکان، بووە هـــۆکاری ئەوەی پارتی ببێتە قوتابخانەیەك بۆ چۆنیەتی فێربوونی حکومڕانی، حکومڕانیش بەو مانایەی هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگە بگرێتەوە و رەنگدانەوە دەنگی داواکاری خەڵکەکە بێت.

**پارتی بەهێزی دیموکراتی هەمیشە چاوەڕێیە خەڵک هۆشیاری بکاتەوە و بەرنامەکەی دەوڵەمەند بکات نەک ئەو خەڵک هۆشیاربکاتەوە و یان رۆشنبیریان بکات**

**٦.** سیمایەکی دیکەی جوانی پارتی بەهێزی دیموکراتی، ئەوەیە ژینگەی ئەم پارتە هەموو کات هۆکارێکە بۆ سەرلێتێکچوونی حزبە ئایدۆلۆژییەکان، هەروەك چۆن ژینگەی کۆمەڵگەی دیموکراتی بە درێژایی سەدەی بیستەم هۆکارێك بووە بۆ کۆمەڵگە تۆتالیتارەکان، هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوەیە چۆن لەنێو کۆمەڵگەی دیموکراتیدا هەموو شتێك قابیلی ئەوەیە رەخنەی لێ بگیرێت، لەناو پارتی بەهێزی دیموکراتیشدا بەهەمان شێوەیە، ئەوجا لەبەر ئەوەی حزبە ئایدۆلۆژییەکان خۆیان رێگە نادەن لەنێو حزبەکانیان ئەو جۆرە رەخنانە هەبێت، ئەوا رەخنەی ناو پارتی بەهێزی دیموکراتی، وەك پەرت بوون و کێشە دەخوێننەوەو پێیانوایە ئەو پارتە بەهێزە دیموکراتیە لە پاشەکشەدایە، بەڵام ئەوەی کە دەبێتە سوپرایزێکی زۆر ناوخۆش بۆ ئەو حزبە ئایدۆلۆژیانە ئەوەیە، کە لەسەر سندوقی دەنگدان ئەو حزبە ئایدۆلۆژیانە کەمینەن و پارتی بەهێزی دیموکراتیش جێگەی متمانەی زۆرینەی خەڵکە.

## پارتی و ئاییندەی هێزی دیموکراتی

لەبەر ئەوەی بوونی پارتی بەهێزی دیموکراتی لە عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیاردەیەکی دەگمەنەو، زۆر کەم هەڵکەوتووە پارتێکی سیاسیی لە یەك کاتدا بەهێزی و دیموکراتی بوون پێکەوە کۆبکاتەوە، بۆیە قسەکردن لە پارتێکی وەك پارتی دیموکراتی کوردستان کە بەدرێژایی ٦٧ ساڵ تەمەنی وەك پارتێکی بەهێزی دیموکراتی ماوەتەوە کارێکی ئاسان نییە، کە دەشڵێین ئاسان نییە قسەی لەسەر بکەین، مەبەستمان ئەوەیە ئەو پێوەرانەی بۆ پارتێکی بەهێزی دیموکراتی بوونە پێوەری حزبی سیاسیی لە کۆمەڵگەی دیموکراتی لە کۆمەڵگەکانی هاوشێوەی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێوەری نامۆن و حزبە سیاسییەکان بە پێچەوانەی ئەو پێوەرانە رەفتار دەکەن، زۆر جاریش بەهۆی زاڵی چەمك و مۆدیلی حزبی ئایدۆلۆژی لەو کۆمەڵگایانە ئەوا حزبی دیموکراتی بەهێز بەهەموو شێوەیەك دژایەتی دەکرێت و یان بەشێوەی ناشارستانی ململانێی لەگەڵ دەکرێت، ئەوجا لەبەر ئەوەی پارتی دیموکراتی بەهێز لەناخۆی حزبدا ژینگەیەکی کراوەی ئەوتۆ دروست دەکات کە لەسەر ئاستی ناوخۆی حزبیش رەخنەی ئاشکراو زەق هەبن، ئەوا چۆن دوژمنانی کۆمەڵگەی کراوە بانگێشەیان بۆ رووخانی کۆمەڵگەی کراوە دەکرد، بەهەمان شێوە حزبە ئایدۆلۆژییەکانیش کە ئەوانیش دوژمنی ژینگەی کراوەی ناو حزبن، بەهەمان شێوە بەردەوام خەریکی ئەوەن کە پارتێکی دیموکراتی بەهێزی وەك پارتی دیموکراتی کوردستان لە پاشەکشەدایە، یان مۆدیلی سیاسەتی گونجان و کۆمپرۆمایز کە فاکتەری سەرەکیە بۆ پێکەوە ژیان و پێکەوە کارکردن و بونیادی کۆمەڵگەی دیموکراتی و سەروەریی یاسا، وەك رەخنەیەك لە بەرامبەر پارتی دیموکراتی کوردستان وێنای دەکەن.

بەڵام لەبەرامبەر ئەم هەموو شاڵاو و رەخنە بێ ویژدانانەی لە پارتی دەگیرێت، پرسیار ئەوەیە بۆچی لەماوەی ٦٧ ساڵدا، پارتێکی بەهێزی هاوشێوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە عێراق و ناوچەکە و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست نەبۆتەوە؟ بۆچی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەرکەوتن و شکستدا هەر جەماوەری خۆی هەیە و بنکە جەماوەرییەکەی لەق نابێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە جارێکی دیکە دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو فیکرەی کە پارتی لەسەری دامەزراوە، ئەویش بریتییە لەوەی پارتی ئامڕازێکە بۆ هەر تاکێکی ئەم نیشتمانە و بەم ئامڕازە دەتوانێت ئاییندەیەکی گەش بۆ نەتەوەکەی دابین بکات، لەوانەیە هەندێك لەوانەی نایانەوێت پارتی وەك پارتێکی دیموکراتی بەهێز ببینن، ئەم دێڕانە بەوجۆرە بخوێننەوە، کە مەبەستمان لە پێناسەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان وەك پارتێکی بەهێزی دیموکراتی ئەوەبێت کە پارتی تەنیا حزب بێت و حزبی دیکە بوونی نەبێت، نەخێر مەبەستی ئەم دێڕانە تەواو پێچەوانەی ئەم خوێندنەوەیەیە، لەبەر ئەوەی کاتێك پارتی وەك پارتێکی بەهێزی دیموکراتی بوونی دەبێت کە کوردستان وەك ئێستا فرەلایەن و فرە هێز بێت و بژاردەی بەردەمی خەڵکی کوردستان تەنها پارتی نەبێت، بەڵکو لەنێو بژاردە جیاوازەکاندا پارتی جێگەی متمانەی زۆربەی خەڵکی کوردستان بێت، بۆیە لەم راستەوە کە ئامانجی پارتی ئەوە بێت جێگەی متمانەی خەڵك بێت و سەرچاوەی ئاییندەی هێزی دیموکراتی بێت لەناوچەکە، ئەوا دەبێت لە فیکری بارزانی مستەفاوە ئەوە فێربین، کە بەرنامەی پارتی بەرنامەی خەڵکە و داواکاری خەڵك بەرنامەی پارتیە و ئەرکی سەرشانیەتی کە داواکاری خەڵك بخاتە چوارچێوەی سیاسیی و یاسایی و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە، لەبەر ئەوەشی ئەمڕۆ پارتی بەشێکی سەرەکیە لە پرۆسەی حکومڕانی وڵاتدا، ئەوا دەبێت هەر خۆشی بە رێگەی نوێنەرەکانی لە پەرلەمان و حکومەت سەرچاوەی جێبەجێکردنی کێشەو داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان بێت، سەرچاوەی ئەو هێزەی ئاییندە بێت کە پرۆسەی پەرەپێدان و دیموکراتی لە پرۆسەی بونیادنانەوە دەیکاتە پرۆسەیەکی بەردەوام.



پرۆفیسۆر جۆنیۆ فرید
ئۆپیۆ بۆ گوڵان:

# حزبی سیاسیی پردێکە لەنێوان خەڵک و حکومەت

**پرۆفیسۆر جۆنیۆ فرید ئۆپیۆ ئوستادی زانستی سیاسەت و کارگێڕی گشتیە لە زانکۆی نیرۆبی لە کینیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر پرۆسەی بودنیادنانی دیموکراتی و گەشەی ئابووری لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا، هەروەها تایبەتمەندیشە لەسەر قۆناخی راگواستنی دیموکراتی و کێشەکانی دیموکراتی لە کینیا، بۆ قسەکردن لەسەر رۆڵی حزبی سیاسی لە بونیادی دیموکراتی بە تایبەتی لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر جۆنیۆ فرید ئەنجامدا کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

*** بە دامەزراوەییکردنی پارتە سیاسییەکان و دامەزراندنی سیستمی پارتایەتی هۆکارێکن بۆ برەودانی زیاتر بە پرۆسەی دیموکراسی و سەقامگیرکردنی پرۆسەکە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی بوونی پارتە سیاسییەکان هێندە گرنگە بۆ دیموکراسی؟**

- پارتە سیاسییەکان ئامرازێکی گرنگن بۆ دیموکراسی، لەبەر ئەوەی خەڵکی لەسەر بەهاکانی حکومڕانی پەروەردە دەکەن و ئەو خەڵکانە ئامادە دەکەن کە کاروبارە گشتیەکان بە شێوەیەك بەڕێوەببەن کە جێی رەزامەندی بێت و هەمووان لە خۆبگرێت، هەروەها پارتە سیاسییەکان گرنگن بۆ دیموکراسی لەبەر ئەوەی بەرگری لە بۆچوونی خەڵك دەکەن و بوار بە خەڵك دەدەن پەرە بە فەلسەفەیەکی دیاری کراو بدەن، کاتێکیش ململانێی سیاسیی لەبارەی ئەو بۆچوونانە دروست دەبێت، ئەوا ململانێ سیاسییەکە پەیوەست دەبێت بە پرسەکانەوە. بە واتایەکی دیکە خەڵکی لەسەر بەرنامەیەکی دیاریکراو ململانێ دەکەن، ئیتر چاودێری تەندروستی بێت، ئیدارەی ئابووری بێت، بەرنامەی خۆشگوزەرانی بێت، یان پەیوەست بێت بە دابینکردنی ئاسایشەوە. لەلایەکیشەوە پارتە سیاسییەکان گرنگن بۆ دروستکردنی سەرکردایەتی جیاواز، لەبەر ئەوەی سەرکردەی جیاواز پێویستی بەبژاردەی ئازادە و پارتەکانیش مینبەرێك فەراهەم دەکەن بۆ مومارەسەکردنی بژاردەی ئازاد، بەو شێوەیە پارتەکان دەبنە لایەنێکی زۆر گرنگی دیموکراسی. لە کۆتاییدا دەڵێم پارتە سیاسییەکان زەمینەی راهێنانن، تاکە کەسەکان رادەهێنن و تواناکانیان بنیات دەنێن، هەروەها تەرکیزێکی گونجاو بە تاکە کەسەکان دەدات کە تا چ رادەیەك مومارەسەی دەسەڵات بکەن، هاوشان بە توانای ئیدارەکردنی

**پارتە سیاسییەکان گرنگن بۆ دیموکراسی لەبەر ئەوەی بەرگری لە بۆچوونی خەڵک دەکەن و بوار بە خەڵک دەدەن پەرە بە فەلسەفەیەکی دیاریکراو بدەن**

**پارتە سیاسییەکان ڕۆڵێکی زۆر سەنترالی دەبینن لە بەهێزکردنی پرۆسەی پەرەپێدان و بە دیموکراتیکردن، کاتێک بە تەواوەتی بە دامەزراوەیی دەکرێن**

دەسەڵاتیش، لەبەر ئەوەی لە زۆرێك لە کۆمەڵگەکاندا کاتێك پارتی سیاسی لاوازت هەبێت، ئەوا کاتێك تاکە کەسەکان دەسەڵات دەگرنەدەست، ئەو دەسەڵاتە خراپ بەکاردەهێنن، لەبەر ئەوەی توانای ئیدارەدانی دەسەڵاتی گشتیان نییە، لەبەر ئەوە کاتێك پارتەکان بە دامەزراوەیی دەکرێن و کاتێك باش بەرەوپێشدەچن و کاتێك میکانیزمی چاودێری و لێپرسینەوەیان دەبێت، ئەوا پارتەکان دەبنە ئامرازێکی کاریگەر بۆ بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی خەڵك، کەواتە پارتە سیاسییەکان ڕۆڵێکی زۆر سەنترالی دەبینن لە بەهێزکردنی پرۆسەی پەرەپێدان و بە دیموکراتیکردن، کاتێك بە تەواوەتی بە دامەزراوەیی دەکرێن.

*** بە شێوەیەکی گشتی لە دیموکراسیە نوێیەکاندا، یان لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا دامەزراوەکان لاوازن، لەم کاتەدا ئەرکی پارتە سیاسییەکان زۆر سەخت دەبێت لەڕووی پشتیوانیکردنی دامەزراوەکان و بە دەمەوەچوونی داخوازی خەڵك لە کاتی خۆیدا، چۆن پارتە سیاسییەکان دەتوانن هاوسەنگیەك دروست بکەن لە نێوان نوێنەرایەتیکردنی خەڵك و بەدەمەوەهاتنی داخوازیەکانیاندا؟**

- من هاوڕام لەگەڵتاندا، کێشەی پارتە سیاسییەکان، بە تایبەتی لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان ئەوەیە ئاستێکی باڵای هەژاری هەیە و پارتەکانیش لەسەر بنەمای بەرنامەیەك دروست نابن، بەڵکو ئەوان هاوکاری و یارمەتی پێشکەش دەکەن. لە زۆرێك لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا ئەو دامەزراوانەمان هەیە کە بڕیار وایە پەرە بە دیموکراسی بدەن، بەڵام لە بنەڕەتدا دامەزراوەگەلێکن کە بەرژەوەندیە شەخسیەکان هەڵیاندەسوڕێنن. لە زۆرێك لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا پشت بە دامەزراوەکانی پارتەکان دەبەستن بۆ شەرعیەتدان بە کارە نایاساییەکانیان. کەواتە، ئەو دیموکراسیەی لە زۆرێك لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا هەیە، تەنها دیموکراسیەتێکی ڕەمزیە. لەبەر ئەوە زۆرێك لە دامەزراوەکانی وڵاتە تازەگەشەکردووەکان کە بڕیارە ئامرازێکی سیاسی بن، تەنها بە ناو پارتی سیاسین، و هەندێکیان لەسەر بنەمای ئیتنی و هەندێکیان لەسەر بنەمای ناوچەیی لۆکاڵی دروست بوونە، هەر لەبەر ئەوەیە بە دامەزراوەییکردنی دیموکراسی پێویستی بەوەیە دیموکراسی گەشەیەکی گشتی بێت. کەواتە دەبێت بە دامەزراوەییکردنی دیموکراسیشان بە شانی پەرەپێدان بڕوات. ئەگەر بایەخ بە پەرەپێدان نەدرێت، ئەوا گومانم هەیە لە توانای هەر دامەزراوەیەك بۆ هاوکاری کردنی هەر پارتێك بۆ ئەوەی کاریگەر بێت. کەواتە دەبێت پەرەپێدان بەشێکی دانەبڕاو بێت لە پرۆسەی بە دیموکراتیکردن، ئیتر لەسەر ئاستی دامەزراوەکان بێت یان تاکەکەسەکان.

*** هەندێ جار لەسەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەی بە دیموکراتیکردنەوە، مەترسی دروستبوونی ئەو سیاسیانە دێتەئاراوە کە باوەڕیان بە پارتە سیاسییەکان نییە و ئەمەش سەردەکێشێت بۆ پۆپۆلیزم، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەکرێت ڕێگری لە دروستبوونی سیاسییە دژ بە پارتەکان بگیرێت و ئایا مەترسی پۆپۆلیزم لەسەر دیموکراسی چیە؟**

- کێشەکە ئەوەیە زۆرێك لەم تاکەکەسانە کە دەبنە پۆپۆلیست پەرۆشی بەدەستهێنانی دەسەڵاتن، یاخود وەك سەربەخۆیەك هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵات بدەن، بەڵام لە پەیوەندیدا بە پەرەپێدانی پارتەکانەوە، ئەوا بوونی پارتە سیاسییەکان زۆر گرنگە، سەربەخۆ بن یان نا. بەڵام چ شتێك یارمەتی خەڵك دەدات بۆ ئەوەی زاڵبن بەسەر ئەو تێڕوانینەیان دژ بە پارتەکان، - لەم ڕووەوە دەتوانین پەرە بە دامەزراوەی کاریگەر و بەهێز بدەین، لەگەڵ بوونی پەروەردەیەکی مەدەنی بۆ باشترکردنی کەلتوری سیاسی. وەك ئەوەی لە ئەمریکا هەیە کە دوو پارتی سەرەکی هەن، ڕاستە پارتی دیکەش هەن، بەڵام ئەوانە پارتگەلێکی بچووکن. بەڵام کاتێك ژمارەیەکی زۆری پارتە سیاسییەکان بوونیان هەبێت، ئەوکاتە کێشە دروست دەبێت کە لەسەر بنچینەی ئیتنی یان ئایینی یان تائیفی دروستبن کە کاریگەری پارتە سیاسییەکان لاواز دەکات و کارێك دەکات تاکە کەسەکان بایەخ بە پارتە سیاسییەکان نەدەن. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە پرۆسەی تۆمارکردن و مەرجدانانێکی بەهێز هەبێت بۆ ئەوەی پارتەکان ببنە ئامرازگەلێکی سوودبەخش. ئەوکاتە تاکە کەسەکان یان سەربەخۆ دەبن، یاخود ئەندامی چالاکی پارتەکان بن و باوەڕیان بە فەلسەفەکەی هەبێت، چونکە سەربەخۆ بن یان لە ناو پارتەکاندا، ئەوا پرسی سەرەکی بریتییە لە ئیدارەدانی کاروبارە گشتیەکان، گرنگ ئەوەیە چۆن نوێنەرایەتی بەرژەوەندی خەڵك بکەن و چۆن کارێك دەکەن هەمووان بەشدار بن و چۆن هەڵدەستن بە هاندانی دابەشکردنێکی دادپەروەرانەی داهاتی گشتی. پارتەکان ئامرازن و خۆیان لە خۆیاندا بەس نین،....بەڵکو پێویستیان بە توانای تاکە کەسەکانە بۆ باشترکردنی هەل و مەرجی ژیانی خەڵك....... چونکە ئامانجی پارتەکان بریتییە لە باشترکردنی خزمەتگوزاری گشتی، لەبەر ئەوە فاکتەرێکی زۆر گرنگە لە هەموو ئەم پرسانەدا.

*** لە سیستمی دیموکراسیدا، ئەوەی پەیوەندی بە حکومەتەوە هەبێت، ئەوا پێویستە پارتە سیاسییەکان**

**ئەڵقـــەی پەیوەندی نێوان حکومەت و خەڵك بن، هەروەها ئەڵقەی پەیوەنـــدی نێوان حکومـــەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بن، تا چەند بوونی پارتەکان گرنگە بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان حکومەت و خەڵکدا و حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنیدا؟**

- لەبەر ئـــەوەی خەڵکی ناتوانن بچنـــە پەرلەمانەوە و نوێنەرایەتـــی خۆیان بکەن، کەواتە پارتە سیاســـییەکان دەرفەتێکن بۆ ئەوەی کەســـانێك بنێـــرن بۆ پەرلەمان بۆ نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندیەکانیان، لەبەر ئەوە پارتەکان وەك پردێك وان، خەون و خواســـتەکانی خەڵك دەگەیەنن و نوێنەرایەتی پێداویســـتیەکانیان دەکەن و گوزارشت لە کێشەکانی خەڵك دەکەن بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی خەڵك، چونکـــە زۆربەی خەڵك یان هەموویان ناتوانن لە یەك کاتدا قســـە بکەن. کەواتە پارتە سیاســـییەکان.... کەناڵێکن بۆ نوێنەرایەتیکردنی بە کۆمەڵ بە شێوەیەکی باشـــتر و بە شـــێوی لۆبی- بەرژەوەندیەکانی بەشێکی بەربڵاوی خەڵـــك، کە هەمان دەرفەت یـــان مینبەریان نییە بۆ قســـەکردن. لە پەیوەندیدا بـــە دامەزراوەکانەوە، ئـــەوا لەبەر ئـــەوەی پارتـــەکان ڕۆڵی پەیوەســـتکردنی خەڵك بـــە حکومەتەوە دەبینن، ئەوا پێویســـتە هانی بە دامەزراوەییکردنی بدەن، نەك سیاســـەتێکی پشتبەستوو بە تاکە کەس، بەڵکو دامەزراوەگەلێك دروســـت بکەن کە شەخسی نەبن و گرنگی بەوە نەدەن من کێم و تۆ کێیت، بەڵکو گرنگ ئەوەبێت ئامانجەکـــە چۆن بهێنرێتەدی. ئەو ئامانجەش ئەوەبێت خەڵکی تەفزیلی دەکات و دەبێت لە کاتێکـــەوە بۆ کاتێکی دیکە پێیدا بچینەوە و خەڵکی بەشداری بکات تێیاندا. کەواتە پارتە سیاسییەکان دەتوانن نوێنەرایەتی بەرژەوەنـــدی جەماعی خەڵك بکەن، و ئەو دامەزراوانـــە بنیـــات بنێن کە کار بـــۆ خەڵکی دەکەن، ئیتـــر من بم یان تۆ، بەڵام دەبێت دامەزراوەکان لەســـەر بنەمای بەرژەوەنـــدی بابەتی خەڵك بێت و بۆ بنیاتنانی تواناکانیـــان، هەروەها دەبێت دامـــەزراوەکان هەموان لە خۆبگرێت و برەو بە بەشـــداریکردن بدات و خواســـت و داوکاری خەڵك وەربگرێت، چونکە دیموکراســـی بریتییە لـــە ڕازیبوونی خەڵك. کەواتە دەبێـــت حکومەت دەنگ و خواســـتی خەڵکی پێبگات، دەســـەڵاتی حکومەت لە خەڵکەوە سەرچاوە بگرێت و بەشێك بێت لە ڕۆحی خەڵك و خەڵك هەستی پێبکات و خۆیان ببنە خاوەنی پرۆسەکە، لەبەر ئـــەوەی گوێ لە بۆچوونەکانیـــان گیراوە، ئەمە لایەنێکی بەهێزی دیموکراســـی و ئـــەو ئەزموونە دەبێت کە ئێوە هەتانە.

*** بۆچوونێك هەیە دەڵێت پارتە سیاسییەکان لە کۆمەڵگە تازەگەشـــەکردووەکاندا- بـــە حکومـــڕان و موعارەزەوە- ســـەرچاوەی کێشـــە و خوڵقاندنی قەیرانـــن، و کاتێك دیموکراســـی بەبێ پارتە سیاسییەکان بوونی نابێت، ئەوا پێویستە کارێك بکەین کە پارتە سیاسییەکان بە شێوەیەکی گونجاو کاربکەن، چۆن دەکرێت پارتە سیاسییەکان بکرێنە بەشێك لە چارەسەر، لەبری ئەوەی بەشێك بن لە کێشە و چۆن دەتوانرێت بە گژ گەندەڵیدا بچینەوە؟**

- ئاستی جیاوازی دیموکراسیت هەیە، کەمترین ئاستی دیموکراسی «minimalist democracy»، هەروەها دیموکراســـیەتی هەنـــگاو بە هەنـــگاو gradualist democracy»، و بەرزتریـــن ئاســـتی دیموکراســـی «minimalist democracy»، دیموکراســـی پرۆســـەیەکی هەنـــگاو بە هەنگاوە و تەنهـــا بردنەوە و دۆڕاندن نییە، بەڵکو ئەوەی پێویســـتە کۆمەڵگە بیکاتە ئاســـتێکی بەرزی پـــەروەردەی مەدەنی و هۆشـــیاری مەدەنیـــەوە باشـــترکردنی توانـــای خەڵـــك لەڕووی ئابووریەوەیـــە، ئەمانە وا دەکەن خەڵکـــی تێڕوانینێکی بابەتیانەیـــان هەبێت، ئەگەر خەڵکی لەڕووی ئابووریەوە توانایان باشـــتر بوو، ئەوا جۆرە هۆشیاریەکیان لەبارەی حکومەتەوە لا دروســـت دەبێت، ئەوکاتە چاوکراوە دەبن و دەبنە پارێزەری دیموکراســـیەکەیان. لەبیرتان بێت کاتێك پارتە سیاســـییەکان حکومەت پێکدەهێنن، ئەوا پێویستە بخرێنە ژێر چاودێری و لێپرسینەوەوە. ئەگەر دیراسەتی ئابووری سیاســـی بکەین، ئـــەوا پەیوەندی و کارلێکی سیاســـەت و ئابـــووری کاریگـــەری گـــەورەی هەیە، سەرکەوتنی ئابووری بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێتە هۆی دروســـتبوونی توانای شـــیکاری، ئابووری لاواز نەخوێندەواری و هـــەژاری دەخوڵقێنێت. کەواتە خەڵکی ڕوودەکەنە سیاســـەت، نەك لەبەر ئـــەوەی ئایدیایەکیان هەیە یاخـــود باوەڕیان بە شـــتێکە، بەڵکو لەبەر ئەوەی دەیانەوێـــت ڕزگاریان بێت و دەرفەتیان بۆ دروســـت بێت بۆ بەدەســـتهێنانی هاوکاری و یارمەتی. تاوەکو ئەمانە بـــەردەوام بن، ئەوا من نازانم چۆن پارتە سیاســـییەکان زاڵدەبن بەسەریاندا، لەبەر ئەوەی- ئەم کێشانە- لە پارتەکان گەورەترن، لەبەر ئەوەی ئەمە پەیوەستە بە کۆمەڵگە بە تەواوی ئابوورییەوە، بە بازرگانیەوە بە دەرفەتی کارەوە بۆ باشترکردنی توانای ئابووری. کەواتە ئەم شتانە پێکەوە و شان بە شانی یەکتر بەرەوپێشدەچن. و گەورەترین هەڵەی خەڵك ئەوەیە تەنها وەك نوێنەرایەتیەکی سیاسی سەیری پارتە سیاسییەکان دەکەن و ئەوە لەبیر دەکەن کە پێویستە بەرنامەی گەشەپێدانی ئابووری و بنیاتنانی تواناکانیان هەبێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر پێداویســـتیە بنەڕەتیەکانی مـــرۆڤ دابین نەکرێن، ئەوا تا دوا ڕادە بێبەش دەبن لە دەرفەت و تێڕوانینێکی زاتییان دەبێت بە گشتی.

**دەبێت پەرەپێدان بەشێکی دانەبڕاو بێت لە پرۆسەی بە دیموکراتیکردن، ئیتر لەسەر ئاستی دامەزراوەکان بێت یان تاکە کەسەکان**

**پارتە سیاسییەکان کەناڵێکن بۆ نوێنەرایەتیکردنی بە کۆمەڵ بە شێوەیەکی باشتر و بە شێوی لۆبی بەرژەوەندیەکانی بەشێکی بەربڵاوی خەڵک، کە هەمان دەرفەت یان مینبەریان نییە بۆ قسەکردن**

گولان



## پرۆفیسۆر سكۆت مەینوارین بۆ گوڵان:

# پارتەكان سیاسەتی دیموكراتی بە دامەزراوەیی دەكەن و بێ بوونی پارتە سیاسییەكان سیاسەت دەگۆڕێت بۆ ململانێی شەخسی

پرۆفیسۆر سكۆت مەینوارین ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانكۆی ئۆكسفۆرد و تایبەتمەندە لەسەر پارتی سیاسی لەپرۆسەی دیموكراتی و لەسەر ئاستی جیهان وەك یەكێك لە بیرمەندانی سیاسەتی دیموكراتی سەیر دەكرێت و توێژینەوەكانی وەك سەرچاوە ئاماژەی پێدەكرێت، بۆ بەدواداچوونی رۆڵی پارتە سیاسییەكان لە كۆمەڵگەی دیموكراتی، چەند پرسیارێكمان ئاراستەی پرۆفیسۆر مەینوارین كرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.

**لە غیابی سیستمێكی پارتایەتی بە دامەزراوەییكراودا، كەسایەتیگەلێكی گەورە دێنەئاراوە كە بە زۆری پەیوەست نین بە پەرەپێدانی دیموكراسیەوە**

*** زۆربەی پسپۆرانی بواری دیموکراتی باس لەوە دەکەن دیموکراتی بەبێ حزبی سیاسیی بوونی نابێت، ئایا بۆچی بەبێ حزبی سیاسی دیموکراتی بوونی نییە؟**

- رەنگە گرنگترین هۆکار ئەوەبێت کە بە شێوەیەکی بەرنامە بۆداڕێژراو پێشنیارەکانی خۆیان لەبارەی چۆنیەتی حکومڕانیکردنەوە بۆ دەنگدەران دەگوازنەوە. و لە غیابی سیستمێکی پارتایەتی بە دامەزراوەییکراودا، کەسایەتیگەلێکی گەورە دێنەئاراوە کە بە زۆری پەیوەست نین بە پەرەپێدانی دیموکراسیەوە. پارتەکان سیاسەتی دیموکراتی بە دامەزراوەیی دەکەن و رێکی دەخەن. رەنگە کەسێك رەخنە لە پارتگەلێکی دیاری کراو بگرێت و راستیش بێت لە رەخنەگرتنەکەیدا، بەڵام لە غیابی پارتە سیاسیەکاندا سیاسەت دەگۆڕێت بۆ ململانێی شەخسی.

*** بەڵام وێڕای ئەم گرنگیە زۆر جار پارتە سیاسییەکان بەتایبەتی لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو ناتوانن هاوسەنگی نوێنەرایەتیکردن و وەڵامدەرەوەی خواستی خەڵك بن، ئایا لەم کاتەدا پارتەکان نابنە ئاستەنگ بۆ دیموکراتی؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە، پارتەکان ناتوانن وەڵامدەرەوەی داخوازی خەڵك بن، چونکە داخوازی خەڵك بەشێوەیەکی روون گوزارشتی لێنەکراوە، پێویستە پارتە سیاسییەکان مومارەسەی سەرکردایەتی بکەن، لە پاڵ وەڵامدانەوەی خەڵکدا. من دڵنیانیم لەوەی وەڵامێکی گشتی و موجەڕەد هەبێت بۆ پرسیارەکەی ئێوە، جگە لەوەی بڵێین هەردوولایان گرنگن، دەبێت پارتەکان مومارەسەی سەرکردایەتی بکەن و هەروەها وەڵامدەرەوەش بن. لەڕاستیدا مومارەسەکردنی سەرکردایەتی پرسێکی بایەخ و تەرکیزێکی کەمی لەسەرکراوە لە دیموکراسیەتە سەرکەوتووەکاندا.

*** بەڵام کە کێشەی لەوجۆرە دێتە ئاراوە، جۆرێك لە نامتمانەیی بە پارتەکان دروست دەبێت، ئەمەش زەمینە بۆ ئەوە دروست دەکات پۆپۆلیزم دەربکەوێت، ئایا ئەمەش مەترسی نییە بۆ دیموکراتی؟**

- من هاوڕام لەگەڵتاندا، زۆربەی کات پۆپۆلیزم مەترسیە بۆ سەر دیموکراسی. لەبارەی ئەوەی چۆن خۆمان لە پۆپۆلیزم لابدەین، ئەوا بەشێکی گرنگی وەڵامەکە پەیوەستە بەوەی دەبێت پارتی حکومڕان حکومڕانیەکی باش بکات، مەرج نییە لە هەموو شتێکی ئەدایان باش بێت، بەڵام ئەگەر بۆ ماوەیەکی دووردرێژ شکست بهێنن، ئەوا ئەوانی دیکە روودەکەنە کەسانی دەرەوە. کەواتە ئەمە بەشێکی گرنگی وەڵامەکەیە، پێویستە حکومەت تا رادەیەك ئەدایەکی باشی هەبێت.

*** لە سیستمی دیموکراسیدا، پێویستە پارتە سیاسییەکان ئەڵقەی پەیوەندی نێوان حکومەت و خەڵك و نێوان حکومەت و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بن، تا چەند بوونی پارتەکان گرنگە بۆ دروستکردنی ئەو هاوسەنگیە؟**

- پارتەکان یەکێکن لە ئەڵقەکانی پەیوەندی نێوان خەڵك و حکومەت، بەڵام گرنگترین ئەڵقەن، لەبەر ئەوەی لەڕێی پارتەکانەوە ئەو کەسانە هەڵدەبژێردرێن کە حکومڕانی دەکەن. هەندێ جاریش- نەك هەمیشە- رێکخراوەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان خەڵك بە حکومەتەوە گرێدەدەنەوە، ئەوان هەمیشە نوێنەرایەتی خەڵك دەکەن، بەڵام هەمیشە خەڵکی بە حکومەتەوە گرێنادەنەوە. بەشەکەی دیکەی پرسیارەکەتان لەبارەی رۆڵی پارتەکان لە دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنیدا. بە زۆری پارتەکان میکانیزمێکی زۆر گرنگن بۆ گرێدانی حکومەت بە کۆمەڵگەی مەدەنیەوە. دەکرێت وێنای بەدیلێك بکەین کە میکانیزمێکی راستەوخۆتر بێت، و هەندێ جار و لە هەندێ وڵاتدا و بە تایبەتی لەسەر ئاستی ناوخۆیی لە هەندێ وڵاتدا گرنگن، هەروەها پێموایە پەیوەندی پارتە سیاسییەکان بە کۆمەڵگەی مەدەنیەوە لاوازترە، بە بەراورد بە رابردوو. ئێستا بە زۆری دەبینیت کە پارتی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لێکدابڕاون و میکانیزمی گوزارشتکردن نین کە خەڵکی بە حکومەتەوە پەیوەست بکەنەوە، یاخود گوزارشت لە داخوازی خەڵك بکەن، بەڵام هەمیشە حاڵەتەکە ئەوەنەبووە کە پارتەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی بەو شێوە بەهێزە پێکەوە پەیوەست بن.

*** لە کۆمەڵگەی دیموکراتی موعارەزە فاکتەرێکی گرنگە بۆ بەرەوپێشەوەبردنی دیموکراتی، ئایا چۆن موعارەزە دەتوانێت وا لە حکومەت بکات بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە کار و حکومڕانی بکات؟**

- پێموایە ئەوەی ئێوە دەیڵێن راستە، بەشێکی ئەوەی موعارەزە بتوانێت رۆڵێکی ئیجابی ببینێت لەڕێی چاودێریکردنی کارەکانی حکومەتەوەیە و مومارەسەکردنی موعارەزەیەکی بەرپرسیارانە و پاراستن و بنیاتنانی دیموکراسی بە ئامانجێکی باڵا بزانێت، نەك بەرژەوەندی بەرتەسکی حزبایەتی. ئەوانە هەندێکن لەو کارانەی پێویستە موعارەزەی بەرپرس بیکات. پارتەکانی موعارەزە دەتوانن رۆڵێکی گرنگ ببینن کاتێك بەرپرسیارانە رەفتار دەکەن، پێویستە لە قۆناغێکدا پارتە سیاسییەکان بەرژەوەندی گشتی بخەنە پێش بەرژەوەندیە حزبیەکانەوە، ئەمەش لە سەرووی هەموو شتێکەوە بە مانای ئەوە دێت کە پرسی پاراستن و بنیاتنانی دیموکراسی بخەنە پێش بەرژەوەندیە حزبیەکانەوە. کەواتە چەند بیرۆکەیەك هەیە لەم رووەوە.

*** بەرای تۆ تاچەند پرۆسەی بەدیموکراتیکردنی ناوخۆی پارتە سیاسییەکان بۆ بونیادی دیموکراتی گرنگە؟**


- لەڕووی مێژووییەوە، نموونەی ئەو پارتانە هەبووە کە لە ناوخۆدا دیموکراتی نەبوونە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بەشداریەکی مەزنیان لە هێنانەئارای دیموکراسیدا کردووە. لەڕووی مێژووییەوە هیچ پارتێکی سیاسی نەبووە کە بە راستی دیموکراسی بێت لە ناوخۆدا. ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ مێژووی پارتە سیاسییەکانی بەریتانیا یان ئەمریکا، ئەوا لە ناوخۆدا دیموکراتی نەبوون. بەڵام لە جیهانی ئێستادا داواکاریەکی بەربڵاو هەیە بۆ هێنانەدی ئاستێك لە دیموکراسی لە ناوخۆی پارتەکاندا. هەڵبژاردنە سەرەتاییەکان گرنگترین رێگاچارەیەك وەك یەکێکە لە رێگاکان، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی شەفاف و رێکخراو بۆ هەڵبژاردنی سەرکردەکانی پارتەکە، رێگایەکی دیکەیە. کەواتە ئەوانە گرنگترین میکانیزمەکانن بۆ هێنانەئارای ئاستێك لە دیموکراسی لە ناوخۆی پارتەکاندا.

**رەنگە کەسێک رەخنە لە پارتگەلێکی دیاریکراو بگرێت و راستیش بێت لە رەخنەگرتنەکەیدا، بەڵام لە غیابی پارتە سیاسییەکاندا سیاسەت دەگۆڕێت بۆ ململانێی شەخسی**

**پارتەکان یەکێکن لە ئەڵقەکانی پەیوەندی نێوان خەڵک و حکومەت، بەڵام گرنگترین ئەڵقەن، لەبەر ئەوەی لەڕێی پارتەکانەوە ئەو کەسانە هەڵدەبژێردرێن کە حکومڕانی دەکەن**

**لەڕووی مێژووییەوە هیچ پارتێکی سیاسی نەبووە کە بە راستی دیموکراسی بێت لە ناوخۆدا. ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ مێژووی پارتە سیاسییەکانی بەریتانیا یان ئەمریکا، ئەوا لە ناوخۆدا دیموکراتی نەبوون. بەڵام لە جیهانی ئێستادا داواکارییەکی بەربڵاو هەیە بۆ هێنانەدی ئاستێک لە دیموکراسی لە ناوخۆی پارتەکاندا**

# لەبارەی فرەییەوە



عەبدولسەلام بنعەبدعالی*

بۆ گوڵان دەینووسێت

**لە فرەییدا دەنگەکان بریتی نییە لە زۆربوونی ژمارەکانی دەنگ، بەڵکو دەنگەکان لە چەقنەبەستوویی و بەستەڵەکنەبووندا واتای خۆیان دەسەلمێنن، پێکدا پژان و وتەقینەوەیانە بە ناوخۆی یەکتردا، هاوکات فرەیی لە حزبەکاندا ناکاتەوە ئەوەی بە بەردەوامی دروست بین و بێپچڕان دابمەزرێن، هێزی حزب و فرەییبوونی لەوەدایە ڕێگەت پێ بدات بە هەموو جیاوازییەکانتەوە جێگەیەکت تیایدا بێتەوە..**

وێڕای ئەم هاوچوونە وێکایەتییەی ئەمڕۆ لە ئارادایەو لە نێوان بەکارهێنانی زاراوەی فرەیی و زاراوەی جیاوازیدا جێی سەرنجمانە، ئەو تەوژمە فەلسەفیەی کە پەرەی داوە بە چەمکی فرەیی دوورتر لە واتاکەی ڕۆیشتووە، بە لایەنی کەمەوە لە سەرەتادا دوورتر لەو سەمتەی پێگەیەکی بۆ چەمکی جیاوازی بە هەرمێن کردووە، وەك دەشزانین سەمتە ئەڵمانیاییەکەی ئەوجا دواتریش فەرەنساییەکەی، بە سروشتی حاڵ ڕاستیەکە وایە کە پایەکەی زیاتر لەمە ڕێگە نادات بەوەی لە ئاست ئسوڵی فرەیی و جینالۆژیایدا هەڵوەستەبکەین، ئەگەر بە خێراییتر واتای ئەمە بدرکێنین، ئەو تەوژمە فەلسەفییەی ئەم چەمکەی گەشە پێداوە، بریتی بووە لە تەوژمی ئەزموونگەری، بە تایبەتیش لەلایەن فەیلەسووفێکی بەناوبانگی وەك داڤید هیۆمەوە پەرەی پێدراوە، وەك جیل دۆلۆزیش لە کتێبە بنەڕەتیەکەی خۆیدا کە لە ژێر ناوونیشانی (( ئەزموونگەری و خودگەرایی - سۆبژەیی -)) ئەمەی ڕوونتر کردبۆوە، ئەگەرچی گونجاو نییە لێرەدا شرۆڤەکانی جیل دۆلۆز بخەینە ڕوو، بە تەنیا ئەوەمان بەسە پوختەی کرۆکەکانی کە لامان مەبەستە لێرەدا چڕیان بکەینەوە..

زیندەبۆ بە لای ڕوانینی ئەزموونگەرەوە وابەستەیی و شتەدیارەکانەوە جەمسەرەکانی وەرناچەرخێنە سەر پێکهاتەکان، بوونی ڕاستەقینەیان بریتیە لە پێوەندییەکان، هەوانتە نییە کە جان فاڵ بەوە گوزارشتی لێوە دەکرد((بوونیان پابەندە بە پێدراوەکانەوە نەك بە ماهیەتەوە)) پەیوەندیگەل نادرێنەوە پاڵ جەمسەرەکان، پێوەندی کرۆکی سۆبژەیە، نەك پێچەوانەکەی، پێوەندییەکان خۆیانن کە توخمەکان درووست دەبن لێیانەوە نەك لە نێوان توخمەکانەوە لە دایك بووبێتن، بەرایی دراوە بە پێوەندییەکان و شتەدیارەکان زیاتر، نەك بە جەمسەر و سنوورەکان، هیچ شتێك نییە لە زاتی خۆیەوە وەدیهاتبێت، هەر ڕەگەزو توخمێك لە دایك دەبێت لەو شتەی تێیدەپەڕێنێت و لێی دەرباز دەبێت، بوونێك نادیترێتەوە بۆ هیچ یەکگرتوویەك، هەرچی هەیە بریتیە لە کرانەوەی کۆتایی و بزۆکی چوونەوەناویەك و فرەییەك کە لێکدانابڕدرێت..

ئەم چەمکە لەسەرزیندەبۆ وەك لێکبەستراوێکی کاتیی بزۆك، بۆ هیچ ڕێبازگەیەکی بەرگر ملکەچی ناکات، بێگومان پاڵنەرمان دەبێت بۆ چاوخشاندنەوە بە چەمکی ناسنامەی زاتەوە(سۆبژەوە)، ڕەنگە هەر ئەوە هۆکار بێت بۆ ئاڵۆزبوونی مەسەلەی فرەیی، خستنەڕووشی وادەکات ئەو چەمکانەش بخەینەڕوو کە گرنگترینیان پێوەندیدارە بە خودی سۆبژەوە، ئێمە هەرگیز ناتوانین دروشمی فرەیی لێ هەڵبڕین و لە هەمان ساتەوەختیشدا واتای ناسنامە بە شێوازە تەقلیدیەکە بپارێزین، مادامەکێ وا تەماشای ناسنامە بکەین وەك ئەوەی ناسنامە بریتی بێت لە پێدراوێکی ئامادە بوو یان دیاریکراوێکی بەرگر، ئا بەم شێوەیە ناتوانین فرەیی تەبەنا بکەین..

ئەگەرئێمە بڕوا بێنین بەوەی کە دەربارەی زیندەبۆ وتمان لە شێوەی لێکبەستراوەیەکی زەرفیی بزۆکدا،بەو شێوەیەیە کە

ناســـنامە دەبێتە چەمكێكی لاوەكی، مەبەستمە بڵێم دووبارە دبێتەوە، مادامەكێ دروستبوویەكی نێوان جەمسەرەكان بێت، وێڕای ئەوەش بژاردەكە لێرەدا بەو شـــێوەیە ناخرێتە ڕوو وەك ئەوەی ئیســـپات بوونێكی ناســـنامەو ڕەتكردنەوەیەكی وی بێت، بەڵكە لە نێوان ناسنامەیەكی كراوە بەسەر تواناگەلێكی فرە جۆردایە، هەندێكیشـــیان لە ڕووی ئەزەلیەوە دیاریكراون، لێرەدا ناســـنامە دەبێتە كۆكەرەوەیەك بەســـەرتاكەوە، بە پێی وتـــەی دۆلۆز بریتیە لە پێكهاتەیەكـــی جیۆگرافیایی نەك دروستكراوێكی مێژوویی..

مەسەلە ســـەرەكییەكە ناگەڕێتەوە بۆ ئازادبوونی فرەیی بوونەكە، بەڵكو دەگەڕێتەوە بۆ ئاڕاستەكردنی فیكر بە دیوی چەمكـــی نوێی یەكتادا، ناشـــكرێت لەمەوە وا تێبگەین كە بەرابەربوون لە بنەڕەتدا لە نێوان ناســـنامەو فرەیی پێكدێت، بەڵكو لە نێـــوان ئەمەی دواییان و چەمكـــی زۆرینەدایە، فرەیی ناكەوێتە ڕووبەڕووی یەكتا، بەڵكو دەكەوێتە بەرانبەر زۆرینە..

زۆرینـــە بۆ خـــۆی فرەییەكـــی چەندایەتـــی لێكدابڕە، فرەییەكـــی ژمێركاركـــراوە مادامەكی لەســـەر حیســـابی میكانیزمی پێكهاتەیی هەمان گرووپی ژمارە سروشتیەكان دەوەستێتەوە، مەبەستمە بڵێم لە ڕێگەی زیادكردنی یەكەیەك بۆ یەكەكان، زیادكردنی دەنگێك لەســـەر دەنگەكان، زمانێك لەسەر زمانەكان، بیروڕایەك لەسەر بیروڕاكان، حزبێك بەسەر حزبەكانەوە..

ئەگەر زۆرینە لەســـەر چەمكی یەكێتـــی پێكهاتبێت و شـــیبوبێتەوە بۆ ئەژمێرەكان، ئەگـــەر زۆرینە زۆربەیەك بێت لە یەكـــەكان، كەواتە فرەیی بریتیە لـــە خەلخەلەی هەمان چەمكی یەكەی ســـۆبژە، بریتیش دەبێت لە تێكەوپێكنانی دووانەیـــی یەكە/فـــرە، زۆرینەش زۆرینەیەكـــی دەرەكییە، بـــەڵام فرەیی لە ناوجەرگەی یەكەدا نیشـــتەجێ دەبێت، وا لە پێوەندییەكـــە دەكات یەكلابێتەوە بۆ جیابوونەوە، یەكێتیش جووڵە دەگرێتەوەو جەمســـەرەكان لە خۆ دەگرێتەوە، پێوەندی یەكێتـــی بە فرەیی وەك پێوەندی هەمووەكی نییە بە پارچەو كەرتەكانەوە، یان پێوەندی كۆ نییە بە پێكهاتەكانیەوە، بەڵكو وەك پێوەندی ناسنامەیە بە جیاوازییەكانەوە..

یەكایەتی لە زۆرینەدا یەكانەیەكـــی چڕكراوەیە، هەموو توخمەكان دەباتەوە بۆ سەر ڕەگەزێكی بنەڕەتی، دەیگێڕێتەوەو چڕیدەكاتەوە، وەك چۆن(كرداری لێدەركردنەكان لە ماتماتیكدا چڕدەكرێنـــەوە، دەبرێنەوە ســـەر لێكەمكردنەوەیەكی ســـادە وەك وای پـــێ دەوترێت) بە شـــێوەیەك توخمەكانی تر نابنە تاكەتاكەی هاوشـــان بە یەكتری، بەڵكو دەبنە پێكهاتەگەلێك كـــە لە ژێـــدەرەوە هەڵدەقوڵێن، یان دەبنە لـــك و لە بنەچەوە دروســـت دەبنەوە (ســـاناترین كرداری لێدەركردنەكان لە چڕبوونەوەیاندایـــە، لە زانســـتی ژمارەدا) ئـــەم یەكبوونی چڕكردنەوەیە، لەبری ئەوەی زیاتر ئەسڵ لە كەرت و لكەكان جودا بكاتەوە، یان زیندەبۆی ســـادە لە داڕێژراوەكان، یان لە نێوان خانەی بنەڕەت و خانەكانی لاوەكیدا ئەمیان بگێڕێتەوە بۆ ئەویان..

بەڵام فرەیی بەوەدا كە حســـابی نییەو وابەســـتە نییە بە زانستی سیستمەوە( واتا نەبەستراوەتەوە بە زانستی ژمارەیی ) ناهێڵێـــت توخمەكانی لە خانەبەندیـــدا ڕێكبخرێن، بەڵكو لە فەزایەكدا درێژدەبێتەوە كە وا لە هەر توخمێك دەكات شانسی خۆی لە جیاوازبووندا تاقیبكاتـــەوە، ڕێگە بە تاك تاكەكان دەدات شانســـی خۆیان لە بوونـــدا وەربگرن، لێرەوە یەكایەتی بە شـــێوازێكی وەها زیندووێتی خۆی بەدەســـت دێنێت، بەو شێوەیەی فرەیی قبوڵ بكات، فرەیی لێرەدا دەبێتە چەمكێكی ناواخن بووی وەها كە یەكێتی فڕێ دەدات و پەلەكان دەگرێتە خۆ، مرۆڤی فرەییخواز ئەو كەسە نییە كە چەند پاسپۆرتێك لە گیرفانیدایە، ئەوەیشـــیان نییە كـــە بە فرە زمان دەدوێت، بەڵكو ئەو زیندەبۆ سیندیبادییەیە كە لە نێوان زمانەكاندا یان لە نێوان فرە كەلتووردا دەبینرێتەوە..

لەم حاڵەتـــەدا وا تێدەگەیـــن لە گوتـــاری هاوچەرخدا پێوەندیكارییـــەك لە مابەینی چەمكـــی فرەیی و چەمكی جیاوازیی هەیە، مادامەكی هەر یەكەیان یەكبوون وەلادەبات و لكەكان دەگرێتە خۆ ))

كەواتە فرەیی واتای لەدایكبوونێكی ناپچڕاو ناگەیەنێت، ســـوود بە زۆری زۆرینە ناگەیەنێت، بـــە نموونە لە بواری سیاسەتدا، زۆربوونی حزبەكان و دامەزراندن و دروستبوونیان گرنـــگ نییـــە، بەڵكو گرنـــگ ئەوەیە حـــزب كارایی و ئەكتیڤبوونێكـــی وەهای هەبێت كـــە بتوانێت فرە دەنگی و فرە بیروڕایی لە خـــۆی بگرێت، كەواتە فرەیی چەمكێكی ناوەكییە، نەك چەمكێكی دەرەكی..

لە فرەییدا دەنگـــەكان بریتی نییە لە زۆربوونی دەنگ، بەڵكو دەنگەكان لە چەقنەبەســـتوویی و بەســـتەڵەكنەبووندا واتای خۆیان دەسەلمێنن، پێكداپژان و وتەقینەوەیانە،هاوكات فرەیی لە حزبەكاندا ناكاتەوە ئەوەی بە بەردەوامی دروســـت ببن و بێپچڕان دابمەزرێن، هێزی حزب و فرەییبوونی لەوەدایە ڕێگەت پێ بدات بە هەموو جیاوازییەكانتەوە جێگەت تیایدا ببێتەوە، لە دەرەوەشـــیدا ڕكەبەری نەبیت،بەم واتایەوە فرەیی ڕزگاربوون و ڕێگەیەكە بۆ جیابوونەوە لە سۆبژە، بە مەرجێك وا لێی نەڕوانرێـــت وەك زۆربوونێك یـــان وەك زیادبوونێكی یەكێـــك بۆ یەكەكان، ئەم كارە ڕەنگە بـــەوە بپێورێت وەك لە فرەیی زمانەوانی ئەوە دەزانین كە چەسپاوییەك نییە لە نێوان چەند ناوازەیەكی تایبەت بە یەكە زمانەوانییەكان، لەم بارەیەوە دۆلۆز نووسیویەتی (( پێویستە لەسەرمان دوالیزمەیی زمان بیـــن، تەنانەت لە ناو خودی زمانیشـــدا، پێویســـتە زمانی كەمایەتی بخەینە ناو زمانی زاتمانەوە، پێویستە زمانەكەی خۆمان بە كەمایەتی بەكاربهێنین، فرە زمانیی ناكاتە ئەوەی سیســـتمێكی زۆر لـــە خۆبنێین كە هـــەر یەكەیان بۆ خۆی لەگەڵ زاتی خۆی هاوكوف بێت، بەڵكو سەرەتا بریتی دەبێت لە هێڵی ڕاكردن یان هەمەجۆری هەر سیســـتمێك كە ڕێ لە هاوكوفـــی و هاوچوونایەتی بگرێت، نەك وەك ئیرلەندی یان ڕۆمانی بە زمانێكی جیاواز لە زمانی خۆمان بدوێین، بەڵكو بە پێچەوانەوە لە ناو زمانی خۆماندا وەك بێگانە بدوێین )).

*** بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانكۆی ڕبات**

**مرۆڤی فرەییخواز ئەو كەسە نییە كە چەند پاسپۆرتێك لە گیرفانیدایە، ئەوەیشیان نییە كە بە فرە زمان ئاخاوتن دەكات، بەڵكو ئەو زیندەبۆ سیندیبادییەیە كە لە نێوان زمانەكاندا یان لە نێوان فرە كەلتووردا دەبینرێتەوە**

**فرەیی لە فەزایەكدا درێژدەبێتەوە كە وا لە هەر توخمێك دەكات شانسی خۆی لە جیاوازبووندا تاقیبكاتەوە، ڕێگە بە تاك تاكەكان دەدات شانسی خۆیان لە بووندا وەربگرن، لێرەوە یەكایەتی زیندووێتی خۆی بەدەست دێنێت**

**لە فرەییدا دەنگەكان بریتی نییە لە زۆربوونی دەنگ، بەڵكو دەنگەكان لە چەقنەبەستوویی و بەستەڵەكنەبووندا واتای خۆیان دەسەلمێنن**

# پارتی دیموکراتی کوردستان فرەیی قبوڵەو لە هەڵبژاردن ناسڵەمێتەوە



خەسرۆ گۆران*

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

هەڵبژاردن پرۆسەیەکی دیموکراتییە کە رووی گەشاوەی ئەو گەل و وڵاتە دەخاتەڕوو کە هەنگاو بەرەو دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دەنێت و ئاسوودەیی و پەرەپێدان لە هەموو بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتووری دێنێتەئاراوە، گرنگترین هەنگاوی سەرەکی ئێمەش وەکو هەرێمی کوردستان لەوەدایە کە بۆ دۆست و دوژمنان ئەوە بسەلمێنین کە گەلی کوردستان پەرۆشی بیناکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکانە،پارتی دیموکراتی کوردستانیش وەك هێزی سەرەکی و حزبێکی دێرینی ئەم کوردستانە هەمیشە بڕوای پتەوی بە پرۆسەی دیموکراتی و هەموو شێوازەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان هەبووە،لەدوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بۆ یەکەم جار جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی لەبەردەم ئاپۆڕای جەماوەر لە شاری کۆیە بەڕاشکاوی ئاماژەی بەوەکرد کە ئیدی کاتی هەڵبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانە و لەم بارەیەوە دووپاتی کردەوە کە پارتی بۆ ئەم مەبەستە پێشەنگ دەبێت و شان بە شانی حزب و لایەنە کوردستانییەکان بەشداری تێدا دەکات،بەڵگەشمان هەڵبژاردنەکانی یەکەم پەرلەمانی کوردستانە کە لە ساڵی ١٩٩٢ ئەنجام درا و پارتی توانی زۆرترین کورسییەکان بەدەست بێنێت، هەروەها لە ساڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٩ و ٢٠١٠ و بە هەموو بەرپرسیارێتییەکی نیشتمانی و نەتەوەییەوە و بێ هیچ دوودڵییەك بەشداری لە سەرجەم هەڵبژاردنەکاندا کردووە و ئەنجامی بەرچاویشی بەدەست هێناوە.

سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان کە پێشنیارکراوە ئەمساڵ ئەنجام بدرێن، پارتی دیموکراتی کوردستان بە راشکاوی راوبۆچوونی خۆی لەسەر ئەم بابەتە گرنگە دەربڕیوە، ئەوەبوو بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان چەند مانگێك لەمەوبەر بڕیارێکی دەرکرد بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە رۆژی ٢٠١٣/٩/٢١، سەبارەت هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نامەیەکدا کە ئاراستەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان کرد داوای لێکرد کە رەزامەندی و ئاسانکاری بکات تاکو لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان ئەوەی پارێزگاکانیش ئەنجام بدرێت، بەڵام وەڵامی کۆمسیۆن ئەوە بوو کە لەبەر ئەوەی لەم ماوەیەدا لە توانایاندا نییە ئەو ئامادەکارییە بۆ هەردوو هەڵبژاردن بکەن،جارێکی دیکە جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بڕیارێکدا رۆژی ٢١٠٣/٩/٢١ ی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەست نیشانکرد،دیارە ئەمە دووپاتکردنەوەی بیروبۆچوون و رای پتەوی پارتییە لەسەر ئەنجامدانی ئەو پرۆسە دیموکراتییە و رەتکردنەوەی ئەو دەنگۆ و قسەو قسەڵۆکانەیە کە هەندێ لایەن لە کوردستاندا بەردەوام بەرگوێی خەڵکی دەدەن و دەیانەوێ بەم رێگەیە



**لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بۆ یەکەم جار جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی لەبەردەم ئاپۆرای جەماوەر لە شاری کۆیە بەڕاشکاوی ئاماژەی بەوەکرد کە ئیدی کاتی هەڵبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانە**

سۆزی خەڵکەکە بۆ خۆیان رابکێشن، کە گوایە پارتی دیموکراتی کوردستان رێگرەو نایەوێت هەڵبژاردنەکان لە وادەو ساتەکانی دیاریکراوی خۆیاندا ئەنجام بدرێن،ئێمە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان بە هیچ شێوەیەك لە کۆبوونەوەو گفتوگۆکانی خۆماندا وەکو دەزگای هەڵبژاردنی پارتی باسمان لە دواخستن یان ئەنجام نەدانی هەڵبژاردنەکان بە هیچ شێوەیەك نەکردووەو نایکەین، ئێمە داوا دەکەین هەڵبژاردنەکان لە وادەی خۆیاندا بکرێن و هیچی تر دوانەخرێن.

هەندێ لەو لایەن و حزبانەی کە لێرەو لەوێ لێدوانی بێ بنەمایان لە میدیاو دەزگاکانی راگەیاندن دەدا کە گوایە پارتی رێگربووە لە بەردەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەڵام ئێستاش کە بۆیان دەرکەوت دوای ئەو وادەیەی کە رێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان دیاری کرد هەروەها ئەو وادەیەی کە بەرێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست نیشانی کرد بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، کە پارتی سوورە لەسەر ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە جارێکی دیکە بیانوو و کۆسپ دەدۆزنەوە گوایە ناوی زیادە هەیە بە تایبەتی ناوی مردووەکان یان ناوی دووبارە هەیە کە لەسەر پارتی حسێبیان کردووە، بێجگە لەوەش تۆمەتی ئەوە دەخەنە پاڵ کۆمسیۆن کە گوایە سەربەخۆ نییە، ئێمە وەکو دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەربارەی ئەو بڕوبیانووانە پێمان وایە ئەمە ترس و دوودڵییە لە هەڵبژاردنەکان و شاردنەوەی راستییەکانە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکان دوابخرێن یاخود هەر نەکرێن، چونکە لای هەموو کەس ئاشکرایە کە ئەوانەی مردوون لە هەرێمی کوردستان و لە لیستی تۆماری دەنگدەران ناویان هەیە، هەموویان مردووی پارتی نین یان ئەوانە هەموویان خەڵکی هەولێر نین، بەڵکو مردووی هەموو لایەن و حزبە سیاسییەکانی تێدایە، یان سەر بە شارێك یان شارۆچکە یان گوندێکی دیاریکراو نین، بەڵکو دانیشتووی زۆربەی شارەکانی هەرێمی کوردستانن، وروژاندنی ئەم پرسە لەم ئان وساتەدا تەنیا بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنە یان بۆ راکێشانی هەست و سۆزی خەڵکی ساویلکەیە کە دەیانەوێت راستییەکانیان لێ بشارنەوەو لەم رێگەیەوە تۆمەتی بێ بنەما بخەنە ئەستۆی پارتی دیموکراتی کوردستان کە چاوپۆشی لە ناوی زیادە دەکات، ئەمانە ئەگەر بیانوو نەبن هیچی دیکە نین،چونکە پێشتر هەڵبژاردنی دیکەش لە کوردستان ئەنجامدراون، ئەو لایەنانە دەتوانن دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان داوا پێشکەش بە کۆمسیۆن بکەن هەر هەڵەیەك لە ناوی تۆماری دەنگدەران هەبێت بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دووبارە نەبێتەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان لە روانگەی بڕوای چەسپاو و دامەزراوی خۆی بە پرۆسەی دیموکراتی هیچ کاتێك لە هەڵبژاردن نەترساوەو ناترسێت و بێ سڵەمینەوە ئامادەیە وەکو حزب و هێزێکی جەماوەری لەم هەرێمەدا لە هەر کات و وادەیەك کە کۆمسیۆن دیاری بکات بەشداری بکات کە بەلای ئێمە ئەوە گرنگ نییە وادەکەی کەی بێت، ئەگەر بۆ چەند مانگێکیش دوابخرێت، تەنانەت ئەگەر پێش ئەو وادەیەش کە ئێستا دیاریکراوە ئەنجام بدرایە،ئەوەی لای ئێمە وەکو پارتی زۆر گرنگە ئەوەیە کە بەر لە هەموو شتێك پارتی وەك لایەنێکی سەرەکی و بەشدار لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان ئامانجی ئەوەیە کە رووی دیموکراسی و شارستانی پیشانی دۆست و دوژمنانمان بدەین کە ئێمە وەك پارتی و سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی گەلی کوردستان هەمیشە پەرۆشی پێشکەوتن و دیموکراسی و بەیەکەوەژیان و بیناکردنی حکومەتی دامەزراوەیی و بنکە فراوانین بۆیە هەڵبژاردن بە بنەمای ئەو ئامانجە گشتییە دەزانین.

**ئێمە وەک پارتی و سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی گەلی کوردستان هەمیشە پەرۆشی پێشکەوتن و دیموکراسی و بەیەکەوەژیان و بیناکردنی حکومەتی دامەزراوەیین**

*** بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان**



## هۆشیار زێباری

### وەزیری دەرەوەی عێراق بۆ گوڵان:

# وای دەبینم هەتا بەهاری ٢٠١٤ بارودۆخی عیراق گۆڕانكاری ئەوتۆی بەسەردا نەیەت..



**قسەو باسی ئێستا لەسەر ئەوە نییە چۆن بارودۆخی عێراق سەقامگیر دەبێت و چۆن پێکهاتە سیاسییەکان پرۆسەی سیاسی عێراق راست دەکەنەوە، بەڵکو قسەو باس لەسەر ئەوەیە چۆن پێکهاتە جیاوازەکان و لایەنە سیاسییەکان، ئیدارەی ئەم بارودۆخە دەدەن تا بەهاری ٢٠١٤ و هەڵبژاردنێکی نوی لە عێراق ئەنجام دەدرێت، سیاسەتمەداران و چاودێران وای بۆ دەچن کە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عیراق گۆڕانکارییەك لە هاوکێشەی هێز دروست دەکات و ئەمەش دەرفەت دروست دەکات بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بێتە ئاراوەو ئەم گۆڕانکارییانەش دەبنە دەروازەیەك بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکرێت، بەڵام ئەوەی ئێستا لەسەر ئەرزی واقیعی عیراق دەیبینن، ئەوەیە هەڵکشانێکی سەرسوڕهێنەری کارە تیرۆریستیەکانە کە شارەکانی عیراقی (بێجگە لە هەرێمی کوردستان)ی گرتۆتەوە، ئەم بارودۆخە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت کە جڵەوی عیراق لەدەست بچێت، بەڵام هەموو بەرپرسانی حکومەتی فیدراڵی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هێشتا بارودۆخەکە قابیلی چارەسەرکردنەو دەکرێت پرۆسەی سیاسی رێکبخرێتەوە، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی ئێستای عیراق، گوڵان بە پێویستی زانی سەردانی وەزارەتی دەرەوەی عیراقی فیدراڵ بکات و لە نزیکەوە ئەم پرسە لەگەڵ بەڕێز هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عیراق تاوتوێ بکات، بە سوپاسەوە بەڕێزیان پێشوازی لە گوڵان کرد بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

**گوڵان:** ئەو بارودۆخەی ئێستا کە عیراق پێیدا تێدەپەڕێت، لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا خراپی و ناهەمواری وەك ئەمەی ئێستای بەخۆیەوە نەدیوە، وەك ئامارەکانیش بەدیاریان خستووە، مانگی تەمووز خوێناویترین مانگ بووە لە عیراقدا، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە عیراق لە ڕووی سەقامگیربوونەوە بەرەو بارودۆخێکی ئێگجار ناهێور دەچێت، ئایا بەڕێزتان وەك وەزیری دەرەوەی عیراق چۆن لەو بارودۆخە دەڕوانیت؟

**هۆشیار زێباری:** ئەو ڕووداوانەی لە مانگی تەمووز ڕوویاندا گەڕانەوەو پاشەکشێیەکی سەرتاپاگیر نەبوو، دەتوانم بڵێم بە تایبەتی لە دۆسێی ئاسایش پاشەکشێ ڕوویداوە، ئەوەش گوزارشت بووە بۆ ئەوەی کە لە دامودەزگاکانی ئاسایشی حکومەتی عیراقیدا کەموکورتییەکی زۆرهەیە، ئێمە چەندین جار داوامان کردووە ئەوانەی کەمتەرخەم یان بەرپرسیاربوون، لێپرسینەوەیان دەرهەق ئەنجام بدرێت، ئیتر لە هەر پۆست و هەرکەسانێك بن، چونکە مەعقوڵ نییە ڕۆژانە ٤٠تا٥٠ هاووڵاتی سڤیلی بێگوناه لەسەر شەقامەکان و لە مانگێکی پیرۆزی وەك مانگی ڕەمەزاندا دەکوژران، ئەم گرفتە لەسەر هەموو ئاستەکان باسی لێ کراوە، چ لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران یان لەسەر ئاستی سەرکردایەتییە سیاسییەکان، منیش لەم ماوەیەدا سەردانێکم هەبوو، هەمان بابەتم لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپی و ناتۆو ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش باس کردوون، ئەگەرچی بۆهەموولایەکمان روون کردۆتەوە کە عیراق جارێکی تر مەترسی لەسەر نییە تووشی شەڕی ناوخۆیی یان شەڕی تایەفەگیری ببێتەوە، بەڕاستیش هێشتا عیراق نەگەیشتۆتە ئەو قۆناغە یەکجار مەترسیدارانە، بەڵام پاشەکشەی دۆخی ئاسایش لەم وڵاتەدا جێی لەسەروەستانەو پێویستە نەك هەر تەنیا بە قسەو ڕاگەیاندراو، بەڵکو بە کردەوە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە..

**گوڵان:** بەڕێزت یەك دوو مانگ پێش ئێستاش کاتێك خاتوو کریستیان ئەمانپووری ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی CNN هەمان پرسیاری سەبارەت بە ئەگەری هەڵایسانی شەڕی ناوخۆی عیراق لە بەڕێزتان کردەوە، دیسان بەڕێزتان جەختتان کردەوە لەسەر ئەوەی هێشتا عیراق نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی پێی بووترێت شەڕی ناوخۆ تێیدا ڕوو دەدات، بەڵام هێندەی پێنەچوو لە لایەن تیرۆریستانەوە بەندیخانەی ئەبوغرێب شکێنراو بە سەدان تیرۆریست لێی هەڵهاتن، ئایا ئەگەر ئێستا هەمان ئەو پرسیارەی (سی ئێن ئێن) ت ئاڕاستە بکەینەوە تا چەند گۆڕانکاری بەسەر وەڵامەکەتدا دێت؟

**هۆشیار زێباری:** هەمان وەڵامم هەیە بۆ ئەو پرسیارەی

کریستیان ئامانپوور ئاراستەی کردم، وەك لە وەڵامی پرسیاری پێشووشدا جەختم لەسەرکردەوە کە ئێمە لەو بڕوایەدا نین عیراق جارێکی تر بکەوێتەوە ناو شەڕی ناوخۆیی، هێشتا ماویەتی چونکە دروست بوونی ئەو شەڕانە زۆر پاشخان و دیاردەی هەیە، هەلومەرج هەن بۆ دروست بوونی شەڕی ناوخۆ کە ئەو هەلومەرجانە ئێستا بوونیان نییە، ڕاستە کوشتارو کردەوە تیرۆریستیەکان لە هەڵکشاندایە، بەڵام ئەوەی لەم دواییەدا لە زیندانەکانی تاجی و ئەبوغرێب ڕوویدا شکستێکی گەورە بوو، بۆ شکاندنی هەیبەتی حکومەت و بۆ دامودەزگا ئەمنیەکان شکست بوو، چونکە هەرچی شرۆڤەکاریی و هەنجەت بێنینەوە، ناگەنە ئەو ئاستەی ڕووداوێکی وا، کە پێویست بوو چارەسەر بکرانایە، ڕاستە ئەم دۆخەی کە لە نائاسایشی و ناسەقامگیری ئێستا هەیە، بەشێکی لە ئەستۆی پرۆسەکانی ناکۆکی سیاسیدا مۆڵ دەخوات..
بە تایبەتی ئێستا لە نێوان هاوپەیمانی نیشتمانی شیعەو لیستی ئەلعیراقیەی سوننە، کە لەو نێوانەدا ڕێکخراوی قاعیدە بە خراپ سوودی لێ دیوەتەوەو قۆستویەتییەوە، هۆکارەکەی ئەمەیە کە دووبەرەکی دروست بووە ، سەبارەت بە چارەسەریش یەکەمین شت پێویستە بە چارەسەرێکی سیاسی ئەم دووبەرەکییە یەکلایی بخرێتەوە، پێشتر ئەو پارێزگایانەی وەك ئەنبارو نەینەواو دیالاو سەلاحەدین بۆ ماوەیەك بە پشتگیری هێزەکانی ئەمریکاو حکومەتی عیراقی، ڕێکخراویی تیرۆریزمی قاعیدەیان لە ناوچەکەکانی خۆیان وەدەرناو هێزەکانی سەحوەیان پێکهێنا، ئەو کات قۆناغێکی یەکلاکەرەوە بوو بۆ قۆناغەکانی شەڕ لە دژی تیرۆریستان، ئێستا ئەم خەڵکانە هەمان ئەو حەماسەتەی جارانیان نەماوە کە ڕێگە بە ڕێکخراوی قاعیدەو تۆڕە تیرۆریستیەکان و ئەندامانی کۆنە بەعسی نەدەن، بەڵکو چاویان لێ دەپۆشن، هاوکات ئەم شەڕو پێکدادانانەی لە ناو سووریاش هەیە کاریگەریی هەبووە بۆ دۆخی ناوخۆیی عیراق، ئەویش لەبەر هۆکاری جیۆگرافی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و زۆرهۆکاری تریش ئەو پاشخانانە هەن، بۆیە دیسان دووپاتی دەکەمەوە عیراق نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی دوچاری شەڕی ئەهلی یان تایەفەگەری ببێتەوە، ڕاستە کارو کردەوەی تیرۆریستی و ڕێژەی کوشتار زیاد بوون، بەڵام قابیلی چارەسەرکردنە، خاڵێکی تریش هەیە هەموو خەڵکی عیراق و گشت هێزە سیاسییەکان لەو بڕوایەدا نیین کێشەکانی عیراق بە تایبەتی کێشە سیاسییەکانی بگەنە چارەسەرێکی گونجاو، هەموو لایەك قەیرانەکە بەرێدەخەن تا هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٤ی دادێت، لەبەرئەوە لە ئێستاوە تا بەهاری ساڵی ٢٠١٤ من شەخسی خۆیشم لەو بڕوایەدا نیم کە لە بارودۆخی عیراقدا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی ببێت، تەنیا مەسەلەکە ئەوەیە ئەم ٧ـ ٨ مانگەی کە ماوەتەوە چۆن لێی دەرباز دەبین..

**گوڵان:** عیراق وەك دەوڵەت کۆمەڵێك تایبەتمەندیی گرنگی هەیە، هەر یەکەیان بۆ خۆی هێزێکی داوەتە ئەم وڵاتە، بە نموونە گەورەترین وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوتە، هەروەها وڵاتێکی کشتوکاڵی و گەشتیاریشە، لە هەمووشی گرنگتر وڵاتێکە خاوەنی دەستوورێکی دیموکراتییە، کە بە ڕێژەیەکی بەرزی دەنگی گەلانی عیراق دەستوورەکەی دانراوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی ئەم هەموو سەرچاوە هێزانەی لە عیراقدا بوونیان هەیە، ئەمانە نەبوونەتە بنەوا بۆ وەگەڕکەوتنی هێزێکی ئەوتۆ تا بە هۆیەوە سەقامگیری لە عیراقدا دروست بکەن؟

**هۆشیار زێباری:** هۆکاری بنەڕەتی ناسەقامگیری لە عیراق نەبوونی حوکمڕانی باشە، بە تەنیا حکومەت بەرپرسیاری لەسەر شان نییە بۆ خستنەئەستۆی ئەم حوکمڕانی باشە، بەڵکو خەڵکان و لایەنانێکی تریش بەرپرسیارن لە پیادەکردنی حوکمڕانییەکی باش، واتا عێراق قەیرانی نەبوونی حوکمێکی پاك و بێگەردی هەیە ئەگینا هەموو شتێکی تر لە عیراقدا بوونی هەیە، بەڵام تەنها حوکمڕانیی باش بوونی نییە، هەربۆنموونە عیراق، نەوت و سەرچاوەی مرۆیی و سروشتی باش و پشتگیری هەموو وڵاتانی دنیاشی هەیە، پێوەندییەکانی عیراق لەگەڵ زۆربەی زۆری دراوسێیەکانیدا چاك بۆتەوە، لە بەندی حەوتەمیش دەرچووە، تا دەرفەت وەربگرێت ڕۆڵێکی سروشتی ببینێت لە جیهاندا، ئەمانە هەمووی لە بەرژەوەندی عیراقێکی دیموکراتی فیدراڵی یەکگرتووە، بەڵام نەبوونی کارگێڕایەتی و بەڕێوەبردنی دەوڵەت واتا نەبوونی حوکمڕانیی باش، هەموو بارودۆخەکەی ئاڵۆز کردووە و نەتوانراوە وەك پێویست سوود لەم سەرچاوەی هێزانە وەربگیرێت؟

**گوڵان:** زۆربەی چاودێران پێیان وایە بارودۆخی عیراق بە هەر لایەك بڕوات کاریگەریی سلبی و ئیجابی لەسەر سیاسەتی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی دەبێت، بۆ نموونە ئەگەرعیراق ببێتە دەوڵەتێکی دیموکراتیی سەقامگیر ئەوە هەم لەسەر ئاستی سیاسەتی هەرێمایەتی هۆکارێك دەبێت بۆ سەقامگیری هەرێمایەتی ناوچەکە، هەروەها لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش هۆکارێك دەبێت بۆ هاوسەنگبوونی وزەی نێودەوڵەتی، پێچەوانەشی هەر ڕاستە ئەگەر عیراق ناسەقامگیر بێت ئەم حاڵەتەی لەسەر ناسەقامگیربوونی ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی ڕەنگ دەداتەوە، پرسیاری سەرەکیی ئێمە لێرەدا ئەوەیە ئایا بۆچی پێکهاتە سیاسییەکانی عیراق هەموو پێکەوەنابن بۆ ڕاستکردنەوەی هاوکێشەی سیاسی عیراق؟

**پێویستە پەیامی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد پەیامێکی برایانە بێت بۆ پێکەوەژیان تا گەلی کورد بەم کۆنگرەیەش بیسەلمێنێت کە گەلێکە هەمیشە لە مێژوودا هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە بووە مافەکانی بە ڕێگەیەکی ئاشتیخوازانە بەدەست بێنێت و بەو شێوەیەش کێشەکانی چارەسەر بکات..**

**گەلانی عیراق بەگشتی ئەم سەردانەی دوایی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیان بۆ بەغدا پێ ئیجابی بوو، ئەمە بۆ گەڕانەوەی متمانە بەیەکتر کردنەوە بوو، بۆ ئەوەی چارەسەرکردنی کێشەکان ئاسان بن**

**سەردانی جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا، خاڵی وەرچەرخان بوو بۆ گۆڕینی کەشوهەوای پێوەندییەکانی نێوان هەولێرو بەغدا**

**هۆشـــیار زێباری:** لەبەرچەند هۆیەك، لەوانە هۆكاری هەرە ســـەرەكی ئەوەیە ئێمە دەستوورێكمان ئیقراركردووە، گەل دەنگی لەســـەرداوە بۆ ئەوەی ئەم دەستووورە ژیانی نێو كۆمەڵگەو دەوڵەت ڕێكبخات، بەڵام تاكو ئێستا ئەم دەســـتووورە وەك كتێبێكی كـــراوە بەجێماوە، واتا كۆتایی پێنەهاتووەو تەفســـیرات و ڕاڤـــەی جودا جودا هەیە بۆ ئەم دەســـتوورەو هەر كەســـێك بە هـــەوای باڵی خۆی ڕاڤـــەی بۆ دەدۆزێتەوە، تا ئەم دەســـتووورە وەك كتێبێك لای هەمـــوو لایەك ئیقـــرار نەكرێت ئەم كێشـــانە هەر دەمێننەوە، دووەم گۆڕانكارییەكی گەورە لە بارودۆخی عیراق ڕوویداوە، هەندێك هێزی كۆن دەسەڵاتیان نەماوەو كۆمەڵێـــك هێزی نـــوێ بە ئیرادەی جەمـــاوەری و لە ڕێی ســـندوقی هەڵبژاردنەوە هاتوونەتە سەر كار كە تا ئێســـتا ئەم وەرچەرخانە لە لای خەڵكانێك ئیســـتیعاب نەكـــراوە، لە لایەكی ترەوە دەســـتێوەردانی بێگانە هەیە لە كاروباری ناوخۆی عیراقدا، دواتر پێویستە سەركردە سیاسییەكانی عیراق گەورەتر بن لە بەرژەوەندیی حزبی و تایەفەگەری و ناوچەیی و تەنانەت نەتەوەیی، پێویستە بە چاوێكی گەورەتر تەماشـــای ئەم بارودۆخە بكەن و هەموو لایەك پێویســـتە سازش بۆ لایەكەی تر بكات تا دەكەنە چارەســـەرێكی مامناوەند، تـــا لەم ناڕەحەتی و ناسەقامگیرییە عیراق ڕزگاری بێت.

**گـــوڵان:** بەڕێزتان وەك وەزیـــری دەرەوەی عیراق ڕۆڵێكی باڵاتان لە دامەزراندنی دیبلۆماتیەتی تازەی عیراق گێڕاوە، تا چەند هەوڵتان داوە سوود لە هاریكارییە نێودەوڵەتییەكان وەربگرن تا دەروازەیەك بدۆزنەوە تا پێكهاتە عیراقیەكان بە میكانیزمێك لەسەر پرەنسیپی پێكەوەژیان ڕێكبكەون؟

**هۆشیار زێباری:** وەكو پرەنسیپ سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێك وەك ڕەنگدانەوەیەكی سیاسەتی ناوخۆی وڵاتە، ئەگـــەر یەككگرتووی ناو ئەندامانی گـــەل بەهێز بێت، عەدالەتـــی كۆمەڵایەتی بەهێز بێت و ئابووری باشـــت هەبێت، سیاسەتی دەرەوەش كاریگەر دەبێت بە بارودۆخی ناوخۆیی، بەڵام جاری واهەیە، سیاسەتی دەرەوە هاندەر دەبێت بۆ ڕاكێشانی هاریكاری دەرەكی بۆ چارەسەركردنی كێشـــە ناوخۆییەكان، ئێمە لەم دە ســـاڵانەی ڕابردوودا چەند ســـەركەوتنێكی گەورەمان هەبوو، یەكەمیان ئەوە بوو كاتێك شـــەڕی ناوخۆ لە ســـاڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ هەڵگیرســـا ئەو كاتـــە دوو كۆنگرەی ئاشـــتبوونەوەی نیشتمانیمان لە قاهیرە بەست، كاتێك شەڕی سوننەو شیعە لەوپەڕیدا بوو، بڕوانامەی مەككەمان بە سەركردەكانی سوننەو شیعە لە مەككە واژۆكرد، وەختێكیش ئیشمان بە چالاكیی نەتەوە یەككگرتووەكان هەبوو، توانیمان هاوكاری ئەوان دابین بكەین و ئێستاش گەورەترین نێردەری نەتەوە یەككگرتووەكان لێرە ئیش دەكـــەن و ئەوكاتیش ویلایەتی



هـــۆكاری بنەڕەتیی نـــاسەقامگیری لە عیراق

ئەوانمان بۆ ســـاڵێكی تـــر درێژ كردەوە، بەرپرســـێكی نوێ دەستنیشـــان كرا بۆ بەڕێوەچوونی پێوەندییەكان و كارەكان، ئەمانـــە هەمووی بۆ ئەوە بوو یارمەتیمان بدەن بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی ناوخۆ بەڵام بە بێ ئەوەی ببنە خاوەن كێشـــەكە یان دەســـتوەردان بكەن، یان ببنە خاوەنداری ئێمە، تەنیـــا ڕۆڵیان ڕۆڵێكی ڕاوێژكاری و ئاسانكار بێت نەك ڕۆڵێكی بڕیاردارانە بێت..

**گـــوڵان:** گلەیی ســـەرەكیی پێكهاتە ســـەرەكییەكانی عیراق لە ناو حكومەتی عیراقدا لەســـەر شـــێوازی ئەو حكومەتەیە، بۆ نموونە حكومەتی عیراق داوا لە سەرجەم پێكهاتـــەكان دەكات كە ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی و تیرۆر كارێكی هاوبەشـــەو پێویستە سەرجەم پێكهاتەكان هـــەر هەمووان شـــەریك بن لـــە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو شـــەڕەداو لە بەرانبەریشدا پێویستە لە پرۆسەی سیاسی حكومەتی عیراق هەموو لایەك شـــەریك بن، بەڵام ئەم شەراكەتە وەك پێویست نییە،ئایا دەكرێت لە شەڕدا شەریك و قوربانیدەر بن و لە حوكمڕانیشدا پەراوێز بخرێن؟

**هۆشیار زێباری:** نەخێر، دەبێت لە حوكمڕانی و هەروەها لە وەســـتانەوە لە بەرانبەری تیرۆر شەریك بن، دەبێت لە هەردوو حاڵەتدا هێزە بنەڕەتییەكانی عیراق بەشداربن.

**گەل دەنگی لەسەر دەستوور داوە، بۆ ئەوەی ئەم دەستووورە ژیانی نێو كۆمەڵگەو دەوڵەتیی ڕێكبخات، بەڵام تاكو ئێستا ئەم دەستووورە وەک کتێبێکی کراوە بەجێماوە**



نەبوونی حوکمڕانی باشە

**گوڵان:** لەم بارودۆخـەدا خەریکە پێوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا جۆرە کرانەوەیەکی تێدەکەوێت، بەڕێزتان لـە نزیکەوە ئاگاداری کێشـەکانن، دەکرێت لەسـەر میکانیزمەکان و هەنگاوەکان و چۆنیەتی چارەسەریی کێشـە هەڵپەسـێردراوەکانی نێـوان هەولێـرو بەغدا ڕوونکردنەوەی زیاترمان بدەیتێ؟

**هۆشیار زێباری:** ئەم کرانەوەیە بڕیارێکی سەرکردایەتی هاوپەیمانی کوردسـتانی بوو، لە ئاکامی دانوستاندن و چەندین کۆبوونەوە گەیشـتینە ئەو چارەسەرییە کە هەوڵ بدەین کێشـەکانمان بە دانوستاندن لەگەڵ بەغدا چارەسـەر بکەین، ئەوەبوو تەرتیبات کرا بۆ سەردانی جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی تا سەردانی بەغدا بکات لەگەڵ شـاندێکی باڵادا، ئەوە خاڵی وەرچەرخان بوو بۆ گۆڕینی کەشوهەوای پێوەندییەکانی نێوان هەولێرو بەغدا، ئەو سـەردانە یاریدەر بوو کە تەرتیبات بکرێت بۆ سـەردانی سـەرۆک وەزیرانی عیراق بـۆ هەولێرو چاوپێکەوتنـی لەگـەڵ جەنابی سـەرۆک بارزانی و حکومەتی هەرێم ئـەوە دەروازەیەکی گەورەی کردەوە بۆ چارەسەری کێشـەکان هەروەها ڕێککەوتن بوو بۆ دامەزراندنی چەندیـن لیژنەی هونەریی و پراکتیکی تا بە دوای کێشـەکاندا بچن، ئەوە بوو پاش سەردانی جەنابی سەرۆک بارزانی پێش مانگی ڕەمەزان بۆ بەغداو دیتنی هەموو سـەرکردە سیاسـییەکان و دانوستاندن لەگەڵ مالیکی و حکومەتی عیراقیدا ئەم پرۆسـەیە بەهێزتر کرا، میللەتی عیراق بەگشتی ئەم سەردانەی جەنابی سـەرۆکی هەرێمی کوردستانیان پێ ئیجابی بـوو، ئەمە هەمووی بۆ گەڕانـەوەی متمانەبەیەکتر کردنەوە بوو، بۆ ئەوەی چارەسەرکردنی کێشەکان ئاسان بن، تا ئێستاش پێوەندی بەردەوام هەیە، ئەو لیژنانە بە بەردەوامی کاری خۆیان دەکەن، چەند ڕۆژێك لە هەولێر لەسەر بابەتە سـەربازییەکان کۆبووبوونەوە، کێشەکانی تری ئابووری و مەسـەلەی نەوت و ماددەی ١٤٠ و ئەوانی تریش هەموویان بە نیەتێکی پاك بەڕێوەدەچن، بەڵام پێویستە خێراتر بکرێت و تا لە هەردوولاوە هەندێك ئەنجامی دەستنیشان کراو بەرچاو بخرێن، لەو بڕوایەدام ئێستا پێوەندییەکان ئاساین و بەرەو باشتریش دەڕۆن؟


**گوڵان:** لە ماوەی ڕابردوو ئامادەکارییەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی بە سەرپەرشـتی جەنابی سەرۆك بارزانی لە هەولێر بەڕێوەچوو بڕیاریش وایە لە چەند ڕۆژی داهاتوو یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بەڕێوەبچێت ئامانج لەم کۆنگرەیە چۆنییەتی چارەسەری کێشەی کوردە لە ناوچەکەدا بە شێوەیەکی ئاشـتیانە لەم ڕووەوە تورکیا تێگەیشـتنی هەیەو کێشەی لە بەستنی کۆنگرەیەکی واتادا نییە، ئایا دەکرێت لە بەڕێزتان بپرسین هەڵوێستی فەرمیتان لەسەر کۆنگرەی نەتەوەیی چییە

**هۆشـیار زێباری:** ئێمە لە عیراقێکی خاوەن دەستوورو پلۆرالیزمییـەوە قسـە دەکەیـن، بـە بۆچوونی من سـەرکەوتنی کۆنگرە لەوەدا دەبێت کـە پەیامەکەی ئاشـتی و پێکەوەژیان بێت بە تەنیا، چ بۆ نەتەوەکانی تـرو چ بـۆ وڵاتانـی دەوروبەر کە چیتر بە شـەڕو توندوتیژی و شەڕی گەریلایی و موقاوەمەت چارەسەر نابن، کێشـەی کورد لە هەر وڵاتێك دەبێت چارەسـەر بێت بە پێی ئارەزووی ئـەو میللەتی کوردەی کە لەو وڵاتـەدا خۆی چی دەوێت، لە چوارچێوەی ڕژێمێکی دیموکراسی هەر وڵاتێکدا چارەسەر دەدۆزرێتەوە، ئەمە بە شێوەیەکی گشتی بەڕاستی لەوانەیە ئەم کۆنگرەیە وەرچەرخێـت بۆ هەندێـك میکانیزمی جێبەجێکردن و دامودەزگاو تاد، لەو بڕوایەشـدام کە پێویستە پەیامی ئەم کۆنگرەیە پەیامێکی برایانە بێت بۆ پێکەوەژیان تا گەلی کورد بەم کۆنگرەیەش بیسـەلمێنێت کە گەلێکە هەمیشـە لە مێژوودا هەمـوو هەوڵێکی بۆ ئەوە بووە مافەکانی بە ڕێگەیەکی ئاشتیخوازانە بەدەست بێنێت و بەو شێوەیەش کێشەکانی چارەسەر بکات..

**گۆڕانکارییەکی گەورە لە بارودۆخی عیراق ڕوویداوە، هەندێك هێزی کۆن دەسەڵاتیان نەماوەو کۆمەڵێك هێزی نوێ بە ئیرادەی جەماوەریی و لە ڕێی سندوقی هەڵبژاردنەوە هاتوونەتە سەر کار کە تا ئێستا ئەم وەرچەرخانە لە لای خەڵکانێك ئیستیعاب نەکراوە**

**پێویستە سەرکردە سیاسییەکانی عیراق گەورەتر بن لە بەرژەوەندیی حزبی و تایەفەگەری و ناوچەیی و تەنانەت نەتەوەیی پێویستە سازش بۆ لایەکەی تر بکات تا دەگەنە چارەسەرێکی مامناوەند، تا لەم نارەحەتی و ناسەقامگیرییە عیراق ڕزگاری بێت**

# ئەو دادگاییکردنەی کە ڕەنگە تورکیا بگۆڕێت



دۆغو ئەرگیل*

تایبەت بە گوڵان ئامادەی کردووە

ئەو دادگاییکردنەی کە سـەربازە پایەبڵندەکانی تێدا ئیدانەکرا بە تۆمەتی پیلانگێڕان دژی حکومەت پێی دەووترێت ئەرگەنەکۆن، کە بە ناوی ئەفسـانەی «gokturk»ەوە ناونراوە. ئەوەی جێی سەرسـوڕمانێکی تەواوە، ئەوەیە کە هەردوولایەنی ناکۆکیەکە هاوبەشـن لە مانایەکدا کە دەستەواژەی ئەرگەنەکۆن هەڵیدەگرێت.

بەپێی ئەفسـانەکە، ئەو تورکیایەی نەتوانرا بەهۆی سـوپاوە ببەزێنرێت، بەهۆی تێکدان و کاولکارییەوە زاڵبوون بەسەریداو دووچاری شکستێکی تێکشـکێنەرانە بۆوە لە شـەڕدا (ئۆباڵەکەی دەکەوێتە ئەسـتۆی ئەوانی دیکە). ئەو ژمارە کەمەی مابوونەوە پەنایان بۆ دۆڵێکی دوورەدەسـت برد (ئەرگەنەکۆن) کە بە چیای بەرز دەورە درابوو. ئەوان تەنیا بە پشـت بەسـتن بە خۆیان ژمارە و هێزیان زیادی کرد(تەنیا تورکەکان دۆسـتی تورکن).

هەرچۆنێـك بێت، دۆڵەکە لەگەڵ زیادبوونـی ژمارەیاندا بچوك دەبۆوە. ئەوان نەیانتوانی بێنەدەرەوە لەبەر ئـەوەی دەروازەیەك بۆ چوونە دەرەوە نەبوو(ئابلۆقەدرابوون). ئاسـنگەرێك بۆی ئاشـکرا بوو کە یەکێك لە شاخەکان لە ئاسن دروسـتکراوە. ئاگرێکی گەورەیان کردەوەو تواندیانەوەو ڕێڕەوێکیان بۆ درووستکرد بۆ ئەوەی پێیدا تێپەڕن(ئازادی و گەڕانەوە).

ئەوەی لەدەستیان چوو گەڕاندیانەوەو دووبارە سەرکەوتنیان بەدەستهێنا (لە نێو خۆڵەمێشەوە هەڵسانەوە).

هەمـوو ئەم خەسـڵەتانە لە نێو لایەنە ناکۆك بە یەکەکانی دادگاییکردنەکەدا هاوبەشـن. حکومەتی ئاك پارتـی و پارت و هێزە چەکدارەکان و پشـتیوانەکانیان کە وەك پاسەوانی ڕژێمەکە سەیری دەکەن. کەواتە ئەرگەنەکۆن تەنیا خورافەتێکی فۆلکلۆری نییە، بەڵکو هێڵێکی ئایدۆلۆجیە کە هێزەکانی دیموکراسی و نەریتی کە لە هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی حکومەت ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە.

بە ڕەوچاکردنی کەلتوری سیاسی وڵاتەکە، ئەوا ڕووبەڕووبوونەوەیەکی لەم چەشنە شتێکی حەتمیە. دەوڵەت وەك هێزێکی پاسەوان بنیات نراوە بۆ ڕزگارکردنی نەتەوەکە لە دوژمنە لە خشـتەبەرەکانی ناوەو و دەرەوە. سوپا دوایین ڕزگارکەرە کاتێك ڕژێمەکە لە مەترسیدا دەبێت. ئەو یاسایانەی چۆنیەتی ئەنجامدانی ئۆپەراسـیۆنی هێزە چەکدارەکان دیاری دەکەن، وەك کاراکتەرێکی سیاسـی لە حاڵەتی «نائاسـایی»دا بوونیان هەیەو سایکۆلۆجیای گشتیش ئەمە بە شتێکی نۆرماڵ دادەنێت. ڕەنگە کەسێکی دەرەکی بەو شێوەیە سەیری ئەم حاڵەتە بکات(کە هەقی خۆشیەتی) ئەمە نەخۆشی قۆناغی ساوایی دیموکراسیە. بەڵام زۆرێك لە تورکەکان بەم شێوەیە لێی ناڕوانن.

بەپێی ئەو داتایانەی لە توێژینەوەکانەوە بەدەسـتهاتوون یەك لەسـەر چواری خەڵك هێشـتا ڕۆڵی (پاسەوانیکردن) دەدەنە پاڵ هێزە چەکدارەکان. بەلای هەندێ کەسـەوە پێویسـتە کۆمارەکە بپارێزرێت لە دەستێوەردانە دەرەکیە شـەڕخوازەکان، بەلای هەندێکی دیکەوە لە دژی ئوسولگەرایی ئاینی(لە نێویاندا ئاك پارتی )و بەلای هەندێکی دیکەشـەوە دژی پلانی کوردەکان بۆ دابەشـکردنی (وڵات). ئەوەی درکی پێنەکراوە ئەوەیە کە هەموو ئەم دوژمنە ناوخۆییانە کە هەڕەشـە لە سیسـتمەکە دەکەن بەرهەمی- سیاسەتی- جیاکاری و دوورخسـتنەوەن، کەواتە ئەمانە تارمایی گەلێکی دەستکردی ناوخۆیین.

ئەرگەنەگۆن ناوی سیسـتمێکە تێیدا کۆمەڵە بەرپرسـێك دەتوانن لە سەرووی یاساو چاودێری دەسەڵاتی قەزائیەوە کاربکەن، بۆ ئەوەی نەتەوەکە «بپارێزن» لە کاریگەری زیانبەخشی دوژمنە ناوخۆیی و دەرەکیەکان. تاوانی مەترسیداری دژ بە مرۆڤایەتی بە ناوی «ئاسایشی نەتەوەیی»ەوە ئەنجامدراون. ئەوەی لە هەمووی خراپترە، لەناوبردنی سەروەری یاسا، داخورانی دادپەروەری و دیموکراسیە. باجێگی گەورە دراوە بۆ ئەو سیستمی پاسەوانیەی لە هەناویدا هەڵگری ڕەفتاری نایاساییانەی بەرپرسەکان بووە، هاوشان بە مۆڵەتی کوشتن و ڕووبەڕوونەبوونەوەی بەرپرسیارێتی. ئەمە ئەرگەنەکۆنە. هەم تاوانکاران و هەموو قوربانییەکان وەك ئامرازی ڕزگاربوون لێی دەڕوانن.

ئەوەی بە ئاشکرا لەم دادگاییکردنە پێشبینی دەکرێت سێ شتە:

١- بە دیموکراسیکردنی سیستمەکە.

٢- باڵادەستکردنی سەروەری یاساو کردنی بە پرەنسیپی بەرچاوڕوونکەر لە پرۆسەی دروستکردنی دەوڵەتدا.

٣- کۆتایی هێنان بە ڕۆڵی سیاسـی سـوپا و نەریت و مەیلەکانی ڕوخاندنی حکومەت. هەرچۆنێك بێت، چاکسـازیکردن لە سیستمی سیاسی تورکیادا تەنیا بە دەرئەنجامی دادگاییکردن نایەتەدی، ئەگەر سیسـتمی پاسەوانیەکە لە چوارچێوەی سیستمە یاساییەکەدا دەستکاری نەکرێت، تەنیا دەسەڵات بەدەستەکان بگۆڕدرێن.

هەروەها چەند دژوارییەك هەن کە لە کەلتورە سیاسیەکە سەرچاوە دەگرن. تاوەکو گومان هەبێت لە نیشتەجێ بووە بیانیەکان و چاوەڕوانی شەڕیان لێبکرێت، ئەوا بنیاتنانی نەتەوە لەو هەمەڕەنگیەی هەیە کارێکی سەخت دەبێت. هێشتا گرووپی ئیتنی دیکە جگە لە تورکەکان و مەزهەبی دیکە جگە لە ئیسـلامی سـوننە وەك توخمێکی بیانی لێیان دەڕوانرێت. فرەیی و لێبوردەیی لە ئاست جیاوازییەکان بەهایەکی جەوهەری نین، ئەمەش بنیاتنانی سیستمێکی یاسایی لەسەر بنەمای یەکسانی و دادپەروەری بۆ هەمووان کردۆتە کارێکی سەخت. ئەزموونی یاسایەك کە فەزڵی لایەنێك بدات بەسەر لایەنێکی دیکە شکستی هێناوە لەوەی ببێتە سەرچاوەی دادپەروەری.

کەموکورتیەکی دیکەی کەلتوری سیاسی تورکی نەبوونی ڕەخنەیە. سیستمی پاسەوانی نالێبوردەیە لە ئاست ڕەخنەگرتندا لەبەر ئەوەی ئیدیعای ئەوە دەکەن کە هەموو ڕاستیەکان لای ئەوانە. ئەمەش بوارێکی کەمی هێشتۆتەوە بۆ دیموکراسی و چاکسازی. بە دەگمەن چاکسازی بە دوای ڕەخنەگرتندا دێت، بەڵکو زیاتر بەدوای قەیرانی سیسـتماتیکی و ناکۆکی کۆمەڵایەتیدا دێت. بە شـێوەیەکی گشتی ئەوانە هەوڵگەلێکی کەم و درەنگوەختن. چاکسازیەکی سەرتاسەری ناکەن.

ئایا دادگاییکردنی ئەرگەنەکۆن هەموو ئەوانە دەگۆڕێت و ڕێگای بە دیموکراتیکردن دەکاتەوە لەبەردەم سیستمە سیاسی و قەزائیەکەدا؟ ئەگەر نەتوانرا ئەم ئامانجە بهێنرێتەدی، نەك تەنها دەرفەتێکی مێژوویی لەدەست دەدرێت، بەڵکو خەڵکی ئەم دیاردە گرنگە وەك یەکلاکردنەوەی حساباتی نێوان دەسەڵاتدارانی پێشوو و ئێستادا سەیر دەکەن. چیتر ئەرگەنەکۆنیش وەك سیمبولی ڕزگاری و ئومێد دانانرێت.

# قاعیدەو جەنگی دژی تیرۆر پاش بەهاری عەرەب



فەرید ئەسەسەرد
بۆ گوڵان دەینووسێت

دوو ساڵ لەمەوبەر خەریك بوو ئەمریكا سەركەوتن بەسەر قاعیدەدا رابگەیەنێ و لەم رووەوە جی جۆنسن راوێژكاری گشتیی وەزارەتی بەرگریی ئەمریكا لە وتارێكی لە ئۆكسفۆرد لە بریتانیا ئاماژەیەكی روونی بە ئەگەری كۆتایی هاتنی شەڕی جیهانیی دژ بەتیرۆر كرد.
ئێستا دەركەوتووە ئەمریكا لەم رووەوە زێدەڕۆیی كردووە، چونكە دیاردەی بەهاری عەرەب كە دانەرانی ستراتیجی ئەمریكا پێشبینیی سەرهەڵدانیان نەكردبوو، لەبەرەنجامی كۆتاییدا بەقازانج بۆ قاعیدە شكایەوە، لانی كەم لەم رووەوە كە روخانی رژێمە نەویستراوەكانی بەهارەكە هەلومەرجێكی وای پێكهێنا كە قاعیدە دوور لە سانسۆرو چاودێریی دەزگا ئەمنییەكان بكەوێتە گەڕ.
شكستی وڵاتانی بەهاری عەرەب لەدامەزراندنی دیموكراسییەكی سەقامگیر پاش رووخانی ئەو رژێمانەی كە بەئەنقەست هیچ دیموكراسییەكیان دانەمەزراندووە، قەیرانی ئەو وڵاتانەی قوڵتر كردەووەو دەرفەتێكی گونجاوی بۆ گەشەكردنی قاعیدە رەخساند.
سیس جۆنز، شیكار لە دامەزراوەی راند، لەراپۆرتێكدا كە لەبەردەم لیژنەی كاروباری دەرەوەی سەر بەئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریكا خوێندویەتییەوە، لەو بڕوایەدایە كەیەكێ لە هۆكانی گەشەكردنی گروپە تیرۆریستەكان، رووداوەكانی بەهاری عەرەبە. بەپێی راپۆرتەكە، تەونی رێكخراوەی قاعیدە لە فراوانبوون دایەو قاعیدە گەرایەكی زۆری لە چەندین وڵات دروست كردووە.
تەنانەت لە وڵاتێكی وەكو میسریش كە قاعیدە، پێش روخانی رژێمی موبارەك، نەیتوانی بوو پێگەیەكی بەهێز تێیدا بۆ خۆی دروست بكا، پێدەچێ توانیبێتی لە شوێنێكی دوور دەستی وەك سینا گەرا دابنێ.
راپۆرتەكەی دامەزراوەی راند جەخت دەكاتە سەر زیادبوونی هێزی قاعیدە، بەتایبەتی لە لیبیاو تونس و یەمەن.
ئەگەر رەوشی عیراق و سوریاش لەبەرچاو بگرین كە راپۆرتەكە كەمتر بایەخی پێداوە، دەردەكەوێ كە لە وڵاتێكی وەك عیراق كە ڕوخانی رژێمی پێشووی پەیوەندیی بە دیاردەی بەهاری عەرەبەوە نییەو لە وڵاتێكی وەك سوریا كە هێشتا چارەنووسی رژێمە حوكمرانەكەی یەكلا نەبۆتەوە، قاعیدە توانیویەتی پێگەیەكی بەهێزتر بۆ خۆی پێك بێنێ.
لە عیراقدا لەبەر سەرقاڵبوونی وڵات بەململانێی شیعەو سوننەو گرژبوونی پەیوەندیی نێوان ئەم دوو تایفەیە، قاعیدە توانیویەتی ناوچە سوننە نشینەكان بكاتە مەكۆی چالاكییەكانی لەدژی ئەو حكومەتەی كە بەحكومەتێكی نەیاری سوننەكانی دادەنێ. لە سوریاش هەلومەرجی هەوڵدان بۆ روخاندنی رژێمی ئەسەدو هەڵایسانی جەنگی ناوخۆ، دەرفەتێكی گونجاوی بۆ سەردەرهێنانی قاعیدە لەوێ پێكهێناوە. لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هیچ هەماهەنگییەك لەنێوان لقەكانی قاعیدەدا بەقەد هەماهەنگیی نێوان لقی عیراق و لقی سوریا پتەو نییە، بەڕادەیەك كە ئەم دوو لقە خاوەنی یەك سەركردایەتین و تەنانەت گوێ نادەنە سەركردایەتیی ناوەندی قاعیدەش لە پاكستان.
لە هەلومەرجی ئێستادا چارەنووسی قاعیدە زۆرتر دەوەستێتە سەر چارەنووسی رەوشی سیاسی لە سێ وڵات كە بریتین لە عیراق و سوریاو یەمەن. هەڵكشانی قاعیدە لە عیراق و سوریا، لەكۆتاییدا رەنگە ببێتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر كوردیش. هەوڵی بەرەی نوسرەی سەر بە قاعیدە لە سوریا بۆ تەنگ هەڵچنین بە كوردی سوریا سەرەتای پەیوەندییەكی گرژە لەنێوان كوردو قاعیدە. بوونی یەك سەركردایەتی بۆ لقی سوریاو لقی عیراقی قاعیدە روونی دەكاتەوە كە هەردوو لقی قاعیدە یەك سیاسەتیان بەرامبەر بە كوردی عیراق و سوریا هەیە، بەتایبەتی كە هەموو تەقینەوە خۆكوژییەكانی كەركوك و زۆربەی تەقینەوەكان لەو شارە دەستی قاعیدەیان تێدایە.
ستراتیج و شێوەی كاركردنی قاعیدە لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر جیاوازە. پاش دیاردەی بەهاری عەرەب، قاعیدە زۆرتر بایەخی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داوەو كەمتر بایەخی بەتێكدانی ئارامیی ئەوروپاو ئەمریكا داوە. بەپێی راپۆرتەكەی دامەزراوەی راند، لەم هەلومەرجەی ئەمڕۆدا قاعیدە كەمتر كار بۆ رووخاندنی رژێمەكان دەكاو زۆرتر كار بۆ دروست كردنی كوانوی بچوك بچوك دەداو وەك بنكە بۆ پەلهاوێشتن لەئایندەدا سوودیان لێ وەردەگرێ، وەك ئەوەی لەمەوبەر لە سۆماڵ هەیبوو، وەك ئەوەی ئەمڕۆ لە سوریا هەیەتی و وەك ئەوەی ئێستا لەهەوڵدایە لەیەمەن دروستی بكا.
ئەزموونی ساڵانی رابردوو نیشانی داوە كە قاعیدە بەچەك تەنگی پێ هەڵدەچنرێ، بەڵام لەناو ناچێ. ئەوەی كە قاعیدە لەناو دەبا، گۆڕینی ستراكتۆری سیاسی - كۆمەڵایەتیی ناوچەكەیە. ئەمەش نەك هەر نەهاتۆتە دی بەڵكو هەنگاوی لێبڕاوانەشی بۆ نەنراوە.

# فەوزای شەقام شەقامی فەوزا دەکاتەوە



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

بۆ ئەوەی باشـــتر لەم بارودۆخەی دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق و شۆڕشـــەکانی بەهاری عەرەبیی بگەین، زۆر گرنگە ئاوڕێك لەهەندێك لە شۆڕشەکانی سەدەی رابردوو بدەینەوە.

ئەزموونەکانی جیهان پێمان دەڵێن کەزۆربەی شۆڕشە گەورەکانی گەلان بەچوار قۆناغدا تێپەڕبوونە:

یەکەم: هەڵگیرسانی شۆڕش.

دووەم: شۆڕشی هەڵگەڕاوە.

ســێیەم: گێژاوی گەڕان بەدوای چارەســەرێکی نێوانی.

چوارەم: هەوڵدان بۆ چەسپاندنی ئەو چارەسەرە.

کەشۆڕشی فەرەنسا لەساڵی (١٧٨٩)دا هەڵگیرسا، ئاژاوەو کوشتارو پشــێوییەك سەریهەڵدا کە فەرەنسا (١٥)ســاڵی ویست هەتا یەکەم ســەرۆك بۆ یەکەم کۆمار دەست بەکاربوو.

لەســاڵی(١٧٩٢)دا، واتــە لە(٣)ســاڵی دوای هەڵگیرسانی شۆڕشــەوە، فەرەنسا کەوتە قۆناغی تیــرۆرو تۆقانــدن، بەجۆرێك کە هــەر گرووپێکی لەگرووپەکانــی نێــو شۆڕشــگێڕان لەهەوڵــی پاکتاوکردنــی گرووپەکەی دیکە بوو، (رۆبســپێر) ی سەرکردەی شــۆڕش نەیارەکانی خۆی لەنێوبردو ســەری لەژێرتەوری بڕیارەکانی شۆڕشدا پەڕاندن، دواتر سەری خۆیشــی بەدەستی هەڤاڵەکانی لەژێر هەمان تەوری شۆڕشدا پەڕێنرا، بەمەش فەرەنسای شۆڕش کەوتە قۆناغی شەڕێکی نێوخۆیی سەختەوە کەهەتا (١٥)ســاڵ هەر گرووپێکی شۆڕشــگێڕ، نەرێگەی بە گرووپێکــی دیکە دەدا فەرمانڕەوایی بکات، نەخۆیشی بەتەنها دەیتوانی فەرەنسا بەڕێوە ببات.

ئەوەمــان لەبیرنەچێت کە شۆڕشــی (ئۆکتۆبەر)ی ســاڵی (١٩١٧)ی (رووســیا) ش، نزیکەی (٣) ساڵ شەڕی نێوخۆیی سەختی بەخۆوە بینی لەنێوان شۆڕشــگێڕان و نەیارانی شۆڕشــدا، کە تەنانەت (لینین)ی سەرکردەی شۆڕش بەزەحمەت لەهەوڵێکی کوشــتن رزگاری بــوو، بەجۆرێك کــە یەکێك لەو گوللانەی ئاراستەی کرا لەملیدا جێگیربوو.

بۆ ئەوەی باشتر لەبارودۆخی دوای شۆڕشی فەرەنسا بگەیــن، وەك نموونەیەك، واچاکە گوێ لە هەندێك لە قسەکانی (ماکس گالۆ)ی ئەندامی ئەکادیمیای فەرەنســی بگرین کە لە کتێبێکــی چوار بەرگیدا لەبارەی (ناپۆلیۆن)ەوە نووســیویەتی و، (هاشــیم ســاڵح)یش بەعەرەبــی لە رۆژنامەی (ئەلشــەرق

ئەلئەوسەت)ی (٣)ی (ئاب)ی ئەمساڵدا کورتەیەکی لەبارەوە نووسیوە.

(ماکس گالۆ) ئاماژە بەدوو پەندی فەرەنسیی دەکات کە یەکەمیان دەڵێت:

(قورسە دەست بە شۆڕش بکەیت، بەڵام قورستر ئەوەیە بە ئاشتیی کۆتایی پێبهێنیت).

دووەمیشیان دەڵێت: (شۆڕش نەوەکانی خۆی دەخوات).

(ماکس گالۆ) ئەم پرسیارە دەکات: کێ سنووریکی بۆ ئاژاوەی شۆڕش داناو؟ کێش شۆڕشی لەدەستی شۆڕش رزگار کرد؟

ئەو دەڵێت: ناپۆلیۆن لەساڵی (١٧٩٥)دا گەیشتە پاریس، وەك جەنەراڵێکی نەناسراوی خزمەت تەواوبوو لەسوپا، لە شەقامەکانی (پاریس)دا بێکارو بێ هیوا دەسووڕایەوە، لەبەر کەم خۆراکیی و برسێتیی زۆر لاواز بووبوو، بەجۆرێك کە جارێکیان بیری لە خۆکوشتن کردبۆوە بەهۆی کێشەو گرفتە زۆرەکانیی پەیوەست بەژیانی تایبەتی خۆیەوە، بەڵام دواتر سووکە کارێکی لەیەکێك لەنووسینگەکاندا وەدەستدەکەوێت.

وا رێك دەکەوێت کە لەو کاتانەدا هێزە لایەنگرەکانی پاشایەتی و دژە شۆڕشەکان، شۆڕشگێڕان گەمارۆ دەدەن، هەندێك لە سەرکردەکانی شۆڕش داوای لێدەکەن کە سەرکردایەتی ئەو تیپە سەربازییەیان بۆ بکات کە راسپێردراوە بەبەرگریکردن لە شۆڕش.

ئەویش پاش کەمێك بیرکردنەوە بەم پێشنیازەیان رازیی دەبێت و، کۆڵان بەکۆڵان و شەقام بۆ شەقام هێزەکانی سیستمی پاشایەتی راودەنێت و، شاری (پاریس)یان لێ پاك دەکاتەوە.

لەدوای ئەم سەرکەوتنە دەیکەنە فەرماندەی سوپای ناوخۆو پارێزەری شۆڕش و سیستمی نوێی کۆماری!

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێش: دەستکەوتەکانی شۆڕش چۆن لەدەستی شۆڕشگێڕانی فەرەنسا دەرچوو؟

رەنگە دەستنیشانکردنی (٣)هۆکاری سەرەکیی وەلامێکی تارادەیەك راست بێت:

١- خۆخەریککردنی شۆڕشگێڕانی فەرەنسا بەناکۆکیی نێوان باڵەکانی شۆڕش و، هەوڵدانی هەر باڵێك بۆ دەستخستنی زۆرترین پۆست و پلەو پایە، تارادەی پەلاماردان و پاکتاوکردنی یەکدی.

٢- سەرکەوتنی لایەنگرانی سیستمی پێشوو لە قۆستنەوەی بێزارییەکانی چینی هەژارو کەمدەرامەت بۆ پاڵپێوەنانیان بۆ خۆپیشاندان و مانگرتن بۆ چاککردنی بژێویی ژیانیان، بەجۆرێك کە خەڵکی هیوایان بۆ گەڕانەوەی رۆژانی ژیانی پاشایەتییان دەخواست.

٣- درێژبوونەوەی ماوەی دوای هەڵگیرسانی شۆڕش کە لە(١٥)ساڵی پڕ ئاژاوەو کوشتارو پشێویدا، ئابووری وڵات داتەپی و، دزی و گەندەڵیی و هەژاریی و لەشفرۆشیی و زۆر دیاردەی دزێوی دیکە سەریانهەڵدا.

لێرەوە دەردەکەوێت کە شۆڕشی فەرەنسا لە دواجارداو لەنێوان ساڵانی (١٧٩٤)بۆ(١٧٩٩) لاوازبوونی تەوژمی شۆڕشگێرانی تێدا دەرکەوت و، بۆرژوازی میانڕەو جڵەوی دەسەڵاتی وەرگرت و، دەستوورێکی نوێتریان لەوەی سەرەتای شۆڕش راگەیاندو، لەگەڵ سوپادا هاوپەیمانییان کردو، رێگەیان خۆشکرد بۆ ئەوەی ناپۆلیۆن بەهاوکاری ئەفسەرانی سوپا کوتادەیەکی بێدەنگ بەسەر شۆڕشدا بکات و، سیستمێکی تاکڕەویی فراوانخوازیی بەرپابکات و، لەساڵی(١٨٠٤)دا، کۆتایی بە (١٥)ساڵ لەئاژاوەو کوشتارو پشێویی بهێنێت و، وەك یەکەم سەرۆك بۆ یەکەم کۆمار دەست بەکاربێت.

دواتر ناپۆلیۆن سەرکردایەتی جەنگی دژی (ئیتالیا) کردو، دوای سەرکەوتنیشی - وەك ماکس گالۆ دەڵێت: هەیبەتێکی وای پەیداکرد کە گەورە ئەفسەرانی سوپا نەیاندەتوانی تەماشای نێو چاوانی بکەن و، سەریشیان لەبەردەمدا بەرز نەدەکردەوە !

پاشان سەرکردایەتی هەڵمەتی داگیرکردنی (میسر) ی کردو، دواتریش کە گەڕایەوە فەرەنسا، هەموو نەیارە پاریسییەکانی خۆی لەنێوبردو، وەك ئیمپراتۆر خۆی ناساند لەساڵی (١٨٠٤)دا و، دەستی کرد بەم کارانە:

دامەزراندنی بانك بۆ یەکەم جار، دابەشکردنی فەرەنسا بەسەر چەندین هەرێم وپارێزگادا، کردنەوەی شەقامی پان و پۆڕی نوێ، بنیاتنانی کەوانەی سەرکەوتن لە شەقامی (شانزیلیزییە)، دەرکردنی گۆژمەیەك یاسا کە بە(یاساکانی ناپۆلیۆن) ناسرابوون.

پاشان پەلاماری ئەورووپای داو، سەرکەوتنی بەسەر نەمساو ئەڵمانیاو ئینگلیزو رووسیاو ئیسپانیادا بەدەستهێناو، تا ئەو رادەیەی کە بیرمەندانی وەك (هیگڵ) ناپۆلیۆنی وەك رۆحی جیهان و گەوهەری ئازادیی ناساندو دەیگووت:

(ئیمپراتۆرم بینی وەك رۆحی جیهان بەسەر ئەسپێکەوە)، ئەمە لەکاتێکدا کە ناپۆلیۆن پەلاماری وڵاتەکەی ئەوی دەدا.

ئەمە پانۆرامای یەکێك لە شۆڕشەکانە، چۆن دەستی پێکرد؟ لەکوێ کۆتایی پێهات؟

**ناپۆلیۆن لەساڵی (١٧٩٥) دا گەیشتە پاریس، وەک جەنەراڵێکی نەناسراوی خزمەت تەواوبوو لەسوپا، لە شەقامەکانی (پاریس) دا بێکارو بێ هیوا دەسووڕایەوە، لەبەر کەم خۆراکیی و برسێتیی زۆر لاواز بووبوو، بەجۆرێک کە جارێکیان بیری لە خۆکوشتن کردبۆوە**

**(هیگڵ) ناپۆلیۆنی وەک رۆحی جیهان و گەوهەری ئازادیی ناساندو دەیگووت: (ئیمپراتۆرم بینی وەک رۆحی جیهان بەسەر ئەسپێکەوە)**

# ئیسلامی سیاسی لە نێوان بەهـ

هەموو بزووتنەوە سیاسییەکان پاشخانی ئایدیۆلۆژیی بڕواییان بە گوێرەی بیروبۆچوون و ڕێکەوتنی دامەزرێنەرانیان پەیڕەودەکەن،ئەو بزووتنەوە سیاسییانە بە گشتی چەندین ڕەوتی سەرەکی دەگرنەخۆ،لەوانە (ڕەوتی ئیسلامی سیاسی) کە لە چەندین وڵاتی ناوچەکە لەئارادایە،زۆر جار ئەو ڕەوتانە ئاراستەکانیان رووەو توندڕەوییە یان هەندێکیان هەوڵدەدەن میانڕەوی بقۆزنەوە تاکو لە خەڵکی موسڵمان و بڕوادار نزیك ببنەوە،کێشەکە لە سنووری فرەیی پێکهاتەکانی ئیسلامی سیاسی و شتە شاردراوەکانیاندا نییە بەقەد ئەوەی کە مەسەلەکە بریتییە لە قۆستنەوەی ئایین وەك چاکترین ڕێگەی ڕاکێشانی مەیلی سیاسی و بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕ لە نێوان جەماوەردا،هەر چەندە جیاوازییەکە دیارە لە نێوان کاری بزووتنەوەو حزبە سیاسییەکان لە دەوڵەتی مەدەنیی هاوچەرخ و لەنێوان بزووتنەوەکانی بانگخوازیی ئایینیدا.

ئەگەر واز لە پێناسەی ئایین و چۆنێتیی و میکانیزمەکانی کارکردنی بڕواداران و پیادەکردنی سروشەکانیان بهێنین و زیاتر بپەڕژێینە سەر مۆرکی بزووتنەوەی سیاسی ئەوا دەبینین کە زۆربەی ئەو بزووتنەوە سیاسییانەی خۆیان بە ئایینەوە بەستۆتەوە ئەوانە لە ژێر پەردەی ئاییندا کاری خۆیان ئەنجام دەدەن و زیاتر لەچوارچێوەی تەڵەکەبازی و چەواشەکاریدان،ئامانجی سەرەکیشیان لەمەدا زاڵبوونە بەسەر ویست و هەست و سۆزی خەڵکەکەو خزمەتکردنی بەرژەوەندی و مەرامە نەخۆشەکانی خۆیان.


ئەو ڕەفتارانەی لای ڕێکخراوو بزووتنەوەکان وەکو بزووتنەوەی مۆرۆی فلیپینی و تالیبانی پاکستانی و ئەفغانی و سەلەفی جیهادی و قاعیدەو بەرەی نوسرە، ئەمانە هەموویان خزمەت بە توندوتیژیی چەکداری و تۆقاندنی خەڵك دەکەن بەمەبەستی سەپاندنی گوتاری فاشیی ڕەها بەسەریاندا کە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەشیان مافیای ماددە هۆشبەرەکان و سێکس و بازرگانیی قاچاغی چەك بەکاردێنن.

ئەو هێزە تیرۆریستانە تەنیا لە سامانی قێزەوەنی سیاسی و چەکداریی تیرۆر سەرچاوەیان نەگرتووە بەڵکو زەمینەی ئەو کۆمەڵگایانەیان قۆستۆتەوە کە ئایینی ئیسلامی تێدا بڵاوبۆتەوە.ئەوانە پەیوەندیی نێوان پێشنوێژی مزگەوتەکان و نوێژکەران بە دەرفەت دەزانن تاکو بە ناوی میانڕەوییەوە بانگخوازیی خۆیان بەکاربێنن و لەمەشدا دێن هەر شتێك کە پەیوەندیی بە هزرو ئارەزوو و هەستی هاووڵاتیانەوە هەبێت دەیقۆزنەوە تاکو لەم ڕێیەوە کاغەزەکان تێکەڵ یەك بکەن و گوایە ئەوەی لە خواوەوە هاتووە بە خەڵکەکەی ڕادەگەیەنن.

ئەم بزووتنەوانە کە بە میانڕەوی خۆیان دەناسێنن لە دوو لاوە کاری خۆیان دەکەن لە لایەك بوار بۆ زیادبوونی تیرۆر و توندوتیژی فەراهەم دەکەن تاکو ژمارەیەکی زۆر لە گەنجان بێنە ناویانەوە و لە لایەکی دیکەوە دەیانەوێت هەمان ئامانج بپێکن بەوەی کە گوایە دەبنە پردێك لە نێوان ئەو ئایینەی ئیسلام و زیادکردنی کاریگەریی تیرۆرو توندوتیژی.

ئەو ناوەندەی کە هێزەکانی تیرۆر تێیدا چالاك دەبن ڕووبەڕووی پرسیارێکی ڕاستەخۆ دەبێتەوە ئەویش ئەوەیە: تۆ ئەی برای موسڵمان کاتێك بڕوات بە ئیسلامی سیاسی هێناوە چاکتر وایە ئەو تاقمە هەڵبژێریت کە ئامانجەکانی زیاتر ڕوون و ئاشکران و لە ئایینەوە نزیکە،نەوەك ئەوانەی کاتێ دێیتە ناویان هەمووشتێك تەکفیر دەکەن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوانەن ناوبژیوانی نێوان مرۆڤ و خواکەی،تەنانەت کارگەیشتە ئەوەی کە هەندێ لەو تاقمانە پسوولەی چوونە بەهەشت دابەش بکەن! یاخود دابینکردنی حۆری بۆ پیاوی بڕوادارو چاکخوازان.

کاتێ سەیری ئەم حاڵەتانە دەکەین ئەوەمان دێتەوە یاد چۆن دەکرێت کار بۆ ئەوە تەرخان بکەین کە ئایین لە دەوڵەت جیا بکەینەوە، چونکە دەزگاکانی دەوڵەت ناوبژیوانی نێوان خواو مرۆڤ نییە و نابنە پەیژە بۆ سەرکەوتن بۆ ئاسمان،لێرەدا پێویستە ئاماژە بە لایەنێکی مەترسیدار بدەین ئەویش ئەوەیە کاتێ گەلان ڕاپەڕین دژ بە ڕژێمە دکتاتۆرییەکان کە بۆ چەندین ساڵ بە دەست جەورو ستەمەکانیان دەیانناڵاند نەیاندەزانی هەندێ بزووتنەوە لەژێر پەردەی ئیسلامی سیاسییەوە بەری شۆڕش و ڕاپەڕینەکەیان لێ دزین بە ناوی گۆڕانکاری هاتنە ناو گۆڕەپانەکانەوە، بەڵام نەك ئەو گۆڕانکاریانەی کە گەلان مەبەست و ئاواتیان بوو، دیارە دوای ساڵێك لە ئەزموونی تونس و میسر گەنجانی ئەو وڵاتانە بۆیان ڕوون بووەوە کە ئەو هێزە بەناو میانڕەوانە مەبەستیان شۆڕبوونەوە بوو بۆ ناخی ئەو شۆڕشانە تاکو ئەوەی دەیانەوێ بیهێننە دی،نموونەشمان ئیخوان موسلمینە کە لەسایەی ئەوانەوە بزووتنەوەی تیرۆریستی لە سینا سەریان هەڵدا، هاوکات ئەوەی لە ئەزموونی سوریا هاتەدی ئەوە بوو کە هێزە ئیسلامییە سیاسییەکان بە



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*
بۆ گوڵان دەینووسێت

# ـــــاكانی توندڕۆیی و میانڕەویدا

ئاشكرا شۆڕشیان بەرەو چەك و توندوتیژی پەلكێشكرد و نەیانهێشت ئامانجەكانی دیكەی شۆڕشەكە رووەو دامەزراندنی دەوڵەتێكی مەدەنی و دیموكراسیەت و فرەیی هەنگاوبنێت. توندوتیژی كە روویەكی ناشیرینی تیرۆركردن و تۆقاندنی كۆمەڵگەیە لە رووی دەروونی و سیاسی و كۆمەڵایەتییەوە تاكە ئامانجی بریتییە لە هەڵگیرساندنی شەڕو خوێن ڕشتن و ئاژاوەگێڕی،بۆیە دەبینین بەرەی نوسرەی تیرۆریست دژی رژێمی سەركوتكاریی سوریا شەڕناكات بەڵكو تەنیا بۆ دەسەڵات گرتنەدەست ئەو چالاكییانە ئەنجام دەدات كە خۆی لە دروستكردنی دەوڵەتێكی تیۆكراتی دەبینێتەوە،ئەو بەرە تیرۆریستە ناچێت هێزەكانی رووبەڕووی هێز و سوپای رژێم بكاتەوە بەڵكو لە ناوچە ئازادكراوەكاندا دژی ئازادیخوازو رۆشنخوازان توندوتیژی بەكاردیێنێت و خۆی كردووە بە شێر بەسەر خەڵكی سڤیل و بێ دەسەڵات، هەروەها دەتوانین بڵێین كە تۆقاندن و ترساندنەكانی میلیشیاكانی بەرەی نوسرە لە رووی خوێنڕشتن و قێزەونییەوە هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ كردەوە ترسناك و خوێناوییەكانی هیتلەر لە میانی دووەمین شەڕی جیهانیدا. بۆیە دەبێت پەند لەوە وەربگرین كە ئەو مێلیشییانە چۆن دژی كوردی سڤیل لە گوندو شارۆچكە كوردییەكاندا لە خۆرئاوای كوردستان رەفتاردەكەن و بێ دوودڵی دەستیان بە خوێنی سەدان ئافرەت و پیاو و منداڵ سوور بووە،لێرەدا بۆمان دەردەكەوێت كە دیاردەی هاوكاریی نێوان بزووتنەوە و حزبەكانی ئیسلامی سیاسی لە باشووری كوردستان لەئارادایە لەگەڵ ئەو مێلیشیا تیرۆریستانە كە بۆ كوردی باشووری كوردستان روون بووەوە چۆن ئەوانە بۆ سەرخستنی بەرەی تیرۆریستی نوسرە هەماهەنگی دەكەن.

ئەو وانانەی لەو بابەتەوە فێری دەبین بریتییە لەوەی كە مامەڵەكردن لەگەڵ بزووتنەوەكانی ئیسلامی سیاسی پێویستی بە هەندێ خاڵی دیاركراوو دیسپلین هەیە تاكو نەكەوینە بەر كارگەرییە نەرێنیەكانەوە، چونكە ساتێكی هەستیارە لە نێوان بژاردەی نیشتمان و بیروباوەری سیاسی تیرۆری بە سەلەفیكراو لەژێر پەردەی دینداریی چەواشەكاری.

لەسایەی ئەو خوێندنەوەیە پێویستیمان بەوە هەیە كە ئەوەی لە هەرێمی كوردستان دەگوزەرێت لە جووڵەو رەفتارەكانی هێزە ئیسلامیەكان تەنیا ئاژاوەنانەوەی ئۆپۆزسیۆنە كە بە هیچ شێوەیەك بەرژەوەندیی گەلی كوردستانیان لا مەبەست نییە،بە قەد ئەوەی تێكدانی رەوشەكەیە تاكو ئەوەی ئەوان بۆی هەوڵدەدەن زەمینەی بۆ سازبكەن و پرۆسەی هەڵبژاردن لەم رێگەیەوە بقۆزنەوە و خەڵكەكەی پێ چەواشە بكەن،كە دیارە ئامانجی سەرەكیشیان لەم هەوڵانەدا ئەوەیە بە خەونە نەخۆش و لاوازەكانیان دەوڵەتی مەدەنی بگەڕێننەوە بۆ سەردەمی دواكەوتن و فەلسەفەی ئەشكەوتە تاریكەكان.

لۆژیكی ئەو هەڵسوكەوتانە بە ئاشكرا پێمان دەڵێت: وریابن، دەبێ زۆر هۆشیارانە سەرنج لەو هێزانە بدەین و ئەوەش بزانین كە دیموكراسییەت و چۆنێتیی پیادەكردنی مانای ئەوە نییە كە ئازادیی رەها بدرێتە هێزە فاشییەكان هەرچەندە لەسەرەوە جۆرێك خۆیان پیشان دەدەن و لە ژێرەوەش مەبەست و مەرامی تایبەتی خۆیان هەیە،بۆیە دەبینین لە ئەوروپای خاوەن كلتووری دەوڵەمەندی دیموكراسییەت رێگەیان نەدا بە فاشی و رەگەزپەرستان بە ئارەزووی خۆیان بێنە نێو پرۆسەی دیموكراسییەتەوە تەنیا ئەوە نەبێت كە لەلایەن دامودەزگا بەرپرسەكانەوە چاودێریی ورد بكرێن و بە وریاییەوە بڕواننە رەفتارو مامەڵەكردنیان لەگەڵ رەوتی ژیان و ئامانجە سەرەكییەكانی گەلەكانیان.

هەر لەم روانگەوە سەلامەتیی رەوتی پێشكەوتن لە كوردستان ئەوە دەخوازێت كە بە وریاییەوە بڕواننە گوتاری هێزە ئیسلامییە سیاسییەكان و ئاشكراكردنی ئەو مەرام و مەبەستانەی كە لەژێر هەر پەردەیەكدا دەیشارنەوە، لێرەشدا زیاتر جەخت دەكەینەوە لەسەر ئاوڕدانەوە لەو كەسانەی كە كاری گشتی دەقۆزنەوە بۆ لێدوان لە شتێك كە خزمەت بە بزووتنەوەكانی ئیسلامی سیاسی دەكات،بۆ ئەمەش نموونە زۆرن كە چۆن ئەو هێزانەی مامەڵە لەگەڵ رەوتە توندڕۆكان دەكەن هەمیشە لە تۆقاندن و بڵاوكردنەوەی پشێوی و ئاژاوە بەردەوامن و لەم رێگەیەوە دەیانەوێ بگەنە دەسەڵات ، بەڵام لە هەرێمی كوردستان بە هۆی ئاستی بەرزی هۆشیاریی كۆمەڵگە و ئاراستەی دیموكراسییانەی دەسەڵاتی مەدەنی هەرگیز ئەم مەرامەیان بۆ نایەتەدی،بەڵام لەهەموو حاڵەتێكدا زیاتر پێویستیمان بە ئەكتیڤكردنی گوتاری رۆشنكەرەوە هەیە هەروەها ئەو مەرامە چەپەڵانە بۆ خەڵك روون بكەینەوە كە ئیسلامی سیاسی دەیەوێت بیانهێنێتەدی و بەردەوامیش ئایدیۆلۆژییەتی فاشی و پێوەندییەكانی ئەو هێزە توندڕەوانە ریسواو سەركۆنە بكەین.

*** توێژەری ئەكادیمی زانستە سیاسیەكان**

**ئەو هێزە تیرۆریستانە تەنیا لە سامانی قێزەونی سیاسی و چەكداریی تیرۆر سەرچاوەیان نەگرتووە بەڵكو زەمینەی ئەو كۆمەڵگایانەیان قۆستۆتەوە كە ئایینی ئیسلامی تێدا بڵاوبۆتەوە**

**سەلامەتیی رەوتی پێشكەوتن لە كوردستان ئەوە دەخوازێت كە بە وریاییەوە بڕواننە گوتاری هێزە ئیسلامییە سیاسییەكان و ئاشكراكردنی ئەو مەرام و مەبەستانەی كە لەژێر هەر پەردەیەكدا دەیشارنەوە**

**لە هەرێمی كوردستان بە هۆی ئاستی بەرزی هۆشیاریی كۆمەڵگە و ئاراستەی دیموكراسییانەی دەسەڵاتی مەدەنی هەرگیز ئەم مەرامەیان بۆ نایەتەدی،بەڵام لەهەموو حاڵەتێكدا زیاتر پێویستیمان بە ئەكتیڤكردنی گوتاری رۆشنكەرەوە هەیە**

**د.سامی موبیز** تۆژەری سیاسی
لە ئامۆژگای کارینجی بۆ گوڵان:

# هەڵوێستی سەرۆک بارزانی بەرامبەر کوردەکانی سوریا پیشاندانی پشتگیری کورد بوو بۆ کورد

## پەیامەکەی بارزانی مانای ئەوەبوو ئەو دەستەوەسان ناوەستێت کاتێک دەبینێت کورد لەسوریا سەردەبڕدرێت

**د.سامی موبیز تۆژەری میوانە لە ئامۆژگای بەناوبانگی کارینجی بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و توێژینەوەکانی تایبەتن لەسەر بارودۆخی سوریا و لوبنان و عێراق و کێشەی ئیسرائیل و عەرەب، هەروەها تۆژەریشە لە زانکۆی ساینت ئەندرۆز لە سکۆتلەندا، د.موبیز خۆی هاووڵاتی سوریا و سەرنووسەری یەکەمین گۆڤاری سوریایە بە زمانی ئینگلیزی کە ئەویش (فوروورد مەگەزینە)، هەروەها بەرپرسی نووسینگەی رۆژنامەی دەیلی ستاری لوبنان بووە لە دیمەشق، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای سوریا ئەم وتووێژەمان لەگەڵ د.سامی موبیز ئەنجامداوە و بەڕێز بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**



*** کێشەی سوریا لەگەڵ ئەوەی بۆتە کێشەیەکی نێودەوڵەوتی و ئێستا بارودۆخەکە بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچێت کە سوپاکەی ئەسەد ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ بکاتەوە کە پێشتر لە دەستی دابوو، لەهەمانکاتدا بارودۆخەکە تادێ خوێناوی تر دەبێت. ئایا لەم بارودۆخەدا کە خەریکە کارەساتێکی مرۆیی گەورەی لێدەکەوێتەوە، چۆن واقیعی سوریا دەخوێنرێتەوە؟**

- پێموایە ژمارەی کوژراوەکانی سوریا زۆر لەوە زیاترن کە نەتەوە یەکگرتووەکان باسی دەکات، من دڵنیام کە زیاتر لە ٢٠٠هەزار لە هەردوو لایەنی رژێم و ئۆپۆزسیۆن کوژراون، هەردوولا هەوڵدەدەن ئەم ژمارەیە کەمتر پیشان بدەن، لەبەر ئەوەی ئەگەر ژمارەی راستەقینەی کوژاروەکان دەربکەون، ئەوا ورەی شەرکەرانی هەردوولا دەڕووخێت، هەر بۆ نموونە لە حوزەیرانی ٢٠١٢ باسی ئەو کوژراوانەوەی نەکرد کە لە سوپاکەی کوژران، کە لانی کەم لەو کاتە رۆژانە ٣٠ سەرباز دەکوژران، ئەمە بێجگە لەوەی ئێمە ئاگامان لەناوی زۆربەی ئەو کەسانە نییە کە دەست بەسەر دەکرێن یان ون دەبن یان دەکوژرێن، بۆیە بارودۆخی ئێستای سوریا گەورەترین کارەساتە رووبەڕووی گەلی سوریا دەبێت، کوژرانی بەکۆمەڵ بوونی هەیە، برسێتی لە سەردەمی شەڕی جیهانی یەکەم زیاترە، بۆیە بەڕاستی کارەساتێکی مرۆیی لە سوریا روودەدات.

*** لەبەرامبەر ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە، ئۆپۆزسیۆنی سوریا بێجگە لەوەی نەیانتوانیوە خۆیان رێکبخەن، لەهەمانکاتدا بەهۆی تێکەڵاوبوونی رێکخراوی ئەلقاعیدە لەناو سوریا، جیهان ترسی هەیە کە بەتەواوەتی پشتگیری موعارەزەی سوریا بکات، ئایا بوونی سوریا بە پەناگەی رێکخراوی ئەلقاعیدە، تا چەند ئاییندەی سوریا و ناوچەکە تاریک دەکات؟**

- دوو ساڵ بەر لە ئێستا رژێمی سوریا یەکەمین لایەن بوو کە دەیوت رێکخراوی ئەلقاعیدە لە سوریا کار دەکەن، لەو کاتەدا من لەو بڕوایەدا نەبووم، بەڵام چالاکوانانی مەدەنی و ئۆپۆزسیۆن دەیانگوت ئەمە پیلانە، ئەوان بانگێشەی ئەوەیان دەکرد هیچ بوارێك بۆ رێکخراوی ئەلقاعیدە لەسوریا بوونی نییە، بەڵام ئەم قسانە بۆ سوریای ٢٠١٣ راست نین، ئێستا ئاشکرابووە کە رێکخراوی ئەلقاعیدە سوریای کردۆتە گۆڕەپانی شەڕ بۆخۆی، بۆیە ئەمەش راستیەکی قورسە کە رژێمی ئەسەد و ئۆپۆزسیۆن و خاوەنی بەرژەوەندییەکان لەسوریا دانی پێدابنێن، لەمەش زیاتر رێکخراوی ئەلقاعیدە خۆی بە ئاشکرا بەرێگەی ئەیمەن زەواهیری رایگەیاندووە کە ئێستا ئەوان لەسوریا بوونیان هەیە و ئەوەی نوێنەرایەتی ئەلقاعیدەش دەکات ئەبو محەمەدی بەغدادییە، سەرۆکی لقی ئەلقاعیدەیە لە عێراقدا، ئەمەش بە بۆچوونی من کارێکی سروشتیە لەبەر ئەوەی کاتێك ئەم کێشەیە درێژەی کێشا، ئەوا ژینگەی سوریا بۆتە شوێنێکی سەرنجراکێش بۆ هەموو توندڕۆکان، لەم بارودۆخەدا دوای بێدەنگبوونی چەکەکان دەتوانرێت جیهادییەکانی سوریا تێکەڵی کۆمەڵگە بکرێنەوە، بەڵام کێشەی سەرەکی ئەو تیرۆریستانەن کە لەدەرەوە هاتوونە ناو سوریا، من نازانم ژمارەی ئەو خەڵکانە چەندن، خەڵکانێك دەڵێن بە ژمارە زۆر نین، بەڵام ئەو تیرۆریستانەن کە زۆر باش مەشقدراون لەناو گرووپە چەکدارەکاندا، بەڵام بە تەنها گەیشتن بە چارەسەرێك ئەوجا چارەسەری جنێف ٢ بێت یان چارەسەرێکی دیکە، ئەوانە لەسوریا جێگەیان نابێتەوە، لەبەر ئەوەی سوریا هەموو کات شوێنی میانڕۆیی و پێکەوەژیان بووە، ئەم نەریتەش لەسوریا رەگێکی مێژوویی هەیە، بۆیە ئەوەی ئێستا لە سوریا روودەدات، حاڵەتێکی کاتیەو بەردەوامی نابێت.

*** لەم بارودۆخەدا کە کوردی سوریا ناوچەیەکی ئازاد کردووە، ئێستا لەلایەن رێکخراوی جەبهەی ئەلنوسرەوە هێرش دەکرێتە سەر کوردەکان، بەپێی هەواڵەکان رێکخراوی جەبهەی ئەلنوسرە، ئێستا کۆمەڵکوژی کورد دەکات و ژن و منداڵ دەکوژێت. پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە بۆچی لەم قۆناخە لەبری ئەوەی سوود لە هێزی کورد وەربگیرێت، هەوڵدەدرێت کورد جینۆساید بکرێت؟**

- شەڕەکانی ئەم دواییەی نێوان جەبهەی ئەلنوسرە و کوردەکانی سوریا زۆر بە کوتوپڕی سەرنجی هەموو جیهانی بۆلای خۆی راکێشا، بێگومان ئەم شەڕانەش تازە نین لەهەندێك کاتدا دووبارە دەبنەوە، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە توندڕۆکانی ناو ئۆپۆزسیۆنی سوریا زۆر توڕەن لەکورد، لەبەر ئەوەی کوردەکان لە دەسپێکی راپەڕینەکانی ساڵی ٢٠١١ـەوە زۆر میانڕەو بوون، ئەو توندڕۆیانە مەزندەی ئەوەیان دەکرد گەورەترین و سەخترین شەڕی رژێم لەگەڵ کوردەکان دەبێت لەبەر ئەوەی کورد رقێکی لەمێژینەی بەرامبەر بەعسی سوریا هەیە، بەڵام کورد لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن بەتەواوەتی هاریکاری نەکرد، نەیانویست ببنە بەشێك لەهیچ گرووپێك کە تورکیا پشتگیری لێ بکات، بۆیە دەبوو لەمێژووی ئەم بۆچوونە تێبگەن، لەبەر ئەوەی کورد مافەکانی خۆی لەبەر چاو بوو وەك ئۆتۆنۆمی، زمان، خوێندن، کەلتور، لای ئەوان ئەم مافانە گرنگتربوون نەك بەشداریکردن لە پرۆسەیەکدا کە هیچی بۆ ئەوان دیار نییە، بۆیە کوردەکان توانیان لە پارێزگاکانی باکووری رۆژهەڵات هەرێمێك بۆ خۆیان دابین بکەن، ئیسلامیەکان ئەم واقیعەیان پێ خۆش نەبوو، لەبەر ئەوەی ئەم هەرێمە لەباکووری رۆژهەڵاتی سوریا وایدەکرد لە باکوور رووبەڕووی سوپای سوریای ئازاد ببنەوە، سەرەنجامیش لەسەر ئاستی رەهەندی دوورمەودا سوپای ئازاد شەڕەکەی دەبردەوە، بۆیە ئیسلامیەکان

**شەڕەکانی نێوان جەبهەی ئەلنەسرەو کوردەکانی سوریا تازەنین و توندڕەوەکانی ناو ئۆپۆزسیۆنی سوریا زۆر توڕەن لەکوردو ئەو واقیعەیان پێ خۆش نییە کە هەرێمێکیان بۆ خۆیان هەبێت**

**بە کوژرانی ٢٠٠ هەزار کەس لە هەردوو لای رژێم و ئۆپۆزسیۆن بارودۆخەکە لەسوریا بەرەو کارەساتێکی مرۆیی چووە**

**رێکخراوی ئەلقاعیدە لە رێگەی ئەیمەن زەواهیرییەوە رایگەیاند کە ئەوان لە رێگای محەمەد بەغدادی سەرۆکی لقی ئەلقاعیدە لە عێراق لەسوریا بوونیان هەیە**

**پەیامی بارزانی بەرامبەر کۆمەڵکوژی کورد لە سوریا خاڵی وەرچەرخانە بەوەی کورد لایەنی کورد دەگرێت و هەنگاو بەرەو پراکتیک هەڵدەگرێت**

**عەرەبە قەومیەکانی سوریا نایانەوێت ئەو سنورانەی سوریا گۆڕانکاری بەسەردا بێت بە پێچەوانەی کوردەکانەوە کە ئێستا داوای مافی بەڕێوەبردن و لێکهەڵوەشانەوەی سنورێک دەکەن کە تەنیا تەمەنی ١٠٠ ساڵێکە**

هەستیان کرد کە لەلایەن کوردەوە پەراوێز خراون، لەهەمانکاتدا کوردەکانیش بەوجۆرە سەیری ئیسلامیەکانیان دەکرد، ئەو راپەڕینەی کە لە مارتی ٢٠١١ لە سوریا دەستی پێکردووە، ئیسلامیەکان پرانسیپەکانیان ونکردووە و تێکیانداوە، سەرەنجامیش ئەو کارەی ئیسلامیەکان دەبێتە هۆکاری مانەوەی زیاتری رژێمەکەی ئەسەد، سەرەنجامیش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دوای ئەوەی تەیارە ئیسلامیەکان بە بەهێزی لەناو ئۆپۆزسیۆنی سوریا دەرکەوتن، چاویان بە کۆمەکەکانیاندا کێشایەوە.

*** بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە ئێستا سەرقاڵی گرێدانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردە لە هەولێر، سەبارەت بە کۆمەڵکوژی کورد لە سوریا داوای لە کۆنگرەی نەتەوەیی کردووە شاندێك بنێرین بۆ سوریا بۆ ئەوەی لەنزیکەوە ئاماری ئەو کۆمەڵکوژییە بزانن کە رێکخراوی ئەلقاعیدە دژ بە کوردی سوریای کردووە، ئەگەر لە ئاکامی لێکۆڵینەوە دەرکەوت کورد کۆمەڵکوژ کراوە، ئایا تاچەند کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیری لە کورد دەکات بۆ ئەوەی ئەو کۆمەڵکوژییە رابگرێت؟**

- سەرۆك بارزانی زۆر بە بەهێزی و بە بایەخەوە دوای چەند رۆژێکی کەم لەسەر ئەم پرسە هاتە وەڵام و رایگەیاند ئەو دەستە وەستان راناوەستێت لە کاتێکدا ببینێت لە سوریا کورد سەردەبڕن، بۆیە ئامادەباشی خۆی پیشاندا هەرچی لەدەستی بێت بۆ ئەو مەبەستە دەیخاتە گەڕ، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم پەیامەی بارزانی خاڵی وەرچەرخانە، بەسادەیی کورد لایەنی کورد دەگرێت و هەنگاو بۆ پراکتیك هەڵدەگرێت و شان دەداتە بەر هەموو مەترسیەك بۆ پاراستنی برا کوردەکانی، ئەمەش تەنها رێگە بووە بەدرێژای مێژوو، بۆ کورد ئەمە فرسەتی تەمەنە، بۆیە ئەگەر ئەم فرسەتە نەقۆزنەوە ئەوا جارێکی دیکە ئەم فرسەتەیان بۆ هەڵناکەوێتەوە. بەڵام هەوڵدان بۆ دەستێوەردان یان هەنگاوێکی لەو جۆرەی بارزانی بۆ پارێزگاریکردن لەکوردی سوریا، ئەوا پێویستی بە رەزامەندی سورییەکان و تورکەکان و عێراقیەکان هەیە، هەروەها گومانی تێدانییە پێویستی بە رەزامەندی ئەمریکاش هەیە، بۆ ئەوەی رێگە بدەن کێ دەستێوەردان دەکات؟ لەسەر چ بنەمایەکی یاسایی، لەڕووی یاساییەوە ئەوا ئەمە پێدەگوترێت شەڕکردن، هەتا ئێستا ئەوەی پەیوەندی بە کوردستانی سوریاوە هەیە، ئەوەیە بەپێی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمکاری عەرەبی بەشێکە لە کۆماری سوریا.

*** پاراستنی ئەو ناوچانەی ئێستا کورد لە سوریا بەڕێوەی دەبات، بۆ ئایندەی سوریا گرنگە، ئایا تاچەند گرنگە پرۆسەیەکی هاوشێوەی پرۆسەی پرۆڤاید کۆمفۆرتە کە لە ساڵانی ١٩٩٠ بۆ کوردەکانی عێراق دروستکرا، بۆ کوردەکانی سوریاش لە ئێستا دروست بکرێت؟**

- زۆر باشە، بەڵام لە رێگەی ساڵح موسلیمی هاوسەرۆکی پەیەدەوە، پشتگیری لەلایەن ئێران و تورکیا بۆ بۆچوونی کوردەکانی سوریا پیشاندراوە، هەتا ئێستاش رژێمی سوریا بێدەنگە، نە پشتگیری نە رێگری پیشان نەداوە بۆ دامەزراندنی هەرێمی رۆژئاوای کوردستان کە پایتەختەکەی قامیشل بێت، بەڵام من وای دەبینم تورکیا هەرگیز رێگە بەوە نادات لە هیچ کاتێکدا، ئەوەی سەبارەت بە فیدرالی و دیموکراتی سوریا لە جیهاندا بڵاودەبێتەوە مایەی گاڵتەجارییە، لەبەر ئەوەی ئەم مەسەلەیە دەبێتە هۆکاری زیاتری هەستی کوردەکانی تورکیا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وتووێژەکانی نێوان پەیەدە و تورکیا زۆر گرنگە، ئەویش لەبەر دوو هۆ: یەکەمیان وتووێژەکان ئاشکران، دووەمیش لەبەر ئەوەی داوەتی رەسمیە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی تورکیاوە، ئەمە لەکاتێکدا پێشتر ئەم جۆرە وتووێژانە بەرێگەی نهێنی و لە کەناڵەکانی هەواڵگری و ئاسایشەوە بەرێوەدەچوو، هەروەها ئەگەر حکومەتی تورکیا بە وتووێژ لەگەڵ پەکەکە بگەنە رێککەوتن ئەمە واتە جارێکی دیکە مێژوو دروست دەکاتەوە، ئەوجا تاچەند لەسەر ئەم پرسە جددی دەبێت، ئەوەیان مسەلەیەکی دیکەیە.

*** ئەوەی بەڕێزت ئاماژەت پێکرد بارێکی واقیعیە، بەڵام ئێستا باس بە گۆڕینی سنور دەکرێت، یان بەشێوەیەکی دیکە باس لەوە دەکرێت پێکهاتەکانی سوریا ناتوانن پێکەوە بژین، ئایا تۆ چۆن ئەم لایەنە دەخوێنیتەوە؟**

- پێشتر داواکاری کوردەکانی سوریا وەرگرتنی پەساپۆرت و مافی کەلتوری و زمان بوو، نەك مافی خۆبەڕێوەبردن، بەڵام ئێستا بیروبۆچوونی ئەو خەڵکە پێشکەوتووە، هەروەها پرۆژە و بیرکردنەوەکانیش گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە بەتایبەتی دوای ئەوەی دەوڵەتی سوریا لەبەشی باکوری رۆژهەڵات لەبەریەك هەڵوەشا، ئەو سنورانە تەمەنیان لە ١٠٠ ساڵ کەمترە، لەمێژووی مرۆڤایەتیشدا ١٠٠ پشتی پێنابەسترێت، بۆیە ئەو سنورانە دەستکردن و لەلایەن فەرەنسی و بەریتانیەکانەوە بەسەر هەموو لایەکدا کورد و عەرەب فەرز کراون، بەڵام عەرەبە قەومیەکانی سوریا نایانەوێت ئەو سنورانە گۆڕانکارییان بەسەردا بێت و دەیانەوێت سوریا بەیەکپارچەیی بمێنێتەوە، من دڵنیانیم لەوەی لە ماوەیەکی کورتدا ئەو سنورانە گۆڕانکاریان بەسەردا بێت، هەتا ئێستا خوێنێکی زۆر رژاوە، ئێستا بارودۆخەکە بەوجۆرەیە کە جارێکی دیکە تائیفەی عەلەوییەکان تەرتوس لەگەڵ ئیسلامیەکانی ئەدلەب پێکەوە بژین، کریستیانەکانی حەلەب ناتوانن لەگەڵ ئوسولیەکانی جسر الشغور پێکەوە بژین، کوردی حەسەکە ناتوانیت لەگەڵ ئیسلامیەکانی جەبەلزاویە پێکەوە بژین،



**کوردەکانی سوریا وای دەبینن ئیسلامییەکان پرەنسیپەکانی ئەو راپەڕینەی لەمارتی ٢٠١١ لەو وڵاتە دەستی پێکرد ونیانکردووەو تێکیانداوە**

بۆیــە کورد ئەم بارودۆخەی بەکارهێنا و بەو ئاراســتەیە هەنگاو هەڵدەگرێت کە لەگــەڵ بەرژوەندییەکانی خۆی دەگونجێت

*** تـــۆ ئاماژەت بەوەکرد کە مەرج نییە ئەو ســـنورانە لە ئاییندەیەکـــی نزیکدا گۆڕانکاری بەســـەردا بێت، بەڵام ئەگـــەر گریمانەی ئەوە بکەین رژێمی ئەســـەد پێشـــتر بڕووخێت، ئایا تاچەند ئۆپۆزسیۆنی سوریا ئامادە دەبێت پابەند بێت بە مافی پێکهاتەکانەوە؟**

- ئۆپۆزسیۆنی سوریا لەسەر کاغەز پابەندە بەو بەڵێنانە، بەڵام ئـــەوە زۆر زەحمەتە بزانین ئـــەو دوولایەنە(رژێمی ئەسەد و ئۆپۆزســـیۆن) کامیان سەرکەتوو دەبێت، بەپێی ئەم شەڕە سەربازییەی ئێستا و ئەو پشتگیریەی رۆژئاوا دەیکات رژێمی ئەســـەد بەوجۆرە ناڕووخێت، ئێستا دوای هەموو شتێك رژێمی ئەسەد توانیوویەتی ٪٤٥ی وڵاتەکە لەبەشی باشـــوور کۆنترۆڵ بکاتەوە کە ٪٦٠ دانیشتوانی سوریا لەخۆی دەگرێت، شـــاری حەمس دووبارە لەلایەن رژێمی ســـوریاوە کۆنترۆڵکراوەتەوە، دیمەشق و تەرتوس و لازقیە هەتا ئێســـتاش بەهێزترین پێگەی رژێمی ئەسەدن، بەهەمان شێوە دەوروبەری دیمەشق کە کەس باسی ناکات، ئێســـتا شـــەڕ بەردەوامە لەو ناوچانە و رژێمی ئەســـەد فرسەتی بۆ هەڵکەوتووە ئەو ناوچانەش بگرێتەوە، لایەنی ئێرانی بە باری ئێستا دڵخۆشن، لەبەر ئەوەی ئەمە مانای ئەوەیە رێگەی خێرای نێوان دیمەشق و بیروت سەلامەتە، هەروەها رووســـەکانیش پێیان خۆشە کە رژێم زیندوبۆتەوە و بنکە سەربازییەکانی لە دیمەشق و تەرتوس سەلامەتن، هەروەها ئیسرائیلیش هەرگیز بوار نادات کە ئیسلامیەکان لەســـەر سنوری نێوان ئیسرائیل و ســـوریا بونیان هەبێت، بۆیە ئیســـرائیل دەڵێت ئەگەر دەوڵەتێك بەهێز بێت چەکی کیمیایی هەبێت ئاساییە، بەڵام ئەگەر لاواز بێت جێگەی مەترسیە، بۆیە بەلای ئیسرائیلەوە قەت رێگە بەوە نادات ئیســـلامیەکان بگەنە دەســـەڵات و ببنە خـــاوەن چەکی کیمیایی، بۆ روسیا و ئیرانیەکانیش لایان گرنگە کێ لە دەرعا و ئەدلەب حکومڕانی دەکات، ئەمریکیەکان چەندین جار ئەوەیان دووبارەکردۆتەوە بەوەی ئەوان دەیانەوێت ئەسەد لەدەسەڵات نەمێنێت، بەڵام هیچ نەخشەیەکیان بۆ لابردنی ئەســـەد نییە، بۆ پشتگیری روسەکان بۆ مانەوەی ئەسەد لە هەوڵدانی ئەمریکا بۆ دوورخستنەوەی جددی ترە، زۆر لە ئۆپۆزســـیۆن پێی وابوو کە رژێمی ئەسەد لەماوەیەکی کورتدا دەڕووخێت، بەڵام دەرکەوت کە هیچ رژێمێك بە ١٨ رۆژ ناڕووخێت و رووخانی حوســـنی موبارەك حاڵەتێکی تایبەتـــی بوو، بۆیـــە بیرکردنەوە لەســـوریا لە روانگەی میسرەوە بێجگە لەوەهمێك شتێکی دیکە نییە، بارودۆخی لیبیاش بەهەمان شـــێوە بوو پێیان وابوو دەڕووخێت، بەڵام هەتا ناتۆ دەستێوەردانی نەکرد، نەڕووخا.

**کورد لەسوریا مافەکانی خۆی لەبەرچاوە وەک ئۆتۆنۆمی نەک بەشداریکردن لە پرۆسەیەکدا کە هیچی بۆ ئەوان دیار نییە**